# پێشوەچوونە میدیاییەکان

ڕۆژنامە، کولتوور، کتێب و
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

# پێشوەچوونە میدیاییەکان

رۆژنامە، کولتوور، کتێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان


وەرگێڕان و ڕێداکتەکردنی لە سوێدییەوە:

سیاوەش گۆدەرزی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

پێشوەچوونە میدیاییەکان
وەرگێڕان و ڕێداکتەکردنی لە سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٥٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٥ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-20-1

پێڕست


لە باتیی پێشەکی ........ 7

بەشی یەکەم: میدیا و پارە: تەنگژەی ڕۆژنامەی سەرکاغەز ........ 13
سەرەتا ........ 15
کێشەی میدیا و پرسی ڕۆژنامەکان ........ 16
نرخی ڕێکلام دینامیکی ........ 23
ئەی خاوەن میدیا زلەکانی تر چ دەڵێن؟ ........ 26
مەزەندەکانی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن ........ 31
ماڵی میدیا ........ 33
بۆ ڕزگاری لەم تەنگژە، پێویستمان بە نوستالژی نییە ........ 35
چاوخشاندنێک بەر سەر بارودۆخی ڕۆژنامە لە ئەمەریکا ........ 42
پاشکۆی تایبەت بە بەشی یەکەم ........ 46

بەشی دووەم: میدیا و پارە: کولتوور و ڕۆژنامە، کولتوور و پارە ........ 49
سەرەتا ........ 51
ڕۆژنامەوانی کولتووریی بازاڕێکی بەسوود ........ 53
ڕۆژنامەوانی کولتووری و پارە لە ڕوانگەی چوار سەرنووسیاری سوێدییەوە ........ 57
بیرکردنەوە بە پارە ........ 66
تەنگژە، کامە تەنگژە؟ ........ 71

بەشی سێیەم: کتێبی دیجیتاڵ و پێشوەچوونەکان لە بازاڕی کتێبدا ........ 75
سەرەتا ........ 77
لە گوتێنبەرگەوە بۆ ئایپاد ........ 79
بازاڕی ئێستای کتێبی دیجیتاڵ ........ 91
کتێبخانەکانی سوێد و کێشەی کتێبی دیجیتاڵ ........ 95
بۆچی کتێبی دیجیتاڵ لە ئەمەریکا بازاڕی هەیە و لە سوێد نیەتی؟ ........ 99

پرۆژەی گەورە بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان لە سوێد ..... 102
ئەو کاتەی کتێب لە بەردەم ئاڵوگۆڕدایە ..... 105
ئامارە میدیاییە نوێیەکان لە سوێد ..... 108
گووگڵ دەیەوێ هەموو بازاڕی کتێب بخاتە دەستی خۆی ..... 110
مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەلای کێیە؟ ..... 112
کتێبە دیجیتاڵییەکان و پرسی کتێبخانەکان ..... 115

بەشی چوارەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ..... 119
سەرەتا ..... 121
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەربیجەیەک ..... 127
زانیاریی پەروەردەیی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ..... 130
١- بلۆگ ..... 133
٢- فەیسبووک ..... 139
٣- تویتر ..... 142
٤- یوتیوب ..... 145
ئامارەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ دەڵێن؟ ..... 149
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی دەنگوباس ..... 154
بەهاری عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ..... 157
چەند لایەنی نەرێنی لەلای فەیسبووک ..... 159
پاشکۆ: ئینتەرنێتی کوردی و دیاردەی ناوچەگەری ..... 161
بەهاری عەرەبی لە کۆمپیوتەرە سوێدییەکانەوە ..... 165
چەند لایەنی نەرێنی لەلای فەیسبووک ..... 169
فەیسبووک هۆکاری جیابوونەوەی ژن و مێرد ..... 173
پاشکۆی بەشی چوارەم ..... 175

## له باتیی پێشه‌کی

له‌سه‌ر ناوه‌ڕۆکی ئه‌م کتێبه‌:

له‌م ساڵانه‌ی دواییدا ترس و دڵه‌ڕاوکه‌ باڵی به‌سه‌ر داهاتووی هه‌موو ڕۆژنامه‌کانی سه‌رکاغه‌ز له‌ ئه‌وروپا و ئه‌مه‌ریکا کێشاوه‌. له‌لایه‌ک ڕۆژنامه‌ ئاساییه‌کان به‌هۆی نه‌فرۆشران و ته‌نگژه‌ی پاره‌ و که‌مداهاتی تیراژه‌کانی خۆیان دابه‌زاندووه‌ و له‌لایه‌کی تره‌وه‌ ڕۆژنامه‌ خۆڕاییه‌کان و به‌تایبه‌ت ڕۆژنامه‌کانی سه‌ر ئینته‌رنێت له‌ په‌ره‌ئه‌ستاندان و ڕۆژ له‌گه‌ڵ ڕۆژ هه‌ژماری زێده‌تری خوێنه‌ران بۆ لای خۆیان ڕاده‌کێشن. پێشوه‌چوونه‌کان له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌کاندا زۆر خێرا ده‌چنه‌ پێش. له‌ ساڵی ٢٠١٠ به‌دواوه‌ ١٢٠ ڕۆژنامه‌ی سه‌رکاغه‌ز له‌ ئه‌مه‌ریکا له‌ بڵاوبوونه‌وه‌ وه‌ستاون و نزیک به‌ ٢٠ هه‌زار ڕۆژنامه‌وان کاره‌کانیان له‌ کیس داوه‌ یان مه‌ترسیی ئه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌سه‌ر کار ده‌ربکرێن.

وه‌ک چاره‌سه‌رییه‌ک بۆ ئه‌م بارودۆخه‌ شپرێوه‌ ژماره‌یه‌ک له‌ ڕۆژنامه‌کان خۆیان به‌ شه‌ریکه‌ی جۆره‌وجۆر فرۆشتووه‌. وه‌ک نموونه‌ له‌ سوێد ساڵی ٢٠٠٩ ڕۆژنامه‌ی ڤێستێربۆتێن کوریره‌ن له‌لایه‌ن شه‌ریکه‌یه‌کی خانووبه‌ره‌وه‌ به‌ناوی گرووپی باڵتیکۆم کڕدراوه‌. له‌ بارودۆخێکی وادا که‌ ڕۆژنامه‌یه‌ک که‌ بۆ مانه‌وه‌ ده‌ست له‌گه‌ڵ شه‌ریکه‌ی خانووبه‌ره‌ و گه‌وره‌ سه‌رمایه‌داراندا تێکه‌ڵ ده‌کا و ده‌بێته‌ خاوه‌نی قوتابخانه‌، زانکۆ و نه‌خۆشخانه‌، ئه‌و پرسیاره‌ دێته‌ گۆڕێ ئه‌ی چۆن هه‌مان ڕۆژنامه‌ له‌سه‌ر پرس و کێشه‌کانی په‌روه‌رده‌، ته‌ندروستی و پرسه‌کانی تری کۆمه‌ڵگه‌ بنووسێ و بێلایه‌نیی خۆی بپارێزێ؟.

خاوه‌ن ئیمتیاز، سه‌رنووسیار و ڕۆژنامه‌وانان به‌ گشتی ئێستا له‌ شرۆڤه‌

و تاوتوێکردنی ئەم تەنگژانەن کە بەرۆکی جیهانی ڕۆژنامەنووسی گرتووە. لە دەسپێکی ئەم کتێبەدا بیروڕای جیاواز، ڕوانگەی چەپ و ڕاست لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوان خۆیانەوە لەسەر تەنگژەی هەنووکەی بەتایبەتی ڕۆژنامەی ئاسایی یان وەک دەگوترێ ڕۆژنامەی سەرکاغەز دەکەوێتە بەرباس.

***

پرسێکی تری دیسان گرێدراو بە تەنگژەی ڕۆژنامەوانی، کێشەی کولتوور و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور لە ڕۆژنامەکاندایە. ڕۆژنامەوانی کولتووری لەم ساڵانەی دواییدا هەم بە بەری باشیدا و هەم بە بەری خراپیدا کەوتووەتە بەر گۆڕان و ئەمەش ئێستا مژارێکی جێگەی باسی کەسایەتییە کولتووری و ڕۆژنامەکانە لە ڕۆئاوا. لایەنی ئەرێنی ئەوەیە کە قەت وەک ئێستا هیچ جارێک کولتوور ئەوەندە نەکەوتووەتە بەر سەرنجی میدیاکان و وەک لایەنی نێگەتیڤ و ئەرێنیش ئێستا کولتوور بە زۆری لە چوارچێوەی پارە و قازانج و بەرژەوەندییە مادییەکاندا پێوانە دەکرێ. بە کورتی گرینگی بەو کولتوورە دەدرێ کە پارەی تێدایە، نەک کولتوورێک بۆ ساقی و سەلامەتیی کۆمەڵگە گرینگیی ژیانی هەیە.

بۆ نموونە لەلایەن ژمارەیەک ڕۆژنامەوانی چەپی سوێدی پرسی کولتووری و داشکانی پارە بۆ بەشی کولتووریی ڕۆژنامەکان بە تەنگژەی ئابووری بەگشتی و داشکاندنی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتی ڕاستاژۆی سوێدییەوە گرێ دەدرێ. ڕۆژنامەوانگەلێکی تر لەو باوەڕەدان ئەوە تەنیا کولتووری ڕۆژنامەوانی نییە کە کەوتووەتە نێو تەنگژە بگرە زۆربەی ئەنیستیتۆ کولتوورییەکان لەژێر پاڵەپەستۆیەکی وا قووڵی ئابووریدان کە مەترسیی ئەوە هەیە بە یەکجاری لێک هەڵوەشێن.

لەم کتێبەدا بە قووڵی سەرنج دراوەتە پرسی کولتووری لە ڕۆژنامەوانیی

کولتووری لە میدیاکان و لە ڕوانگەی چەند لێکۆڵەرەوەیەکەوە ئەم کێشەیە شیتەڵ کراوە.

***

کتێبی دیجیتاڵ و پێشوەچوونەکان لە بازاڕی کتێبدا بە گشتی لە ڕۆئاوا تەوەرەیەکی ترە لەم کتێبەدا. ئێستا ئیتر کتێب بە شێوازی نەریتی خۆی تەنیا لەسەر کاغەز بڵاو نابێتەوە بگرە وەک تێکست و وێنە بەشێوەی دیجیتاڵ بڵاو دەبێتەوە، یان بە دەنگ گوێیان لێ دەگیردرێ یان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، تەختەی خوێندنەوە یان مۆبایل تەلەفۆنەکان دەخوێندرێنەوە. ئێستا لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کتێبەکان بە دوو شێوازی دیجیتاڵ و لە سەرکاغەز بڵاو دەبنەوە ژمارەیەک کتێب هەن کە هەر لە بنەڕەتدا بە شێوەی دیجیتاڵ بڵاو دەبنەوە و نموونەی سەرکاغەزی ئەوان لە بازاڕدا نییە.

کتێبە دیجیتاڵییەکان لە زۆر بارەوە لەگەڵ کتێبە ئاساییەکان جیاوازییان هەیە. ئێستا تەنانەت ئەزموونێکی تری خوێندنەوە لە کتێبە دیجیتاڵییەکان هەیە. لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی دیجیتاڵدا هاوکات خوێنەر بە نووسینی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانی لەسەر کتێبەکە ڕاستەوخۆ بەشداری دەکا. ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی کتێب خوێندنەوە کە قەت لە ڕابردوودا لە مێژووی کتێبدا وێنەی نەبووە. کتێبی دیجیتاڵ تەنیا کتێبێکی ئاسایی نییە بگرە خزمەتێکی ئەلیکترۆنییە کە خوێنەر خۆی لەگەڵ گرێ دەدا. لێرەدا ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە جیهانی کتێبدا ڕووی داوە. تەکنیکی چاپ ٤٠٠ ساڵی خایاند کە باندۆر و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و تێڕوانینی ئێمەی خوێنەر دابنێ بەڵام وادیارە تەکنیکی ئینتەرنێت تەنیا لە ماوەی ٢٠ ساڵدا دەیەوێ ببێتە بەشێک لە ژیانی کولتووری ئێمە.

لەگەڵ ئەمەش، کتێبی دیجیتاڵ دوو پرسی لەگەڵ خۆی هێناوە، لەلایەک

کتێبە دیجیتاڵییەکان بەهەرزان و بە ئاسانی و لە چەند چرکەیەکدا بەکرتەکردنێک لەسەر کۆمپیوتەر وەدەستی خوێنەران دەکەون بەڵام لەلایەکی ترەوە نووسەران لە کتێبە دیجیتاڵییەکان زەرەرمەند بوون و قازانجێکی وایان دەست ناکەوێ. ئەم پرسانە و زۆر پرسی تر و بەتایبەتی کێشەی کتێبی دیجیتاڵ لە کتێبخانەکانی سوێددا لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا دەکەوێتە بەر لێکدانەوە و لێ وردبوونەوەی نووسەر، پسپۆڕانی کتێب و کتێبخانە لە سوێد.

***

لە بەشی کۆتاییی ئەم کتێبەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونە بەر تیشکی ڕوونکردنەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا یەکێک لە پاڵێوراوانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ بوون. ئەمە بەو مانایەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەک تەنیا لە ڕۆئاوا بگرە لە هەموو جیهان و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیشدا یەکێک لە دیاردە هەرە گرینگ و بەرچاوەکانی بواری پێشوەچوونە میدیاییەکانن. ئیمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو چالاکییانە وەبەر دەگرن کە لەودا مرۆڤەکان بەبێ جیاوازیی سنوور و جوگرافیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە دەوری یەکتری کۆ بوونەتەوە و لە نێوان یەکتریدا ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکەن. هەر ئێستا لە هەر ٥ گەنج ٤ کەس لە ئەوروپا لە ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرن و لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. یانێ ڕێژەی ٨٠٪ ی گەنجانی لە نێوان تەمەنی ١٦ هەتا ٢٤ ساڵاندا.

فەیسبووک لەم نێوەدا یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە هەرە گەورەکانە کە زیاتر لە ٥٠٠ میلیۆن کەس لە پانتاییی جیهاندا کەڵکی لێ وەردەگرن. نەک تەنیا خەڵکی ئاسایی بگرە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێگەی سەرنجی سیاسەتوانانیشە. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەرێمی سوێد لە ساڵی ٢٠١٠دا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی بلۆگەکان و فەیسبووک

بوون بە شوێنی سەرنج ڕاکێشانی دەنگدەران لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا سەرچاوەی دەنگوباس بۆ خەڵکی ئاسایی نین بگرە خودی ڕۆژنامەوانان و ئاژانسە هەواڵنێرییە بەناوبانگەکانیش وەک سەرچاوەی هەواڵ کەڵکی لێ وەردەگرن. هاوکات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە بەهاری عەرەبیدا گێڕا. ڕاستە سەرچاوەی شۆڕش و سەرهەڵدان خودی خەڵکی بوون بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک کەرەستەیەکی کاریگەر شۆڕش و سەرهەڵدانیان لە وڵاتانی عەرەبیدا خێراتر کرد.

دیارە لەم بەشەدا تەنیا باسی لایەنی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێ بگرە لایەنی نەرێنیی ئەوانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەخرێتە بەرباس؛ بۆ نموونە ڕوانگەیەک هەیە کە دەبێژێ: "تۆ خاوەنی خۆت نیت فەیسبووک خاوەنی تۆیە". لێرەدا باسی گرێبەستی نێوان فەیسبووک و کاربەرانی فەیسبووک دەکرێ کە لەودا کاربەران هەموو مافی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان و نهێنییەکانیان بۆ هەتاهەتایە ڕەنگە بەبێ ئەوەی بۆ خۆشیان بزانن یان سەرنجیان دابێتە گرێبەستەکە بە شەریکەی گووگڵی ئەمەریکایی لە باتیی کەڵک وەرگرتن لە فەیسبووک فرۆشتووە.

ئەم پرسانە بەگشتی لە بەشی چوارەم و کۆتاییی ئەم کتێبەدا دەکەونە بەر سەرنج.

***

وەک وتەی کۆتایی، ڕەنگە ئەو پێشوەچوونانەی لە میدیا بەگشتی و کتێب و ڕۆژنامە بەتایبەتی لە ئەورووپا و ئەمەریکا ڕوویان داوە یان خەریکن ڕوو بدەن، هێشتا لە کوردستان بە زەقی وەبەرچاو نەکەوتبن. بەڵام وەرگێڕانی ئەم بابەت و وتارانە و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی کتێبێکدا بەتایبەتی بۆ

ڕۆژنامەوانان، سەرنووسیاران و خاوەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە کوردستان دەتوانێ ورووژێنەری کۆمەڵێک پرسیار بێت. ئەو پرسانەی کە هەر ئێستا نووسەر، ڕۆژنامەوان و خاوەن چاپخانە و کتێبخانەکان بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە داهاتووی کتێب و ڕۆژنامە لە کوردستان دەیخەنە ڕۆژەڤی پڕۆژە داهاتووەکانی خۆیان.

سیاوەش گۆدەرزی

بەشی یەکەم

# میدیا و پارە
# قەیرانی ڕۆژنامەی سەر کاغەز

## سەرەتا

ڕۆژنامـەکـان ئیـتـر ناتوانن خـۆیان بژێنن یـان وەک دەگوترێ خـۆیان فـینانسـە بکەن. لە کـوێ پارە پەیدا بکەن؟ ئەمــە ســەردێری کـۆنفـرانسـێک بوو کـە بە بەشـداریی ٢٠٠ ســەرنووسـیـار و بڵاوکـەرەوەی ڕۆژنـامـە و کـۆوار لە باکـوری ئـەورووپـا لـە ڕۆژی ٢٨ی ئـەیـلـوولـی ٢٠١١، لـە هـۆتـێـل پـلازای ئۆسـلـۆ بـەڕێـوە چوو. کۆنفـرانسـێکی دوو ڕۆژە تەنیـا بۆ وەڵامـدانەوە بە پرسـیـارێک؛ لە کـوێ پارە بۆ ڕۆژنامــەکـانمـان پـەیدا بکەین؟ ئیــمـڕۆ ترس و شـڵـەژان باڵی بـەسـەر داهـاتووی ڕۆژنامەکـاندا کێشاوە. ئاخـۆ بەو کێشـەیەی بێ پارەیی و لە کەمی دانی داهـاتەکـان کە ئـێـسـتـا بـەرۆکی ڕۆژنامەکـانی گـرتووە، ئەوان دەتوانن لە داهـاتوودا وەک ڕابردوو درێژە بە بڵاوکـردنەوە بدەن. هـەر لە ئێـسـتـاوە زۆر لە ڕۆژنامـەکـان سـتۆپـەکـانیان ڕاکێشاوە؛ تیـراژەکـانیـان کـەم کـردووەتەوە و بەو پێیەش ڕۆژنامەوانان لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن.

٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١١

## کێشەی میدیا و پرسی ڕۆژنامەکان

٢٨ی ئەیلوول ٢٠١١

ئۆسلۆ، نەرویج



ڕۆبێرت ڕوود لێکۆڵەرەوەی میدیا یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانس بوو. بۆ ناوبراو کێشەی میدیا و پرسی ڕۆژنامەکان هەواڵێکی دڵتەزێن نەبوو بە پێچەوانە دڵخۆشکەرە، لەبەرئەوەی بازاڕی ئەوان لەم کاتانەدا زۆر گەرمتر دەبێ. ئیمڕۆ شەریکە میدیاییەکان نازانن لە سەر کامە لاق ڕاوەستن. هەموو تێکڕا داوای لێکۆڵینەوە دەکەن، دەیانەوێ بزانن بازاڕی ڕۆژنامەکان چۆن گەرمتر دەکرێن و چۆن دەکرێ زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ لای ڕۆژنامە و کۆوارەکان ڕابکێشرێ. ڕۆبێرت ڕوود دەڵێ: "زۆرم پێ سەیرە کە چۆنە لە سوێدەوە تەنیا ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەڤان)[1] لەم کۆنفرانسەدا حازرە. ڕۆژنامەکان لە لێواری مەرگدان و خودی ڕۆژنامەکانیش ناوێرن هەواڵ و ڕاپۆرتی مەرگی خۆیان بڵاو بکەنەوە. ئەمە تەنیا کێشەی ڕۆژنامە و میدیا نییە بگرە ئەمە لە خۆیدا پرسی گرینگی دیموکراسیشە."

١. "ڕۆژنامەڤان" ئۆرگانی سەندیکای ڕۆژنامەوانانی سوێدە.

٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٩

نیویۆرک، ئەمەریکا



روپێـرت مـوردوچ مـاندووە. ئەو خـاوەنی ئیمـپراتۆرییـەکی میدیاییـە بە نـاوی نیـوز کـورپۆرەیشن کـە ژمـارەیەکی زۆر تـەلـەڤـزیۆن و ڕۆژنامـەی نەریتی لە ئوسـترالیـا، بەریتانیا و ئەمەریکا بـلاو دەکاتەوە. ڕۆبێـرت ئەم بـەیانیـیـە ڕاپۆرتی وەرزانەی داهـاتی ناوەنـدەکـەی بلاو کـردەوە. قـازانجی وەرزانەی ڕوپێـرت مـوردوچ ٧٧٥ مـیلیـۆن دۆلارە. وێ دەچێ قـازانجی هەبێ بەلام هـەر ئەم ڕاپۆرتە لە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتی وەرزانەی هەمان وەرز لە ساڵی ٢٠٠٨ لە نیـوە کەمـترە. بازاڕ دژکردەوەی باشی بەم ڕاپۆرتە نیـشـان نەدا. هەر ئەم بەیانە روپێـرت مـوردوچ ناچار کـرا کـە وەلامـی لێکۆڵەرەوە تـوورەکـانی واڵستیرت بداتەوە.

هەر لەم ساڵەدا و لەبەر هەڵوومـەرجی شـپرێوی ئابووری ١٢٠ ڕۆژنامـە لە ئەمەریکا لە بلاوبوونەوە دەوەستێ. بێجگە لەوە ٦٠ ڕۆژنامەی تر ناچار دەبێ



دەست بە پارەوە بگرێ و پاکەتی گەورەی کەمکردنەوەی دەرکەوت بخـەنە ڕۆژەڤ. ئەمـە دەبێـتـە هۆی ئەوە ٢٠ هـەزار ڕۆژنامـەڤـان لە ئەمـەریکا لـەسـەر کـار دەربکرێن.

روپێـرت مـوردوچ پێی وایە کـە ئیـتـر ڕۆژنامـەکـان ناتوانن ڕکـەبەری گـۆگڵ و

فـەیسـبـووک لـە ڕێکلام و وەشـانی دیجـیـتـاڵدا بکـەن. ئەو پێی وایـە دەبێ سـتـراتیـجـیـیـەکی نوێ بـەپێش بخـرێ. ڕوپێرت مـوردوچ دەڵێ: (ئێمـە وەک ڕۆژنامــەکـان شــەڕەکــەمــان دۆڕانـدووە و هـەر بۆیـە ناچارین لە بنـەڕەتەوە پێداچوونەوە بە سەر خۆماندا بکەین. ئێستا بە ڕوونی بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم شـێوازەی ئێـسـتـا وەڵامـدەری ئەم هەلومـەرجە نوێیـە نیـیـە، لە مـاوەی سـاڵێکدا دەبێ ئێمـەش ڕۆژنامـەکـانمان لە نیـوز کورپورەیشن لەسـەر ئەو شتـانەی کە دەیانخـەینە سـەر ئینتەرنێت داهـاتمان هەبێت). ئەم قـسـانەی ڕوپێرت مـوردوچ وەک تۆپ دەنگ دەداتەوە. لەلایەن ڕۆژنامـەکانەوە بەگـەرمی پێـشـوازی لێ دەکـرێ، ئەگـەرچی هێـشـتـا ژمـارەیەکی زۆر لە بەرانبـەر ئەم قـسـانەدا دوڕدونگن. خـەڵکانی دوڕدۆنگ مـافی خـۆیانـە، دە سـاڵ زیـاترە خەڵکی بە خۆڕایی ڕۆژنامـەکان لەسەر ئینتـەرنێت دەخوێننەوە، چۆن ئێسـتا حازرن پارە بدەن؟

ئەم هەواڵە لە نیـویۆرکەوە هـەر زوو بە ئەوروپاشـدا بڵاو دەبێتـەوە. جارێکی تر باس و موناقشـەی ئەوە کە ڕۆژنامـەکان بابەتی بابەتەکانیان لە ئینتەرنێت پارە وەربگرن بۆ نموونە لـە وڵاتێکی وەک سـوێدیش زیندوو دەبێتــەوە. هـەر زوو دەسـتـەی نووسـەران و بڵاوکـەرەوەکان دەکـەونە خـۆ و کـۆبوونەوە ڕێک دەخـەن. بەتایبـەتی ڕۆژنامـە ناوچـەیی و هـەرێمـیـیـەکان لە سـوێد لـە بابەت وەرگـرتنی هـێندێک بابـەتی بژاردەوە لە ئینتـەرنێت سـیـسـتـەمی بـەپارەیان دامـەزراند. ئێـسـتـا ئیـتـر تەنیا ڕوپێرت موردوچ نییە کە خۆی ڕووت کردووەتەوە بگرە زۆربـەی ڕۆژنامـەکـان لەســـەر ئینتـــەرنێت بە ڕێـچـکـەی ڕوپـێـــــــرت مــوردوچدا ســـەبارەت بە

دانی زانیارییەکانیان لە ئینتەرنێت پارە وەردەگرن.

ساڵی ٢٠١١ کۆمپانیای نیوز کورپورەیشن دەستی کرد بە پارە وەرگرتن لە ئینتەرنیت. بەڵام سەرکەوتنێکی گەورە لەو ڕێگەیەوە بەدەست نەهات. دی تایمزی بەریتانیایی توانی لە ماوەی ٨ مانگدا ٧٩ هەزار ئابوونەی نێتی یان دیجیتاڵ کۆ بکاتەوە. دیسان ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ تەنگژەی ڕۆژنامە و نیوز کورپورەیشن توانی جووڵەیەک بخاتە ناو بازاڕی ڕۆژنامە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکایی لە پاش ئەوەی لە مانگی ئاداری ٢٠١١دا سیستەمی وەرگرتنی پارەی لە ئینتەرنێت وەرێ خست توانی لە ماوەی سێ حەفتەدا سەد هەزار ئابوونەی ئینتەرنێتی کۆ بکاتەوە. لە مانگی ئوکتوبەردا نیویۆرک تایمز توانی بگاتە ئەو ئامانجەی لە پێش خۆی دای نابوو واتە کۆکردنەوەی سێسەت هەزار ئابوونەی ئینتەرنێتی بۆ کەڵکوەرگران لە ڕۆژنامەی دیجیتاڵی لەسەر نێت. بەمەش داهاتی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەرز بووەوە.

ئاخۆ ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩، ئەو ڕۆژەی ڕۆبێرت فرۆشتنی دیجیتاڵی ڕۆژنامەی خستە ڕۆژەڤ، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ڕۆژنامەدا یان نا؟ ڕەنگە هێشتا وەڵامدانەوە بەم پرسیارە زوو بێت.

١٨ی ئەیلوولی ٢٠٠٩

ئیمیۆ، سوێد




دوای ٦ مانگ بەدواداچوون و کاری بەردەوام ئاخرەکەی ڕۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە باکوری سوێد لە شاری ئویمیۆ خاوەنێکی نوێ بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆنەپارێزی بۆ خۆی پەیدا کرد.

شەریکەی خانووبەرەی شاری ئومیۆ بەناوی گرووپی باڵتیکۆم ئەو شەریکەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە گەورە ڕۆژنامەی شارەکەی واتە ڤێستێربۆتێن کوریرەنی کڕیووە. بەرپرسیاری ڕۆژنامەکە ئێریک ئۆرینگ دەڵێ، ئەم شەریکەیە کۆڵەکەیەکی قایمە پاڵمان پێوە داوە و بەو شێوەیە داهاتووی خۆمانمان پێ گەرانتی کردووە. مامەڵەی نێوان ڕۆژنامەکە و شەریکەی خانووبەرەکە ئاوا کراوە: ڕۆژنامەکە دەبێتە خاوەنی نیوەی شەریکەیەکی بچکۆڵە کە خاوەنە سەرەکییەکەی هەمان شەریکەی گرووپی باڵتیکۆمە. ئەم شەریکە ناوی گازێت ئابێیە و مامەڵەی نێوان ڕۆژنامە و شەریکەکە بە پارە دەکاتە ٧،١ میلیارد کرۆن کە لە خۆیدا یەکێک لە گەورەترین مامەڵەکانی شەریکەی خانووبەرەیە لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە سوێد.

ئێستا ڕۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە خۆیدا هاوکات بووەتە خاوەنی تەواوی ئەو خانووبەرانەی کە شەریکەی گازێت لە شاری ئومیۆ هەیەتی. بۆ



ئێریک ئۆدینگ بەرپرسیاری ڕۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن

نموونە ئێستا ڕۆژنامەکە خاوەنی ماڵی پیران، خانووی کرێ، نەخۆشخانە و قوتابخانەیی دواناوەندیی و بەشێک لە زانکۆی ئومیۆیە. بێجگە لەوە ڕۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن پێکەوە لەسەر تەختێکیش لەگەڵ گەورە سەرمایەداری خانووبەرە یوناس ئولسوون دەخەوێ کە لەناو شەریکەی دایکیی گرووپی باڵتیکۆمدا بە ڕێژەی ٣.٥ میلیارد کرۆنی تەنیا لە شاری ئومیۆ هەیە.

باشە لە بارودۆخێکی وادا کە گەورەترین ڕۆژنامەی شارێک دەستی لەگەڵ شەریکە خانووبەرە و گەورە سەرمایەدارندا تێکەڵ دەکا و دەبێتە خاوەنی قوتابخانە، زانکۆ و نەخۆشخانە، ئەی کامە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەڤان لەسەر پرس و کێشەی شارەکە بنووسن؟ ئاخۆ لە کاتێکی وادا ڕۆژنامەکە دەتوانێ ڕەخنە لە سەررمایەدارێکی وەک یوناس ئولسۆن بگرێ کە پێکەوە ئێستا لە قازانج و دۆڕاندا هاوپیاڵەن؟ ئەی کامە ڕۆژانامە چاودێری بەسەر شێوازی کار و چۆنیەتیی کاری پەروەردەدا بکا لە کاتێکدا بەشێک لە پەروەردە هەر لە قوتابخانەوە بگرە هەتا زانکۆ ناڕاستەوخۆ لەلایەن خودی ڕۆژنامەکەوە بەڕێوە دەچێ؟




ئولوف کلێبەری سەرنووسیاری پێشووی ڤێستێربۆتێن کوریرەن

ئولوف کلێبەری سەرنووسیاری پێشووی ڤێستێربۆتێن کوریرەن لە وتارێکدا لە کۆواری میدیاڤەردێن (جیهانی میدیا) رەخنەی لە مامەڵەی نێوان شەریکەی خانووبەری گرووپی باڵتیکۆم و رۆژنامەی ڤێستێربۆتێن کوریرەن گرت و نووسی (لەمەوبەدوا خوێنەران چۆن باوەڕ بە نووسینەکانی رۆژنامەکە لەسەر ئەو ناوەند و دامەزراوانە بکەن، کە ئێستا خودی رۆژنامەکە بووەتە خاوەنیان؟ باوەڕ و متمانە لە راستیدا بنەوای کاری رۆژنامەوانییە و ئەگەر ئەمەش نەمێنێ ئەوە خودی بوونی رۆژنامە و رۆژنامەوانی دەکەوێتە ژێر پرسیار).

ئەم رەخنەیەی کلێبەری لەگەڵ بێدەنگی بەرەو روو بوو. بێجگە لە یەک دوو نووسین نەبێ کە لەودا مامەڵەی نێوان ڤێستێربۆتێن کوریرەن و شەریکەی خانووی گرووپی باڵتیکۆم وەک داشکان و ژێرکەوتنی کاری رۆژنامەڤانی لە ئومیۆ ناودێر کرا، ئیتر دەنگێکی نارەزایەتی بەرز نەکرایەوە و بە تەواوەتی بێدەنگەی لێ کرا. لەم بێدەنگییەدا گرێبەستی مامەڵەی نێوان ڤێستێربۆتێن کوریرەن و گرووپی باڵتیکۆم لە مانگی ژانڤییەی ٢٠١٠ دا واژۆ کرا. قازانجی شەریکەی خانووبەرەی گازێت بە پێی ئامارەکانی بازاڕ، کە ئێستا ڤێستێربۆتێن کوریرەن بووەتە شەریکەبەشی لە چارەکەی یەکەمی ٢٠١٠ دا ٤.٧١ ملیۆن کرۆن راگەیەندرا.

## نرخی ڕیکلام دینامیکی

رۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستێن و شەریکەی ڤۆلڤۆ

ئێستا مۆدەی دیاردەیەکە کە پێی دەگوترێ (نرخی ڕیکلام دینامیکی). ئەم چەمکە بەو مانایەیە کە خاوەن ڕێکلام و میدیا پێکەوە لە سەر ئەوە ڕێک دەکەون هەتا چەندە ڕێکلامەکە کاریگەری باشی هەبێ ئەوە هاوکاری ئەوان لە داهاتوودا پێکەوە زیاتر دەبێ. واتە هەتا بە هۆی ڕێکلامەوە قازانج زۆرتر بێ ئەوە هەمان میدیای ڕێکلامکەر پارەی زیاتر وەردەگرێ و ڕێکەوتنەکەیان هەتا ماوەیەک بەو شێوە درێژەی هەیە و بە جۆرێک بەرزبوونەوەی فرۆش بە هۆی ڕێکلامەوە ئەوان پێکەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەوان هەر لە سەرەتاوە ڕێک دەکەون کە چ قازانج و چ دۆڕان پێکەوە بەش بکەن. واتە میدیا لە سەرەتاوە لە بەرانبەر ڕێکلامدا پارە وەرناگرێ، ئەوە دەبەسترێتەوە بە قازانج و دۆڕان لە ئاکامی کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی ڕێکلامدا.

نرخی ڕیکلام دینامیکی یەکەم جار لە سوێد لەلای یەکێک لە ڕۆژنامە هەرە گەورەکانی بەیانیانی سوێد، بە ناوی یۆتەبۆری پۆستێن[2] بە کردەوە




ڕۆژنامەی یۆتۆبۆری پۆستێن

---

٢. ئەم ڕۆژنامەیە لە یۆتۆبۆری دووەم شاری گەورەی سوێد دەردەچێ.

پراکـتـیـزە کـرا. شـەریکەی بەناوبانگی ئۆتـۆمــۆبێلی ڤـۆلڤـۆ لـەگــەڵ یۆتـەبۆری پۆستێن پێکەوە دەچنە گرێبەستێکەوە لە پێنج قـۆناخی جـیـاوازدا. دوای یـەکـەم قـــۆناخـی بڵاوبـوونەوەی ڕێکلام کــاتێک ئەوان کــاریگەریـیـــەکــانی ڕێکلام وەک هەژماری فـرۆشرانی ئۆتۆمۆبێل دەژمـێرن دەبینن کە ڕێکلامەکە کاریگەریی باشی هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە لە قۆناخی یەکەمدا هەموو دەرکەوتەکان لە ئەستۆی یۆتـەبۆری پۆستێن بووە. لە قـۆناغی دووەمـدا ئـەوە نۆرەی شـەریکەی ڤـۆلڤـۆیە کـە پارەیەکی باش بە ڕۆژنامــەی یۆتەبۆری پـۆسـتـێن بدا. ئیـتـر ئەم ڕێکلامـە لە نێـوان شــەریکەی ڤۆلڤـۆ و یۆتەبۆری پۆسـتێندا قـۆناخ بە قـۆناخ بەرەو سـەرەوە هەڵدەکـشـێ. کاریگەریی زۆرتر و بەو پێیە فرۆشی زۆرتری ڤۆلڤۆ دەبێتە هۆی ئەوە پارەی زۆرتر بە یۆتەبۆری پۆستێن بدا و بەپێچـەوانەوە فرۆشی کـەمتر دەبێتە هۆی دانی پارەی کەمتر.

ئێسـتـا پرسـیـار ئەوەیە ئاخـۆ لەو مـاوەیەدا کـە ئەم گرێبـەسـتـە لە نێوان ڤـۆلڤـۆ و یۆتەبۆری پۆسـتـێندا هـەیـە، ئەمــە کــاریگـەریی نەرێنـی لەســەر هـەواڵێک، ڕاپۆرتێک یان نـووسـینێک و بـەگـشــتی چۆنیــەتیی چاوەدێریی ڕۆژنامــەکە لەســەر ڤۆلڤۆ دانانێ؟ ئێـسـتـا ئەوان دوولایەنـی مـامـەڵەیەکن و قازانج و زەرەر پێکەوە لە ماوەیەکدا پێکەوە دابەش دەکەن.

٢ی شوباتی ٢٠١١

نیویۆرک، ئەمەریکا

چاوی هەموو دنیا ڕوو لە میسرە. هەموو کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان بێ پسانەوە هـەواڵ و دەنگوبـاسـەکـانی شـۆڕشـی مـیـسـر بڵاو دەکـەنەوە. بەهاری عـەرەبی

دەستی پێ کردووە و دیکتاتۆر لە داوای دیکتاتۆر سەرەولێژ دەبن و دەکەون. لە میسر دوو ملیۆن کەس لە شەقامەکانی قاهیرەدا لە خۆپێشاندان لە دژی حوسنی موبارەکدان کە ڕۆژێک پێشتر وتوویە سەرەڕای نارەزایەتییەکان هەتا هەڵبژاردن لە مانگی سێپتەمبەردا دەمێنمەوە.

کەمێک پێش لە سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆ تەلەڤزیۆنی فۆکس بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی میسر ڕادەگرێ، بۆ ئەوە ڕاپۆرتی شۆڕشێکی تر لە مۆزەی گوگێنهایم لە نیویۆرک بە شێوەیەکی زیندوو بڵاو بکاتەوە. ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژنامەی دەیلی نیوز وەک یەکەم و گەورەترین ڕۆژنامە لە ئاستی جیهاندا بۆ یەکەم جار لە ڕێگای ئایپاد[3] بڵاو دەبێتەوە. لە مۆزەی گوگێنهایم لەسەر شاشەی مۆنیتۆرێکی گەورە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی دی دەیلی کە دیارە لەوێش هەواڵی شۆڕشی میسر هەر یەکەم هەواڵە نیشان دەدرێ. یەکەم سەردێڕی گەورەی دی دەیلی هەمان شتە (فیرعەون سەرەونخوون دەبێ).




جێگەی سەرنجە کە ڕوپێرت موردوچ خاوەنی نیوز کۆرپ کە هەم تەلەڤزیۆنی فۆکس نیوز و هەم ڕۆژنامەی دی دەیلی هی ئەون، دەڵێ: ئەم ڕۆژنامە ئایپادییە شتێک کەمتر لە شۆڕشێکی گەورەی دیجیتاڵی نییە، بەڵام ئەم ڕۆژنامە دیجیتاڵییە پێویستی بە یەک میلیۆن ئابوونەی ئینترنێتی هەیە بۆ ئەوە بتوانێ درێژە بە وەشانی دیجیتاڵی خۆی بدا.

---

٣. دەزگای مۆبایل تەلەفۆن کە ڕاستەوخۆ ژمارەیەک ڕۆژنامەی دیاریکراوی لەسەر شاشەکەی دەخوێنێتەوە.

## ئەی خاوەن میدیا زلەکانی تر چ دەڵێن؟

نەرویج، سوێد



ستیگ واگبوو بەرپرسی میدیای دیجیتاڵ لە میدیا شیبستێدی نەرویجە کە خاوەنی هەردوو گەورە ڕۆژنامەی ئافتێنپۆستێن و بەرگێنس تیدەندە. ستیگ واگبوو دەڵێ: ئێمە دەبێ سەرلەنوێ بە ستراتیجی دیجیتاڵی خۆماندا بچینەوە و سەرلەنوێ و لە بنەوە بیگۆڕین. ئێمە دەبێ لەمەو بەدوا پارە لە بابەت بابەتەکانمان لە ئینتەرنێتدا وەربگرین. ئێمە لە بابەت ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە هی ئێمەیە و ئێمە دەینووسین، دەبێ پارە وەربگرین. ئێمە ٦٠٠ ڕۆژنامەوانمان هەیە بۆ ئەوە کارێکی باش پێشکەش بکەین پێویستمان بۆ ڕۆژنامەوانانە هەیە. بەڵام تەنیا پارەی ڕێکلام بەشی مووچەی ئەم ٦٠٠ ڕۆژنامەوانە ناکا.

ئەم ڕۆژنامەوانانە بۆ خۆیان ئەمە باش دەزانن. هەر بۆیە دەبووا لەمێژە بابەتی حازر و ئامادەکراوی ڕۆژنامەکان هەروا بە خۆڕایی لەسەر ئینتەرنێت بەشێوەی دیجیتاڵ بڵاو نەکرابایەتەوە.

لە وڵاتێکی وەک سوێددا زیاتر لە پازدە ساڵە وێنەگر، هەواڵنێر، بەرپرسی ماڵپەڕ و بە گشتی ڕۆژنامەوانەکان لە دژی ئەم بەخۆڕایی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتدا نارەزایەتی دەردەبڕن و هێشتا سوودی نەبووە.

ئەوان هەموو کات هزری بازرگانی پشتەوەی ئەم بەخۆڕایی بڵاوکردنەوەیان خستووەتە ژێر پرسیار. ئەمە چ جۆر هزرێکی ئابوورییە کە تۆ لە پێشدا بابەتی ئامادەکراوی ڕۆژنامەکان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو بکەیەوە دواتر هەمان بابەت بخەیە سەر کاغەز و پاشان بتەوێ لە شێوازی ڕۆژنامەدا




بڵاوی بکەیەوە و چاوەڕێشت هەبێ خەڵک بیکڕن؟

وەڵامدانەوەی بەم پرسیارە هەروا ئاسان و بێ گرێوگۆڵ نەبووە. بابەتەکان کلیل ناکرێن. پێویستە لەم کەناڵ و ڕێگە نوێیانەدا هەبی و خۆت نیشان بدەی. ڕێکلام لە ئینتەرنێتدا هەتا دەچێ و زیاتر پەرە دەگرێ و بەپێچەوانەش تیراژی ڕۆژنامەکان هەتا دەچن کەمتر و کەمتر دەبن. ئەمە یەکێک لە کێشە گەورەکانی داهاتووی میدیایە؟

ئێستا ئیتر بەرپرسێکی میدیایی دەست ناکەوێ کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم هەلوومەرجە نەبێ، هەموو پێیان وایە دەبێ گۆڕان بکرێ و ئیتر ناکرێ وەک ڕابردوو درێژە بەم بارودۆخە بدرێ. ستراتیجی کۆنی ئینتەرنێتی دەبێ بگۆڕدرێ. تاقە ڕێگە ئەوەیە کە دەبێ لە خوێنەران لە بابەت بابەتەکان پارە وەربگیردرێ. بەڵام کەس باسی ئەوە ناکا لە ڕابردوودا هەڵە کراوە. باسەکە ئەوەیە ئێستا بارودۆخی بازاڕی ڕۆژنامە گۆڕاوە. بازاڕ زۆر پێشکەوتووە.



ماگنوس ئانسهێلم بەرپرسی ئەنیستیتیۆ بۆ ڕێکلام و
ئاماری میدیایی لە سوێد

پازدە ساڵ لەمەوبەر (موبایلی زیرەک)[٤] و (تەختە خوێندنەوە)[٥] نەهاتبوونە بازاڕ.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و بەڕێوەبەرانی میدیایی لەو باوەڕەدان هەر لە کۆنەوە ستراتیجی ڕۆژنامە لە ئینتەرنێتدا بە هەڵە دانرا. ماگنوس ئانسهێلم بەرپرسی ئەنیستیتۆ بۆ ڕێکلام و ئاماری میدیایی لە سوێد دەڵێ: (من لەو باوەڕەدام، هەڵەیەکی یەکجار گەورە کرا کاتێک ١٥ ساڵ لەوبەر بابەتی ڕۆژنامەکان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێتدا بڵاوکرانەوە. سوێدییەکان ئەوە ١٥ ساڵە فێری ئەوە بوون کە بە خۆڕایی بابەتە هەواڵییەکان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێت وەربگرن، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێمە کردوومانە، ٤٦ لە سەت لە خوێنەران حازرن لە بابەت ئەو بابەتەی لە فۆرماتی دیجیتاڵیدا وەری دەگرن، پارە بدەن. بەشێوەی نێونجی ئەوان حازرن ٥٨ کرۆن لە مانگدا بدەن ئەڵبەت بەو مەرجەی ناوەڕۆکی بابەتەکان

٤. مۆبایلی زیرەک یان سمارت فۆن جۆری پێشوەچووی تەلەفۆنی مۆبایل کە دەتوانی ڕۆژنامەی لەسەر بخوێنییەوە، فیلمی لەسەر چاو لێ بکەی و زۆر خزمەتی تری لێ داوا بکەی.

٥. شاشەیەکی تەسکە، لە تەلەفۆنی مۆبایل گەورەترە و ئاسان دەکرێ ڕۆژنامە و کتێبی لەسەر بخوێنییەوە.

زۆر باش بن".

ماگنوس ئانسهێلم له درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: کڕیارانی میدیایی سوێدی حازرن پاره بدەن، ئەگەرچی ئەوان هەر ئیمڕۆ بەشێوازی تر دەیدەن. هەر بنەماڵەیەکی سوێدی بە شێوەی ناوەنجی ١٧ هەزار کرۆن له ساڵدا ئابوونەی جۆرەوجۆری میدیایی دەدا.

بەو حاڵەشەوە هەر ئێستا هەموو شەریکەیەکی میدیایی دیجیتاڵ بەهەمان ڕێگەی کۆندا دەڕۆن. باشترین و بەدەگمەنترین بابەت بە خۆڕایی لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە مۆبایلەکاندا هیچ شیانێک کە بابەتی کاری ڕۆژنامەوانی پارە بدرێ لە هەوێڵدا نییە و ڕۆژنامەکان بە خۆڕایی دەکەونە سەر شاشەی موبایلە زیرەکەکان. سەیر ئەوەیە هەمان هەڵەی ١٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئینتەرنێتدا ئێستا لە موبایل تەلەفوونە زیرەکەکاندا دووپات دەکرێتەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن زانکۆی بازرگانیی نەرویج کە لەسەر ٥٥ بەرپرسی شەریکەی میدیایی سوێدی ئەنجام دراوە، دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی دوو لە سێی شەریکە میدیاییە سوێدییەکان بەشێوەیەک لە بابەت هێندێک بابەتی بژاردەوە لە ئینتەرنێت پارە وەردەگرن بەڵام ٩٥ لە سەتی ئەوان لەسەر ئەو بابەتانەی لە موبایل تەلەفوندا بڵاو دەبنەوە، پارە وەرناگرن و بەخۆڕایین.

٩٥ لە سەتی شەریکە میدیاییەکان کەمتر لە ١٠ لە سەتی داهاتەکانیان لە ڕێگای ئابوونەی دیجیتاڵەوە وەردەگرن.

ڕۆژنامە ئایپاد و ئاندرۆیدییەکان[٦] ئەو سەرکەوتنەی کە زۆربە بۆیان چاوەڕێ دەکرد، وەدینەهێنا، هەژماری ئەو ڕۆژنامە سوێدییانەی لە دیجیتاڵدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، زۆر کەمن و هەتا ئێستا

---

٦. ئاندرۆید جۆرێکە لە مۆبایلی زیرەک یان سمارت فۆن.

ســەرکــەوتنی بەرچاویان لە ڕێگەی ئابوونەوەی ئینتــەرنێــتــەوە بـەدەست نەهێناوە.

هاوکات تیراژی ڕۆژنامـەکان دابەزیوە یان لە جێگەی خۆیان چەقیون. لە نێـوان تـەمــەنی ٢٥ هەتا ٤٤ ســاڵ لەناو خـوێنـەراندا کـاتی خـوێندنەوەی ڕۆژنامـەی کـاغـەز یەکجـار زۆر دابەزیـوە. ســاڵی ١٩٩١ لەو تەمــەنەدا هەر کـەسـێک بە شـێـوەی نێـونجی ٤٠ خـولەک لە ڕۆژدا خـۆی بـە خـوێندنەوەوە خەریک دەکرد بەڵام ساڵی ٢٠١٠ ئەو ڕێژەیە بۆ ١٥خولەک لە ڕۆژدا دابەزی.

ئێـریک ویلبـەری مـامـۆسـتـای زانکۆ لە زانکۆی بازرگـانی نەرویج کـە پسـپـۆڕی لە بـەشـی ڕۆژنامـەدا هـەیە دەڵێ: "ئەگـەر ئەم دابەزینەی خـوێنەری ڕۆژنامەکانی سـەرکاغەز بەو ڕادەیەی ئێستـا دابەزێ ئەوە هەتا ساڵی ٢٠١٦ خـوێنەری لە نێـوان تەمـەنـەکانی ٢٥ هـەتا ٤٤ سـاڵ دەگـاتە ژێر سـیفـر. بە واتایەکی تر واتە ڕۆژنامەی سەر  کاغەز هەتا ٥ ساڵی داهاتوو بۆ خوێنەری خـوارەوەی تەمـەن ٥٠ ساڵ بێ مانا دەبێ و کەس نایخـوێنێتـەوە. ئەگەر ئەم دابەزینـەی خـوێنـەری ڕۆژنـامــەی ســەر کــاغــەز هـەروا درێژەی هەبێ ئەوە وردەوردە ڕۆژنامەی سەر کاغەز بۆ جیلەکانی داهاتوو، بایەخی نامێنێ.



ئێریک ویلبەری مامۆستای زانکۆ لە نەرویج

## مەزەندەکانی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن

بەپێی مەزەندەی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن هەتا ساڵی ٢٠٤٠ ڕۆژنامەی سەرکاغەز بە تەواوەتی لەناو دەچێ و تۆماری لە مێژوودا دەپێچرێتەوە. ئەم مەزەندەیە لە وڵاتی سوێدا هەتا ساڵی ٢٠٢٥ دیاری کراوە. بە پێی تۆڕی ئوسترالیایی فیوچر ئێکسپۆرەیشن ئەم مەزەندەیە بە پێی هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوە لە ٣١ هۆکاری جۆرەوجۆر لە دوو ئاستی دەوڵەتی و ناودەوڵەتی یان جیهانیدا ئەنجام دراوە.

ئێریک ویلبەری دەڵێ: "هەر ئێستا تیراجەکان مردوون. خاوەن میدیاکان تووشی ترس و شڵەژان بوون. ئێستا هەموو شتێک تاقی دەکرێتەوە. بەڵام وەدرەنگ کەوتوون. دەبووا لەمێژە ڕێگەکانی بەدەستخستنی پارە ببیندرابایەتەوە."

ستێفان مێلێسکۆ مامۆستای زانکۆ لە بەشی ئابووری میدیا لە زانکۆی ناونەتەوەیی یۆنشۆپینگ لە سوێد دەڵێ: تێکنۆجی میدیایی هەتا ڕادەیەک سەری لە بەرپرسە میدیاییەکان شێواند. ئەگەر بابەتێک بکرێ بە پارە بفرۆشرێ حەوجێ ناکا بە خۆڕایی بدرێ بە خەڵکی. هەتا ئێستا وا کراوە و ئێستاش بارودۆخی شپرێوی ئابووری ڕۆژنامەکان دەزانین. پێموابێ دەبێ بەرپرسە میدیاییەکان دەرسێکی باشیان لەمە وەرگرتبێ. ئەوان لە سەرەتادا پێیان وابوو کە ڕێکلامی ناو ڕۆژنامەکان وردە وردە دێتە ناو ماڵپەڕی ڕۆژنامەکانیان. بەڵام زانیمان وا دەرنەچوو. ڕێکلام لە ئینتەرنێتدا بە شێوەیەکی وا توند پێش کەوت کە وەپێش ماڵپەڕی ڕۆژنامەکان کەوت و ئەوانی لە پشتەوەی خۆی بەجێ هێشت. بەڵام ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان

(ناوچەییەکان) لەبەرئەوەی پاوانیان بە سەر هەواڵ و بابەتە ناوچەییەکان هەیە، ئەوە باشتر دەتوانن سیستەمی ئابوونەی ئینتەرنێتی دابنێن و بابەتەکانیان بە خۆڕایی بڵاو نەکەنەوە.

ستێفان مێلێسکۆ لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێ: بە بڕوای من شێوازی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەسەر کاغەز یان دیجیتاڵ ڕۆڵی سەرەکی لە مەسەلەی ئابوونەدا ناگێڕێ. بەپێزبوونی ناوەڕۆک و هەمەجۆری دوو تایبەتمەندی گرینگن هەم بۆ ڕۆژنامەی سەرکاغەز و هەم بۆ دیجیتاڵ. کەواتە ئەوەی بە شوێن ئەو تایبەتمەندییانەدا دەگەڕێ جیاوازی نابێ ئەگەر لەسەر کاغەز بێ یان دیجیتاڵ بۆ ئەو گرینگ تایبەتمەندییەکانە. بەڵام کێشەی گەورە لەم ناوەدا بۆ هەر میدیایەک بەشێوەیەکی دوولایی یان پارادۆکساڵ دەرکەوتی زۆرە کاتێک لە شێوازێکی بڵاوکردنەوە بۆ شێوازێکی تر دەگوێزرێتەوە. بۆ نموونە ئێستا لەبەر دەرکەوتی زۆر پارە لە (تەختەی خوێندنەوە)[7]دا بەدەستنایە. کەم تێچووترە ئەگەر ڕۆژنامە لەسەر کاغەز بڵاو بکرێتەوە هەتا سەر تەختەی خوێندنەوە یان ئایپاد، یان هەر شێوازێکی تری پێشکەوتووی ئێلێکترۆنی. هۆکاری ئەم گران کەوتنەش ئەوەیە کە دەبێ پارەیەکیش بە شەریکەکانی خاوەن ئەو کەرەستانە بۆ نموونە بە ئەپڵ لە بابەت بڵاوکردنەوەوە بدرێ.

---

٧. تەختەی خوێندنەوە، تەختەیەکی ئەلیکترۆنییە کە وەک کتێبی ئاسایی چاپ کراوە و هەوڵ دراوە هەمان هەستی خوێندنەوەی کتێبێکی ئاسایی بەخوێنەری کتێبێکی دیجیتاڵ بدا. کتێبی دیجیتاڵ، کتێبێکە کە لە فۆرماتی ئەلیکترۆنیدا چێ دەکرێ و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کۆمپیوتەر، مۆبایل تەلەفۆن یان لە تەختەی خوێندنەوەدا دەخوێندرێتەوە. کتێبی دیجیتاڵ تەنیا فایلێکی سادەیە کە لە کتێبفرۆشی دەکڕدرێ یان لە ماڵپەڕی کتێبخانەدا قەرز دەکرێ و دادەبەزێندرێ.

# ماڵی میدیا

٢٠ی ئوکتوبەری ٢٠١١

سوندسڤاڵ، سوێد




(ماڵی میدیا)[٨] (میدیا هویسێت) کاتی خۆی لە سوێد تەنیا بۆ ئەوە دامەزرا کە رکەبەری رۆژنامە خۆراییەکان بکا. لەناو رۆژنامەکاندا بەتایبەتی لە ئەزموونی رۆژنامەکانی دانمارکدا دەرکەوت کە رۆژنامە خۆراییەکان خەریکە هەموو بازاری هەرێمی بگرنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. پێ بەپێی ئەم پێشوەچوونە رۆژنامەکانی بەیانییان زیاتر دەبوونە بەرهەمی ئیلیت و چینی تایبەت و رۆژنامە خۆراییەکانیش سەریان لە هەموو دەرکەیەکەوە دەرهێنا.

بە هۆی وەگەرخستنی تەلەڤزیۆن، کەناڵی زۆر و جیاواز وەک رۆژنامە خۆراییەکان، تەلەڤزیۆن، ڤێب و ئینتەرنێت و رادیۆ لەلایەن ماڵی میدیاوە هەوڵەکە ئەوە بوو بالانسێک لە نرخی بازاری رێکلام چێ بکرێ. بەلام هاوکات لەگەڵ دابەزاندنی دەرکەوت و کەمکردنەوەی دەستەی رێداکسیۆن بەهەمان شێوەش ناوەرۆکی و چۆنیەتیی بابەتەکان دابەزی و ئیتر نەدەکرا

٨. ماڵی میدیا "میدیا هویسێت" رۆژنامەکانی ئافتۆنبلادێت، ئێکسپرێسێن، داگێنسیهێتر، سڤێنسکاداگبلادێت و مێترۆ و هەروەها تەلەڤزیۆنەکانی کەناڵ ٥ و کەناڵ ٣ی هەیە.

هەمان کڤالیتی پێشوو بە وەرگر بدرێ. ئینجەلا وادبرینگ پرۆفیسۆر لە زانکۆی ناوەڕاست لە سوندسڤاڵ لە سوێد لەم بارەوە دەڵێ:

(دامەزرانی ماڵی میدیا) بوو بەهۆی ئەوە هەڵکەوتەی ڕۆژنامەکان لە ناوچە و هەرێمەکان بەهێز ببێ یان بەواتایەکی تر لە ڕوانگەیەکی ئابوورییەوە جێگە و ڕێ و شوێنی ڕۆژنامەکان قایم ببێ. بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە خۆڕاییەکان هەڵە نەبوو. ئەگەر ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتیشدا دەرنەکەوتبان ئەوە ڕکەبەری تر بەدەردەکەوتن. بە بڕوای من چارەسەری ئەوە نییە کە هەموو باری



ئێنجەلا وادبرینگ

پرسەکانی ئیمرۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی هەڵی بگرێ و نرخەکەی ئەوان بیدەن و پارە لەو بەشە کەم بکرێتەوە، بگرە دەبێ پرسەکان لە شوێنێکی ترەوە چارەسەر بکەین. کاتێک ئەو هێڤییە هەیە کە ئەم پرسە چارەسەر بکرێ دەبێ دەرکەوت و داهاتەکان هەمەلایەنە و لە هەموو بەشەکانی میدیادا سووک و قورس بکرێن و هەموو بەشەکان پێکەوە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە. ئەگەر بتوانرێ سەرچاوەی نوێی داهات ببیندرێتەوە، لە باتی ئەوە ڕۆژنامەوان لەسەر کارەکانیان دەربکرێن، ئەمە ڕێگەچارەیەکی باشە."

## بۆ ڕزگاری لەم تەنگژە، پێویستمان بە نوستالژی نییە

٥ی ئوکتوبەری ٢٠١١

ستۆکهۆڵم



ڕاول گرۆنتال ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سڤێنسکا داگبلادێت و ئافتۆنبلادێت

ڕاول گـــرۆنتـــال ئەندامی دەســـــتـــەی بەڕێوەبەری ڕۆژنـامـــە گـــەورەکـــانی سـڤـێنسکا داگـبـلادێت و ئافتۆنبلادێت لەو باوەڕەدایە لـە بـاتـی دەرکــــــــردنـی ڕۆژنـامـــــــــەوان و لـەو ســـــۆنگەیـەوە دابـەزانـدنـی ئاسـتـی ڕۆژنامـەڤـانی زۆر شـێـوازی تر هـەیە کە ڕۆژنامـەکـان لـەو تەنگژەی ئێسـتـا تێی کەوتوون، خـۆ ڕزگـار بکـەن. ئێـمـە دەبێ کـار بۆ ئـەوە بکەین کە بایەخ بۆ کڕیاریەکانمان دابنێن. دەبێ پرسـیـاری ئەوە لـە خـۆمـان بکەین بۆ کــەســێک بۆ کــڕینی ئـایـپــادێک حــازرە پارە بدا بەڵام بـۆ خــوێندنەوەی ڕۆژنامـەیەکی ئینتـەرنێتی هـەمـان کـەس حـازر نـیـیـە پارە بدا و بە خـۆڕایی دەەوێ بیـخــونێـتـەوە. بۆ نمـوونە ئێـمـە پێـشـتـر لـەگـەڵ بنکەکـانی چاپ و بڵاوکــردنەوەی وەک (بۆنیــەر)[9] و (ســتـــامـــپــێن) (دوو دەزگـــای چاپ و

٩. بۆنییەر دەزگـایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی سوێد کە ئێستا بێجگە لە چاپخانەکانی بووەتە خاوەن دەیان تەلەفۆن و ڕۆژنامە نەک تەنیا لە ئاستی سوێد و ئەوروپا بگرە لە ئاستی ئەمەریکاشدا.

بڵاوکردنەوەی گەورە لە سوێد) رکابەریمان دەکرد بەڵام ئێستا لە جێگەی ئەوان لەگەڵ گۆگڵ، فەیسبووک و ئەپڵ ڕکەبەری دەکەین. لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدابن بەڵام دیسان لەو باوەڕەدام ڕۆژنامەکان جێ پێی خۆیان لە ئینتەرنێتدا دەکەنەوە. ئێمە پێویستمان بە هێڤییەکی زۆر بۆ گۆڕان هەیە، پێویستمان بە نوستالژی و گەڕانەوە بۆ دواوە نییە.

٢١ی ئوکتۆبەر

ستۆکهۆڵم، ڕێداکسیۆنی ئافتۆنبلادێت

یان هێلین سەرنووسیاری گەورە ڕۆژنامەی ئێوارانی سوێد، ئافتۆنبلادێت دەبێژێ:

ئافتۆنبلادێت دەیەوێ هەم وەک ڕۆژنامەی سەرکاغەز و هەم لە وەک دیجیتاڵ خۆی بەپێش بخات. جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئێمە لە دجیتاڵ لە هەمووان گەورەترین، زۆربەی خوێنەرانمان لە دجیتاڵن. ئێستا ئێمە دەبێ خۆمان بەشێوەیەک ڕێک بخەین و دامەزراوەیەکی وا سەرلەنوێ دابمەزرێنن کە ئەو دامەزراوەیە بتوانێ زیاتر سەرنج بداتە ئەو شوێنەی کە زۆربەی خوێنەرانمان لەوێن و تامەزرۆی وەرگرتنی هەواڵەکانی ئێمەن واتە دیجیتاڵ. ئێمە پێشوەچوونی بەرچاو لە فۆرم و شێوازی ڕۆژنامەکەمان کە لەسەر کاغەز دەردەچێ ناکەین، قورساییی کارەکەمان لەسەر ئەوە دادەنێین کە لە باتی ئەو بابەتانەی لە ئینتەرنێتدا بڵاویان دەکەینەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک پارە وەربگرین. هەر ئێستا ئێمە ١٣٠ هەزار کڕیارمان هەیە و دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کڕیارانەی کە لە بابەت ناوەڕۆکی بابەتەکان پارە دەدەن، زیاتر بکەین.


یان هێلین سەرنووسیاری ئافتۆنبلادێت

زیادکردنی ئابوونەی دیجیتاڵ ئێستا پرسی هەرە گەورەیە بۆ ئێمە. داوای من لە ڕۆژنامەکانی تریش ئەوەیە بەهەمان ڕێچکەدا بڕۆن و دەستبکەن بە وەرگرتنی ئابوونەی دیجیتاڵ بۆ ئەوە بتوانین باشتر پێکەوە ڕکەبەری و مەنافسە بکەین. بێجگە لەوە دەبێ بەشی ڕێداکسیۆن و هەروەها بەشی ڕێکلام پێکەوە هاوکاری زیاتر لەگەڵ یەکتری بکەن.

ئایا ئەمە بەو مانایەیە بۆ نموونە وتارێک لە سەر شوێنێکی گەشتوگوزار بڵاو دەکرێتەوە و لە وتارەکەدا بە شان و باڵی ئەو شوێنەدا هەڵدەگوترێ و ڕاست لە پەنای ئەو وتارەدا ڕێکلامی کڕینی بلیتی چوون بۆ هەمان شوێن لەلایەن کۆمپانیاییەکی گەشتوگوزارەوە بڵاو دەکەنەوە؟

– نا، بەو شێوەیەش نا، ناکرێ بۆ نموونە وتارێکی پێداهەڵدان لەسەر ئۆتۆمۆبێلێک بڵاو بکرێتەوە و لە پەنای وتارەکە ڕێکلامێک بڵاو بکرێتەوە و بگوترێ (ئا ئەم ئۆتۆمۆبێلە بکڕە!) بەڵام هاوکات بۆ نموونە من ڕەخنەیەکی باش لەسەر کتێبێک لە ڕۆژنامەدا دەخوێنمەوە بەڵام لە ڕۆژنامەکە زۆر تووڕە دەبم کە لە لەودا ناتوانم تەنیا بە کرتەیەک لەسەر مشکی کۆمپیوتەرەکەم ئەو کتێبە باشە بکڕم. ڕۆژنامەوانی و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە لە لایەک بەڵام هاوکات ڕۆژنامەی دیجیتاڵی دەبێ خزمەتەکانی خۆی بە خوێنەرانی زیاتر بکا و پێ بەپێی دیجیتالیزە بوون خزمەت بە خوێنەرانیش زیاتر ببێ و هەر لەو سۆنگەشەوە پارەی زۆرتر بەدەست دەکەوێ.

ئاخۆ ئەمە لەو خۆیدا متمانە بوون ناخاتە ژێر پرسیار؟

نا، ئێمە قەد نابێ خۆمان لەو قەرەیە بدەین و متمانەی خۆمان بخەینە مەترسییەوە. متمانە شتی هەرە گەورە و بەنرخی ئێمەیە کە هەمانە. بەڵام زۆر شت هەیە دەکرێ بیکەین کە ئیمڕۆکە نایکەین و هیچ پێوەندیشی بە متمانەوە نییە.


ئاخۆ ئافتۆنبلادێت دەیەوێ ببێتە ڕۆژنامەیەکی ئابوونەیی و دەست بە

وەشانی ڕیکلامی تێکستی بکەن؟

– دەزانم بەم پرسیارە دەتەوێ بە لا ڕێمدا بەری. نا، بەڵام بەڵێ بۆ ڕۆژنامەیەکی ئابوونەی دیجیتاڵی. نا بۆ ڕیکلامی تێکستی. بەو حاڵەشەوە بۆ ڕیکلام بە شێوەی دیجیتاڵ گۆڕانکاری پێویستە. ئێمە دەمانەوێ لە بابەت ناوەڕۆکی تێکستێکی باش کە بە شێوەی دیجیتاڵ دەیگەیەنینە خوێنەر پارە وەربگرین و بە خۆڕایی نەبێت. ئەگەر ئێمە لەمەدا تووشی شکان بێین و سەرنەکەوین ئەوە هەموو ڕۆژنامەڤانی زەربەی وێ دەکەوێ.

١٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، ستۆکۆڵم



ڕۆژنامەکانی ئافتۆنبلادێت و ئێکسپرێسن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تەنگژەی دابەزینی تیراژ دوو ڕێگای جیاوازیان هەڵبژاردووە. ئافتۆنبلادێت ستراتیژی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم کێشەیە لە ڕێگەی دیجیتاڵەوە واتە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دارشتووە. ئێکسپرێسن لە ڕێگەی چاپ و کاغەزەوە ستراتیجی خۆی دەکار خستووە و ساڵانە ١٨ ملیۆن پاشکۆ لەگەڵ ڕۆژنامەکەی بڵاو دەکاتەوە. پاشکۆکان دەکرێ ئابوونە بکرێن و ئێستا پاشکۆکان ناوکی هەڵسووڕانی میدیایی و ڕۆژنامەڤانی ئێکسپرێسن پێک دێنێن. توماس ماتسۆن سەرنووسیاری ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن دەڵێ:

ئێستا بازاڕی ڕۆژنامەکان باش نین. هەموو ڕۆژنامەکان بێجگە لە ڕۆژنامە سوێدییەکان ڕوو لە قازانجن. سوێدییەکان چوارەمین نەتەوەیی ڕۆژنامەخوێنی جیهانن. بەو حاڵەشەوە هیچ کاتێک وەک ئێستا ئەوەندە

رۆژنامـــــه لـه ســــــوێد ناخوێندرێتەوە.



توماس ماتسۆن سەرنووسیاری رۆژنامەی ئێکسپرێسن

رۆژنامـه هەرێمـیـیـەکـان کـــه خــۆیان لـه قـــەرەی جـیـهـانی دیجـیـتـاڵ نەدا تـووشـی ڕکــــــەبـەری و مـنـافـــســـەی قـــورسـی بڵاوکـردنەوەی ڕێکلامــەکـان لـە ئینتــەرنێت بوون و هـەر بۆیـە لە کـۆتاییـدا ئەوانیش ناچار بوون بچنە بازاڕی دیجیتاڵەوە. سروشـتییـە ئەگەر رۆژنامـە خـۆڕاییـیـەکـان نەبوونایە ئـەوە تیـراژی ڕۆژنامـه هەرێمـیـیـەکـان دەیتـوانێ سـەرچاوەیەکی باشـی داهـات بێت. هیـوایەتی کڕین و دانـی پارە لە جیـهـانی دیجیتاڵ و ئینتەرنێتدا زۆر لاوازە و ئێمەش پێویستمان بە پارە هەیە بۆ ئەوە بتوانین ڕۆژنامەوانی باش پێشکێشی خەڵکی بکەین.

هـاوکات بەرزبوونەوەی منافسە و ڕکەبەری دەبێتە هۆی ئەوە ڕۆژنامەکانی شـەوانەیی وەک ئـێمـە وەک ئێسکـپرێسن و ئافتـۆنبـلادێت ناوەڕۆکی باش و بابەتی بەپێز بخەینە بەردەم کڕیارەکانمان.

ئەگـەرهـاتوو ڕۆژنامــەوانی باشت لـە بواری ســیــاسی و ڕۆژنـامــەوانی لێکۆڵینەوەی قــووڵت نەبێت، ئەوە کـڕیـارت کـەمــتـر دەبن. هـەردووک هـەم ئافـتـۆنبـلادێت و هـەم ئێکسـپـرێسن بەسـەر بـابەتی قـووڵ، سـیـاسـەت و چاوەدێری بەسەر جیهانی دەرەوەدا شـۆڕ بوونەتەوە. من لەو بڕوایەدام نرخی ڕۆژنامـەکانمان لە داهـاتوودا بەرزتر دەبێتـەوە و ئەمـەش زیاتر دەسـتـمـان لە پێشکێشکردنی بابەتی قـووڵ و بەپێـزدا ئاواڵەتر دەکا و زیـاتر ناچار دەبین ســەرەنج بدەینـە چۆنایـەتی. ڕۆژنامــەوانی نـەمـردووە. ئێـمــە لە ڕۆژنامــەی ئێکسـپرێسندا ملیۆنێک خوێنەرمـان لە ڕۆژدا هـەیە. ئەمـەش نیشـان دەدا کە ڕۆژنامەکەمان زیندووە.

١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری (پیشەسازیی ئیمڕۆ)

ستۆکهۆڵم

وا وێ دەچێ  پێتر فێلمان بەرپرسی نوێی ئابوونە لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری بۆ خۆی باوەڕ ناکا. ئێستا لەبەرئەو تەنگژە ئابوورییەی هەموو جیهانی گرتووەتەوە بە گشتی خوێنەری ڕۆژنامە ئابوورییەکان یەکجار زۆرتر بووە. ئەم بەرپرسیارە نوێیەی ئابوونەی ڕۆژنامەکە کارێکی پڕباشی کردووە، هەوڵی داوە مەودای نێوان خوێنەران و ڕۆژنامەکە کورتتر بکاتەوە. دیارە ئەمە تەنیا هۆکاری پێشوەچوونی باشیی ڕۆژنامەکە نییە بگرە زۆر هۆکاری تر هەیە.

پێتر فێلمان دەڵێ یەکەم هۆکاری سەرەکی لەوەی تیراژی ڕۆژنامەکەمان بەرز بۆتەوە ئەوەیە نێوەرۆکی ڕۆژنامەکان بۆ ئاستێکی باش بەرز کردووەتەوە.

ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری چەقبەسترانێکی ١٠ ساڵی لە ٢٠١١دا شکاند. ڕێژەی ئابوونەکان لەناکاو بەرز بوونەوە. هەتا نیوەی ٢٠١١ ژمارەی تیراژی ڕۆژنامەکە گەیشتە ١٠٣٥٠٠ ڕۆژنامە و لە پایزی ئەمساڵیشدا تیراژەکە هەر لە بەرزبوونەوەدا بوو.



پێتر فێلمان بەرپرسی ئابوونە لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری

پێتـر فێلمان دەڵـێ: ئێمـە پێشـتـر وەک ئامـانج بۆ خۆمـان دامـان نابوو کـە ساڵی ٢٠١١ ببێتە سـاڵی ناوەڕۆکی باش لە ڕۆژنامەی داگێنس ئیندوستری. لەو سـۆنـگەیەوە ڕۆژنامـەی باشـتـر و دەوڵەمـەنـدتر بە ناوەڕۆک پێشـکێش بە خـوێنەرانمان بکەین. پێشـوەچوونی ڕۆژنامـەیەک لەوەدا نییـە کە جـارێک یان چەند جارێک ڕێپـۆرتاجی باش و نووسینی قووڵ و بەپێز بڵاو بکرێتەوە بگرە ڕۆژنـامـــەی باش ئـەوەیە کـــە ڕۆژانە بتـــوانـێ بابـەتی بـاش بڵاو بـکاتـەوە و چۆنایەتی خـۆی بەشـێـوەیەکی ڕۆژانە بپـارێزێ. ئێمـە ژمـارەیەکی باشـمـان لە ڕۆژنامـەکە بڵاو کردەوە، هیـوایەتی دەبـێ ئەوە بێ کـە سـبـەینـێ و لە ژمـارەی داهاتوودا لەمـەی ئـیـمـڕۆ باشـتـری بکەم و ژمـارەیەکی بەپـێـزتر لەوەی دوێنـێ بڵاو بکەمـەوە. کولتـوورێکی سـەختـگیـرانە لای ئێمـە هەیە، ئێمـە شـانازی بەخۆمان دەکەین بەڵام بەتەواوەتی لە کارەکانمان ڕازی نین.

## چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی ڕۆژنامە لە ئەمەریکا

**لێنارت پەرشۆن**

Lennart Pehrson

لاپەڕەی کولتووری سڤێنسکا داگبلادێت ساڵی ٢٠٠٨

لە ئەمەریکاش بەهەمان شێوە داهاتووی ڕۆژنامەکان تاریکە. بۆ ئەوە ڕۆژنامەکان لەگەڵ هەلومەرجی نوێی کەم داهاتی و دابەزینی تیراژەکانیان بەربەرەکانی بکەن، تەنیا لە چاوەدێری بە سەر دەنگوباسەکانی دەرەوەی ئەمەریکا و بەشی کولتووری داناشکێن بگرە تەنانەت وەک جاران ناتوانن ڕۆژنامەکان بنێرنە ماڵان.

وەک نموونە دوو ڕۆژنامەی دێترۆیت فری پرێس و دێترۆیت نیوز ساڵی ٢٠٠٨ لە ناردنی ڕۆژنامەکان بۆ ماڵان و لە کونی دەرکە خستنە ماڵەوەی ڕۆژنامەکان دەستیان هەڵگرت. ئەم دوو ڕۆژنامەیە تەنیا ڕۆژانی پێنجشەمان، هەینی و یەکشەمان کە باشترین ڕۆژانی ڕیکلامە، ڕۆژنامەکانی خۆیان دەنێرنە ماڵان. لە ڕۆژەکانی تر ڕۆژنامەیەکی لەڕولاواز دەردەچێ کە تەنیا لە کیوسکەکانا دەفرۆشرێ.

ئەم دوو ڕۆژنامەیەی شاری دێترۆیت کە هەردووکیان پێکەوە نیو ملیۆن ژمارە لە ڕۆژدا بڵاو دەکەنەوە، بە هۆی هەلومەرجی خەراپی ئابوورییەوە دەیانەوێ لەمەوبەدوا وزە و تواناکانیان بگوێزنەوە بۆ ئینتەرنێت و جیهانی دیجیتاڵ.

دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکان ئیتر نایشارنەوە و بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن، کە چیی تر ئەوان ناتوانن لە ڕابردوودا بژین. چارەنووسێکی وا

نادیار و داهاتووی وا لێڵ و ناڕوون لە پێش ڕۆژنامەکانە کە هی وا هەیە باس لە مردنی ڕۆژنامەی سەرکاغەز دەکەن. داهات لە ڕێگەی ڕێکلامەوە لە سێیەمین چارەکی ٢٠٠٨دا ١٨ لە سەت دابەزیوە و نیشانەی ئەوە دەبیندرێ کە ئەم ڕەوتە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت.

تەنگژەی ئابووری دەکرێ وەک هۆکارێک دەستنیشان بکرێ کاتێک پارەی زۆر لە گیرفاندا نەبێ، سروشتییە کە ڕێکلامیش ناکرێ. ئەم دابەزینەی پارەی ڕێکلام تەنانەت لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەکانیشدا بەرچاوە، لە کاتێکدا ماڵپەڕ و ئینتەرنێت لەم ساڵانەی دواییدا هەموو کات لە پێشوەچووندا بووە. لەلایەکی ترەوە تیراژی ڕۆژنامەی سەرکاغەزیش هەتا دێ و کەمتر و کەمتر دەبێتەوە.

بەشێک لە ڕۆژنامەکان هەتا ئێستا چارەسەرییەکانیان لەوەدا دیوە کە لە دەرکەوتەکانیان کەم بکەنەوە، بۆ ڕاگرتنی پارە ڕۆژنامەڤان و کارمەند لەسەر کارەکانیان دەربکەن و بەو شێوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ تەنگژەی ڕۆژنامە بکەن.

بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکان بۆ خۆیان باش دەزانن کە کەوتوونەتە ناو کەوانەیەکی درێژەوە. لەلایەکەوە بەرهەمێکی لاواز پێشکێش دەکرێ و چاوەڕێ لە خوێنەران هەیە کە ئەو بەرهەمانە بکڕن و لەلایەکەی ترەوە هەمان بەرهەم بە خۆڕایی و بە بێ پارە لە ئینتەرنێتدا دەست دەکەوێ. ئەمە لە خۆیدا دوو شتە کە لەگەڵ یەکتری یەک ناگرنەوە. ئێستا ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بێجگە لە نیویۆرک تایمز، واڵستریت جورناڵ و واشینگتۆنپۆست نەبێ، ڕۆژنامەکانی تر توانای چاوەدێری ناونەتەوەیی و دەرەوەی ئەمەریکایان نییە.

بۆ نموونە ڕۆژنامەکانی بۆستۆن گلۆب و فلادیفیا ئینکویرێر کە پێشتر لاپەڕەی باشی چاوەدێریی دەرەوەیان هەبوو، ئێستا ئەو لاپەڕەیانەیان نەماوە و هەروەک زۆربەی ڕۆژنامەکانی تر ڕۆڵی ڕۆژنامە هەرێمییەکان دەگێڕن.

لەگەڵ سەرکەوتنی باراک ئوباما و سەرەنجی زیاتردان بە سیاسەت کە گەیشتە لووتکە لە ئەمەریکا بەو حاڵەشەوە ژمارەیەک ڕۆژنامەی جێگرتوو لە واشینگتۆن نەمان و ئیتر نەیانتوانی چاوەدێری ناوندی سیاسەتی ئەمەریکا بکەن. ڕۆژنامەگەلێکی وەک ساندیگۆ ئونیون تریبون، ئەتلانتا جورناڵ کونستیتیشن و کلیڤلاند پلەن دیلەر ئیتر ڕۆژنامەوانیان لە واشینگتۆن پێتەخت و ناوەندی ئەمەریکا نەماوە.

لەم تەنگژەیەدا لاپەڕەی کولتوری ڕۆژنامەکانیش بەسلامەت ڕزگاری نەبووە و چاوەدێری کولتووری ڕۆژنامەکان زۆر لاواز بووە. زۆر ڕۆژنامەی گەورە ئیتر ڕەخنەگرانی تایبەتیی خۆیان تایبەت بە هەڵسەنگاندنی فیلم و موزیک نەماوە.

لاوازی ڕۆژنامەکان لە ئاستێکدایە کە ڕێی تێ ناچی بەهەمان کڤالیتی لاوازەوە لەسەر کاغەز خۆ بگوێزنەوە بۆ دیجیتاڵ و ئینتەرنێت و لەوێ سەرەنجی خوێنەران بۆ لای خۆیان ڕابکێش.

مەزەندەی ئەوە دەکرێ تەنیا لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٨ دا ١٥ هەزار ڕۆژنامەوان و کارمەند لە ڕۆژنامەکان کاریان لە دەست دابێ و بێکار کرابن. تەنانەت ڕۆژنامەیەکی گەوە و گرانی وەک نیویۆرک تایمز ناچار بووە دەرکەوتەکانی کەم بکاتەوە کە بەلایەنی کەمەوە بتوانێ وەک جاران مەقەڕەکەی لە باڵەخانە ئاسمان ڕووشێنەکەی مانهاتان بپارێزێ.

کۆمپانیایەکی وەک تریبون کە یەکێک لە گەورە کۆمپانیاکانە و ڕۆژنامەگەلی بەناوبانگی وەک لۆسئانجلێس تایمز و شیکاگۆ تریبوون دەردەکا لەگەڵ کێشەی جێدی ئابووری بەرەو ڕوویە. تیراژی لوسانجلێس تایمز لە ١.١ ملیۆنە بۆ ڕێژەی ٧٤٠ هەزار دابەزیوە. هەر لەو سۆنگەیەوە ڕاست نیوەی نووسەران و ڕۆژنامەوانان لەسەر کارەکانیان نەماون.

ئێستا ئیتر گومان لەوەدا نییە کە گەورە شارەکانی ئەمەریکا لەمەوبەدوا

خـاوەنی ڕۆژنامـەی تایبـەت بەخـۆیان نین. ڕۆژنامـەی مـاینیـاپۆلیس سـتـار تریبوون لەبەر ئەوە ناتوانێ قەرزەکانی بداتەوە، ڕووبەڕووی مەترسی نەدانی قەرزی زیاتر لـەلایەن بانکەکان بووەتەوە و بە هـەمـان شێـوەش زۆر ڕۆژنامەی تریش هـەمـان کێـشـە و پرسگری ڕووی تـێ کردوون. زۆر لە ڕۆژنامـەگـەلێکی وەک مەیـامەی هـەراڵد و ڕۆکی مـونتەین نیـوز لە شاری دێنوەر خـۆیان هـەڕاج کـرووە و داخـوازی خـۆفـرۆشـتـنیـان کـردووە و هێـشـتـا کـڕیاریان بـۆ پەیدا نەبووە.

کێشـەکە ئەوەیە زۆر لە چاوەدێران لەو بڕوایەدان کە چۆن ڕۆژنامـەکانی سـەرکـاغـەز کـە هـەتـا دێن و زیاتر لاواز دەبـن چۆن بتـوانـن بەهـەمـان کڤالیتییەوە بازاڕێک بۆ خۆیان لە جیهانی دیجیتاڵدا ببیننەوە؟

## پاشکۆی تایبەت بە بەشی یەکەم

مامەڵە گەورە میدیاییەکان لە سوێد لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە

بازاڕی میدیا سەرەڕای تەنگژەکانی ڕۆژنامەی سەرکاغەز هەروا گەرموگوڕە. لە وڵاتی سوێد لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ بەدواوە ئەم مامەڵە گەورە میدیاییەکانە ئەنجام دراون:

* ساڵی ٢٠٠٨ چاپخانەی بۆنییەر و تەلەڤزیۆنی کەناڵی ٤ کە چەند ساڵێکە یەک خاوەنیان هەیە کەناڵی پلاسی کڕی. مامەڵەکە بایی ٣٠٠٠ ملیۆن کرۆنی سوێدی بوو.
* ساڵی ٢٠٠٨ دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ستامپێن، گیسابی بە بڕی ٥٦٠ ملیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٨ ناوەندی شیبستێد ٣٥ لە سەتی ڕۆژنامەی مێترۆ کە بەخۆڕایی لە شارە گەورەکانی سوێد لاو دەبێتەوە بە بڕی ٣٥٠ ملیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٨ کۆواری ئالێرش چاپخانەی فریدای بە بڕی ٢٠٠ ملیۆن کرۆن و هاچیتی دیسان بە بڕی ٢٠٠ ملیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٧ چاپخانەی بۆنییەر ٢٠ مەگەزین "کۆوار"ی لە ئەمەریکا کڕی مامەڵەکە بڕی ٢٠٠٠ ملیۆن کرۆن بوو.
* ساڵی ٢٠٠٦ ناوەندی شیبستێد هەموو پاشماوەی ماڵپەڕی گەورەی کڕین و فرۆشتنی ئینتەرنێتی ناسراو بە بلۆکێت" بە بڕی ٢٩٧ ملیۆن کرۆن کڕی.

* ساڵی ٢٠٠٦ کۆواری ئالێرش خزمەتی ئینتەرنێتی سپرای بە بڕی ١٥٠ ملیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٥ چاپخانەی ستامپێن، ڤی ئێل تی و میتمیدیا کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی نێزیک لە سەنتەر پارتی سوێد بە ١٨١٥ ملیۆن کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٤ چاپخانەی بۆنییەر، تەلەڤزیۆنی کاناڵی ٤ی سوێدی بە بڕی ١ ملیارد کرۆن کڕی.
* ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ستامپێن و دەزگای لینشۆپینگ پرێس هەر دوو پێکەوە ڤێ ئێل تێ یان بە بڕی ٧٧٨ ملیۆن کرۆن کڕی.

سەرچاوەکان:

ڕۆژنامەی ژورنالیستێن، ئۆرگانی سەندیکای ڕۆژنامەوانانی سوێد ژمارەکانی:
Journalisten november 2011
Journalisten december 2011

بەشی دووەم

# میدیا و پارە

## کولتوور و ڕۆژنامە و کولتوور و پارە

## سەرەتا

### ڕۆژنامەوانیی کولتووری چییە؟

ڕۆژنامەوانیی کولتووری ئەوە جۆرە لە ڕۆژنامەڤانییە کە هەڵسەنگاندن، تاووتوێکردن و لێکدانەوەی لایەنە کولتوورییەکان لە کۆمەڵگە وەئەستۆ دەگرێ. لێرەدا مەبەست لە چەمکی کولتوور هەموو لایەن و بەشە کولتوورییەکانە هەر لە کولتووری جوانەوە وەک ئوپێرا و باڵە بگرە هەتا کولتووری گەلەری وەک گۆرانی، موزیک، فیلم، دانس، جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوە. وەک نەریت بەشێکی گرینگ لە کولتوور ئەدەبیات و ڕەخنەی هونەری تەشکیلی وەبەردەگرێ بەڵام لە پێناسەی نوێی کولتووردا هەموو دیاردە کولتوورییەکان جێگە دەگرن و ئەرکی ڕۆژنامەڤانیی کولتووریش ئەوەیە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی قووڵ و هەمەلایەنە لە کولتوور پێشکێش بە خوێنەران یان بینەران یان بیسەران بکا. ئامانجی ڕۆژنامەڤانیی کولتووری ئەوەیە کە کولتوورەکان شی بکاتەوە، بەراوردی بکا و لە شێوازی تێکست و وێنەدا بەرەورووی تێگەیشتنی گشتی بکاتەوە.

ڕۆنامەڤانیی کولتووری لە خۆیدا دیاردەیەکی نوێ نییە و هەر لە سەدەی حەڤدەی هەزارەی ڕابردووەوە ئەودەم کە لە لەندەن لە بەریتانیا سەری هەڵدا هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ لە گەشەسەندن و پێشوەچووندا بووە. ڕۆژنامەڤانیی کولتووری لەپێشدا لە قاوەخانەکانی لەندەن سەری هەڵدا کە خەڵکی لەو قاوەخانەدا کۆ دەبوونەوە و باسی کولتووریان لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکرد و ئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی باس و موناقشەی کولتووری. دواتر وردە وردە لە سەدەی هەژدەدا باسە کولتوورییەکان لە ڕۆژنامەکاندا سەریان

هەڵهێنا. لە سەدەی نۆزدەدا باسەکان زیاتر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لە ڕۆژنامەکاندا هاتنە ئاراوە و لە کۆتاییی سەدەی بیستدا ڕۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەتیان بۆ کولتوور تەرخان کرد. لە وڵاتی سویددا یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠دا لاپەڕەی تایبەتی کولتووری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە. ئیمڕۆکە هیچ ڕۆژنامەیەک نابیندرێ کە بەشی کولتووری یان لاپەڕەی کولتووری نەبێ و بەتایبەتی ڕۆژانی پشوو لاپەڕەکانی بەشی کولتووری ڕەنگە بۆ نموونە لە لاپەڕەی دەنگوباس زۆرتر بێت.

ناتە نوگراد کریستێنسن Nete Nrgaard Kristensen لێکۆڵەرەوەی کولتووری لە دانیمارک لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژنامەڤانیی کولتووری لەم ساڵانەی دواییدا کەوتووەتە بەر گۆڕان. ئەم گۆڕانانە هەم بەرەو لای باشیدا ڕۆیشتوون و هەمیش لە هێندێک بوارەوە بەرەو لای خراپدا داشکاون. وەک لایەنی ئەرێنی قەد وەک ئێستا هیچ جارێک لە دانیمارک وەک ئێستا کە لە میدیاکاندا لەسەر کولتوور دەنووسرێ و دەگوترێ، پێشتر نەکراوە. ڕۆژنامەڤانە کولتوورییە نوێگەرەکانی ئیمڕۆ لە تێگەیشتنێکی بەرفراوانەوە بۆ کولتوور لە کولتوور دەڕوانن چونکە ئیمڕۆکە هەم پیشەسازیی کولتووری و هەم میدیای کولتووریش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. بابەتە کولتوورییەکان هەروەک ڕۆژنامەکان چۆن بۆ خۆیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەستوورتر دەبن ئەوانیش بە هەمان شێوە درێژتر دەبن. لەگەڵ ئەوەی تێکستە کولتوورییەکان لە جاران کورتترن بەڵام ڕازاندنەوەی تێکستەکان بە وێنە و نیگار بابەتەکانیان درێژتر کردووەتەوە. پێناسەی کولتوور بەپێی کریستێنسن وەک پێشوو تەنیا کولتووری جوان و کولتووری گەلەری وەبەر ناگرێ بگرە شێوەژیانیش وەک جۆری دیزاینی نێو ماڵ، هەڵواسینی گڵۆپ و هەموو فێنۆمێنێکی کولتووری دەگرێتەوە. سنووری نێوان ئەوەی چی کولتوورە و چی کولتوور نییە ڕەویوەتەوە، یان سنوورێک نابیندرێ.

## ڕۆژنامەوانی کولتووریی بازاڕێکی بەسوود

ناتە نوگارد کریستێنسێن لێکۆڵەرەوەی میدیایی لە زانکۆی کۆپنهاگن لە دانیمارک لەو باوەڕەدایە، لاپەڕەی کولتووریی ڕۆژنامەکان پرۆفایلی ڕۆژنامەکان دیاری دەکەن و زیاتر لە ستاتۆی ڕۆژنامە وەک سیاسەت و کۆمەڵگە کە بەردەوام دەکەونە لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامە، خوێنەر و ئابوونەی زیاتر بۆ لای ڕۆژنامەکان ڕادەکێشن.

لاپەڕەی ئەدەبی زۆر بەدەگمەن دەکەوێتە لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامە، بگرە هەموو کات جێگەیەکی لە پاشەوەی ڕۆژنامەکان بۆ دیاری کراوە. بەڵام کولتوور لە خۆیدا گرینگییەکی زۆری بۆ ڕۆژنامەکان هەیە و هەر بۆیە دەبێ زۆر زیاتر بخرێنە لاپەڕەی یەکەمەوە.

ناتە نوگارد کریستێنسێن و هاوڕێیەکی لێکۆڵەرەوەی بەناوی ئونی فروم لە زانکۆی ئارهویس لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەنجڕاکێشدا لەژێر سەردێری "ڕۆژنامەوانی کولتووری ڕۆژنامەڤانی لەسەر کولتوور" کە لە ساڵی ٢٠١١دا بڵاو کراوەتەوە باسی ئەوە دەکەن کە چۆن ڕۆژنامەوانی کولتووری لە چاپەمەنیی دانیمارکدا لە ١٩٠٠وە هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.




نوگارد کریستێنسێن و ئونی فروم

جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەرکی ئەوان لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە نەبووە هیوایەتی گۆڕانکارییەکان لە چاپەمەنیی دانیمارکدا بخەنە ڕوو بگرە مەبەستی ئەوان ئەوە بووە کە تەنیا باسی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەن کە لە ڕاستیدا ڕوویان داوە. ئەوان پاش ئەم لێکۆڵینەوە گەیشتوون بەو ئاکامە کە سنووری نێوان لەلایەکەوە بابەتی کولتووری کلاسیک و لەلایەکەی ترەوە خوێنەر و شێوازی ژیانی ڕۆژنامەوانی گۆڕدراوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

ئەو چەمکە کولتوورییەی کە ئەوان کاریان لەسەر کردووە چەمکێکی بەربڵاوە کە هەر لە کولتووری جوان وەک ئۆپێرا و دانسی باڵەوە بگرە هەتا کولتووری گەلەری و مەتریالی شێوەژیان وەبەر دەگرێ.

پێوەندیی بەوەی لەسەر چی بنووسرێ، دەکرێ هەموو شتێک هەر لە خواردن، مۆدەی جلوبەرگ، زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و گەمەی کۆمپیوتەرییەوە بگرە ببێتە مەبەست بۆ نووسینی ڕۆژنامەوانی کولتووری.

ئەم دوو نووسەرە بۆ ئەوەی ڕوون و ڕەوان بن لەگەڵ مەبەستەکانیان لە چەمکی تێکەڵاوی "ڕۆژنامەوانی لەسەر کولتوور" لە باتی "ڕۆژنامەوانی کولتووری" کەڵک وەردەگرن وەک چەمکێک کە تەنیا لەسەر کولتووری کلاسیک ڕاوەستە دەکا و خۆی بە کولتووری کلاسیکەوە دەبەسترێتەوە.

بەپێی بۆچوونی ناتە نوگراد کریستێنسێن ڕۆژنامەوانی لەسەر کولتوور زۆر کارکردی هەیە. وەک نموونەیەک دەکرێ هەواڵ و دەنگوباسی کولتووری لە نێوان بەرهەمهێنەر، فەرمیەتی و وەرگر یان کڕیار ئاڵوویر بکا و باس و خواسی تایبەتی بێنێتە گۆڕێ بۆ نموونە لێکدانەوەی هونەر، هەوڵدان بۆ باشتر تێگەیشتنی ئەو جیهانەی لێی دەژین و هەروەها ڕەخنەگرتن و شرۆڤەی ئەوەی کولتوور لە خۆیدا یانێ چی و مانای چ دەدا؟

نوگارد کریستێنسێن و ئونی فروم پێیان وایە ئەوەی لە ڕابردوودا



نوگارد کریستێنسێن

ڕۆژنامەکان خۆیان وەک ئەنیستیتۆی کولتووری دەزانی کە وەک ئەرک دەبوا خزمەتە کولتوورییەکان پێشکێش بە خوێنەرەکانیان بکەن، ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕۆژنامەکان بە شوێن کولتوورێکدا دەگەڕێن کە قازانج و بەرژەوەندیی هەبێ و بتوانێ هەرچی زیاتر خوێنەر بەرەو لای ڕۆژنامەکە ڕابکێشێ.

کاتێک ئیمڕۆ ماڵە میدیاییەکان ئابووری لە پێشەوەی هەموو شتێک دادەنێن، سروشتییە کە خودی کولتووریش دەکەوێتە بەر ئەم شاڵاوە. کولتوور لە خۆیدا وەک کەرەستەیەکی خاو دەکرێ لە فابریکای ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەدا بەشێوەی هەرە باش کەڵکی لێ وەرگیردرێ وەک بەرهەمی باش و بەپێز پێشکێش بە خوێنەران بکرێ. ڕۆژنامەوانی لەسەر کولتوور دەبێ پێش هەموو شتێک بتوانێ خوێنەری زۆرتر بۆ لای ڕۆژنامە ڕابکێشێ و لە باری ئابوورییەوە یارمەتیی بودجە و داهاتی ڕۆژنامە بکات.



ئونی فرۆم

نوگارد کریستێنسێن لەو

باوەڕەدایە هەموو ڕۆژنامەوانێک ئیمڕۆ چ بیەوێ و چ نەیەوێ بە شێوەیەکی دوفاکتۆ ئەو بەرهەمانە وەبەرهەم دێنێ کە بکرێ لە بازاڕدا بفرۆشرێ.

لە دانیمارکدا سیاسەت لە بەراورد کولتووردا دەکەوێتە لاپەڕەکانی هەر پێشەوەی ڕۆژنامەکان. سیاسەت هەم لە دیجیتاڵ و هەم بە شێوەی فیزیکی و لەسەر کاغەزیش دەتوانێ بۆ بەرهەمەکانی شێوازی ژیان کڕیار پەیدا بکا. وەک نموونە ئێکۆلۆژی لەگەڵ زەوق و میزاجی خوێنەری سیاسیی باش یەکدەگرێتەوە. ڕۆژنامەکان لە خۆیدا کاری کولتووری دەکەن و بە وەرێخستنی کتێبفرۆشی و چاپخانە پەرە بە لایەنە کولتوورییەکان دەدەن. پێوەندییەکی کەوانەیی و هەڤاڵبەندی لە نێوان ڕۆژنامە، چاپخانە و بەرهەمی شێوازە ژیانییەکاندا هەیە.

نوگارد کریستێنسێن و ئونی فروم لە لێکۆڵینەوەکەیاندا ئاماژە بە پرسێکی سەرنج ڕاکیش دەکەن ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا هەر دێ و بایەخی کولتوور بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکانی دانیمارکدا زیاتر دەردەکەوێ بەو حاڵەشەوە سیاسەت و باری سیاسی لە ڕۆژنامەکاندا بەرزترین ئاستی هەڵکەوتەی لەنێو ڕێداکسیۆنی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکاندا هەیە.

تێگەیشتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سیاسەت گرێ دراوە و کولتوور بەبوارێکی نەرم دەبیندرێ و هەر بۆیە لە ڕوانگەی ناتە نوگراد کریستەنسێنەوە بەهەمان شێوەش لە جیهانی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەدا هێشتا گرینگی بە لایەنی کولتووری ڕۆژنامەکان نەدراوە. وا دیارە هێشتا چاودێری بەسەر دەسەڵاتی دەسەڵاتداران و چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیراندا بۆ ڕۆژنامەوانی گرینگتر لە کولتوور و کولتووری ڕۆژنامەوانی بێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە وێنەیەکی خەیاڵی لە ڕۆژنامە چێ کراوە کە ڕۆژنامە فۆرم و سەکۆی دیمۆکراسی و بابەت و موناقشەی سیاسییە و ئەوە ڕۆژنامەکانن کە ڕۆژەڤی سیاسی دیاری دەکەن.

# ڕۆژنامەوانی کولتووری و پارە لە ڕوانگەی چوار سەرنووسیاری سوێدییەوە

**دانییەل ساندسترۆم**، Daniel Sandström

سەرنووسیاری ڕۆژنامەی سویدسڤێنسکا



دانییەل ساندسترۆم

ئێستا کولتوور دەبێ وەک بەشێک لەم بازارە گەورەیە دابندرێ. کولتوور بەشێکە لە بازاڕی ئابووری و ناکرێ لە بازاڕ و پارە جوێ بکرێتەوە. ئێمە وەک ڕۆژنامەیەکی گەورەی وەک سویدسڤێنسکا ناچارین کە چاودێرییەکی بەرفراوانمان بەسەر کولتوورەوە هەبێت. بێجگە لەوە سیاسەت و ڕۆژنامەوانی کولتووری پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکەی ئێمە ڕۆژنامەوانێکی وەک پەر سڤێنسۆن ئەوەندە کە ڕۆژنامەوانێکی سیاسی و کۆمەڵگەییە ئەوەندە ڕۆژنامەوانی کولتووریشە. بەڵام بەو حاڵەشەوە پێموایە دەبێ لاپەڕەی کولتووری هەمان قورسایی خۆی هەبێت و بە قیمەتی گرینگیدانی زیاتر بە بەشی سیاسی و کۆمەڵگەیی ناکرێ لە بەشی کولتووری دابشکێندرێ.

منیش پێم وایە کە کولتوور ئیمڕۆ پێناسەیەکی بەرفراوانتری هەیە لەوەی کە ڕابردوو پێناسە دەکرا. کولتوور دەبێ ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی

پێشـوەچوونەکـانی کـۆمـەڵگە لە هەمـوو بوارەکـان تەنانەت پێشـوەچوونە تەکنیکییـەکانیش بێت. هەر ئەوەی پێناسـەی کۆنی کولتـوور هەڵوەشاوەتەوە، ئەمە لەگەڵ خۆی هەم شیانی نوێ و هەم پرسی نوێشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

یەکێک لە پرسەکان کە مەترسیدارە ئەوەیە کە کولتوور ببێتە جێگەی باس و مـوناقـشـەی وشـکی سـیـاسی. واتە لە بـاتیی هەوڵدانی جـیـدیـی لاپەڕە کولتوورییەکان هەر تـەنیا ببێتە جێگەی قسەی بێ بنەما. ئیمڕۆ قسە زۆرە و کردەوە کەم وەک شاعیر توماس ترانسترۆمێر[10] دەڵێ "ماندووم لەوانەی کە تەنیـا وشـە دەردەبڕن، وشـە و تەنیـا وشـە بەڵام زمـانیـان نییـە". وەشـان و بڵاوکراوەیەکی دیموکراتیک خۆبەخۆ پێک نـایە، پێویستی بە کار و تێکۆشان و ئەزموون و زانست هەیە. ئەوەی کە پێی دەگوترێ پسپۆڕی.

وڵات لەگـەڵ وڵاتیش ڕۆژنامــەوانی کـولتـووری دەگـۆڕدرێ. بۆ نموونـە لە نێـوان سـوێد و دانیـمـارک جـیـاوازیی ڕۆژنـامـەوانی کـولتـووری هـەیە. لە دانیمـارک لە نێوان کولتووری ئیلیت و کولتووری خـەڵکی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە هیچ ڕۆژنامـەیەکی دانیمـارکی تیراژەکەی ناگاتە ڕۆژنامـەکەی ئێمـە ڕۆژنامـەی سـویدسـڤێنسکا. لە شـاری کۆپنهـاگندا ١٠ ڕۆژنامـە هەیە کە بۆ چین و گـرووپی جـیـاجـیـا بـڵاو دەکرێنەوە. لە سـوێددا ڕۆژنامــەکـان ڕوو لە زۆربەی خەڵکی دەکەن نەک چین و گرووپێکی تایبەتی.

زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی ئێمە هەمان کتێب ناخوێننەوە کە ئێمە لە ڕۆژنامـەکاندا هـەڵیـان دەسـەنگێنین. ئێـمـە نایەین و ڕێکلام بۆ ئەو کـتـێـبـانە بکەین بگرە ئێـمـە ئەو کـتـێـبـانە تەنیـا بە خـوێنـەرانمان دەناسـێـنین. ئەو کتێبـانەی کە پێمان وابێ بۆ کۆمەڵگا گرینگن و لایەنێکی شاراوە دەردەخەن ئێـمـە بۆ خـوێنەرانمان بـە گـرینـگیـان دەزانین. لە هەڵسـەنگاندن لـەسـەر

10. Tomas Gösta Tranströmer: تۆماس یۆستا ترانسترۆمێر شاعیری ناوە بەدەرەوەی سوێدی کە خەڵاتی ئەدەبیاتی ساڵی ٢٠١١ی وەرگرت.

کتێبێکدا دەبێ ئەو زانیارییانە بە خوێنەران بدرێ کە خوێنەران بۆ خۆیان بگەنە ئەو قەناعەتە کە ئاخۆ ئەو کتێبە بایەخی ئەوەی هەیە کە وەختێک بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە تەرخان بکەن یان نا؟ هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی کتێب لە لاپەڕەکانی کولتووردا پردێک لە نێوان کولتوور و خوێنەردا بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە چێ دەکا.

ئێستا لەلایەن گووگڵ، ئەپڵ و فەیسبووک مەترسییەک بۆ سەر بەرهەمی نووسەران، هونەرمەندان و خاوەن بەرهەمە کولتوورییەکانی تر هاتووەتە گۆڕێ. ئەم شەریکانە وەک کەرەستەی ئاسنرفێن کار دەکەن. ئەمان پێویستیان بە نێوەڕۆکە کولتوورییەکان هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو ناوەڕۆکانە بەرهەمی ئەوان نییە، خاوەن بەرهەم کەسانێکی ترن. بۆ نموونە شەریکەیەکی وەک گووگڵ هەموو کتێبی کتێبخانەکانی جیهان سکان دەکا و وەک مشەخۆر و پارازیت لەسەر ئەوان دەژی. لە کاتێکی وادا ئەوەی زەرەر دەکا خاوەن بەرهەمەکانن کە بەرهەمەکانیان بەخۆڕایی دەخرێنە هەوێڵی خەڵکی. هەر بۆیە نووسەر و گۆشەنووسان لە هەلومەرجێکی باشدا نین. پێشتر یارمەتییە کولتوورییەکان زۆر بوو و ئەمەش سەرچاوەیەکی داهات بوو بۆ بەشێک لەو نووسەرانە. بەڵام ئیمڕۆ تەنیا بارودۆخی ئەو ڕۆژنامەوانانە زۆر باشە کە دەتوانن لەم بازاڕەدا ڕکابەر و مونافسەکاری باش بن. هەر بۆیە هەژماری ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەسەر نووسینی خۆیان دەژین ئیمڕۆ لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کەمترە.

**ئۆسا لیندێربەری،** Osa Linderborg

سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت

لاپەڕەی کولتووری بەشێکی هەرە گرینگ لە ڕۆژنامەکەی ئێمە ئافتۆنبلادێت پێک دێنێ. هەر بۆیە لاپەڕەی کولتووری لە یەکەم لاپەڕەکانی ڕۆژنامە



ئۆسا لێندرێبەری

دادەنرێ. کولتوور لە ڕۆژنامەکەماندا دەبێتە هۆی ئەوە چینی مامناوەندیی خوێندەوار ڕۆژنامەکەمان بکڕن. کە ڕۆژنامەکان کولتوور و بەشی سەرگەرمی پێکەوە دادەنێن بەو مانایە نییە خەریکە ڕۆژنامەوانی کولتووری بەرەو ڕووخان دەچێ یان قورسایی جارانی نەماوە. پێکەوە بوونی ئەم دووانە یان لە پەنای یەکبوونیان بە مانای ئەوە نییە کە گرینگی بە کولتوور نادرێ. لاپەڕە کولتوورییەکان لە کوێی ڕۆژنامە دابنرێن و هەڵبکەون دەبێ تێکستی درێژیان تێدا بڵاو بکرێنەوە و ببنە هۆی ڕامان و تێفکرینەوەی قووڵ لای خوێنەران. گرینگ لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا ناوەڕۆکی بابەتەکانە.

ڕۆژنامەوانی کولتووری ئەو ئەرکەی لەسەر شانە  خوێندنەوەی بۆ جیهان هەبێ، پرسەکانی جیهان تاوتوێ بکا و لەسەر بایەخەکانی مرۆڤ و پێشوەچوونە کۆمەڵگەییەکان لێکدانەوەی هەبێت.

من لە بەشی کولتوور یەکجار زۆر دەستم ئاواڵایە. کەس هەوڵی نەداوە پێشم بگرێ و ڕام بگرێ. من هاوڕێ و دۆستم لە بەشی لاپەڕەی سیاسیی نزیک ڕوانگەی چەپ هەیە کە زۆرجار پرسیارم لێ دەکەن، هەتا کەی دەتوانی لە ئافتۆنبلادێت درێژە بەکارەکەت بدەی. بەڵام کەس هەوڵی نەداوە من ڕاوەستێنێ.

من دەزانم ئەو کارەی ئێمە دەیکەین، لای خەڵک بایەخی هەیە و بە گرینگی دەزانن. ئەوان بۆ ڕوکبێژی و ڕاستبێژیی ئێمە ڕێزیان هەیە. ئێمە دەبێ لەسەر بۆچوونەکانمان سوور بین و ژیان بە جیدی بگرین.

بەڵام ئەوە کە لاپەڕەی کولتووری لە ئافتۆنبلادێتدا هەرێمێکی ئارام و

ئاشتەواییـیە لایەنی چاک و خراپی هەیە. هێندێک جار کارەکانی ئێمە لە لاپەڕەی کولتووری وەک بەشێکی تایبەت و جیاواز چاوی لێ دەکرێ و ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوە بکەوینە قەراغەوە.

هێندێک جار بەشی هەواڵ و دەنگوباس لە بایەخی گرینگی کارەکانی ئێمە لە لاپەڕەی کولتووری تێ ناگەن. بۆ نموونە ئێمە بابەتێکی سەربەخۆی ڕێکوپێک و کار لەسەر کراومان لەسەر شەریکەی ئیکیا لە سوێد بڵاو کردەوە کە قەنەفەی وای فرۆشتووە کە بەهۆی زیندانیان لە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات لە حەفتاکاندا ساز کراوە. خودی ڕۆژنامەکەمان لەسەر ئەم بابەتەی ئێمە نەچوو و گرینگیی پێ نەدا بەڵام هەر ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە میدیاکانی نەرویج و ئەڵمانیا هەبوو.

دەبێ لە داهاتووشدا لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە دیسان تێکستی درێژ بڵاو بکرێتەوە، چونکە تەنیا بەو ڕێگەوەیە کە دەتوانین لێکدانەوە و شرۆڤەی قووڵ لە پرسەکان بکەین.

ئافتۆنبلادێت وەک ڕۆژنامەی سەر کاغەز نابێ تیراژی دابەزێ. ئەودەم ڕۆژنامەکە ڕۆحی لە دەست دەدا. ئەوجار ئێمە تەنیا گۆشەنووسی وامان ناوێ کە هەر زوو قەڵەم هەڵبگرێ و گۆشەیەکی کورت بە توندی بنووسێ. ئێمە دەبێ جێگە بەو نووسەرانە بدەین کە دەبنە هۆی پرسیار سازکردن و وەڵام و پرسیارەکان جێگۆڕکێ پێ دەکەن و پرسی نوێ و بابەتی نوێ دەئافرێنن. لە کاتێکدا کە ئێستا لە فەرمییەتدا هەموو شتێک بە توندی بەڕێوە دەچێ، دەبێ ڕۆژنامەوانی کولتووری خوێنەرانی خۆی زۆر بە جیدی وەربگرێ.


ئێمە لە بەشی کولتووریدا دەبێ دەرفەتی ئەوەمان هەبێ باسی هەموو شتێک لە ئازادیی بەیانەوە بگرە هەتا شەڕی ئەفغانستان بکەین. ئەمە تەنیا متمانەی زیاتر بەخوێنەران دەدا. ڕۆژنامەوانی دەبێ بسەلمێندرێ و بگوترێ

بەڵێ من باوەڕم بە قسەکانی تۆ هەیە.

من بەشبەحاڵی خۆم بەتەواوەتی جێگەی ڕەزامەندیمە کە ئافتۆنبلادێت ڕۆژنامەیەکە بە شێوەی بازرگانی بەڕێوە دەچێ. دەبێ ئێمە زۆر بەختەوەر بین کە دەوڵەت خاوەنی ڕۆژنامەکانمان نییە. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەکان دەبێ ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەی خۆیان لە بەرچاو بێ و قەد لە دەرەوەی پرەنسیپ و چوارچێوەکانی نووسین و ڕۆژنامەوانی، شتی تر بڵاو نەکەنەوە.

**ڕاکێل چووکری** Rakel Chukri
سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە سویدسڤێنسکا

کاتێک بەشی هەواڵ و دەنگوباس لە ڕۆژنامەیەکدا هەواڵێک دادەبەزێنێ، لاپەڕەی کولتووری بەکاوەخۆ و هێدی هێدی بەدواداچوونی هەواڵەکە دەکا، شرۆڤە و تاووتوێی دەکا و دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەواڵەکە لە بنەڕەتدا بۆ ڕووی داوە و بۆ جیهان بەو شێوەیە؟ ئەمە جیاوازیی ڕۆژنامەوانی کولتووری و بەشی ڕێداکسیۆنی دەنگوباسە لە ڕۆژنامەیەکدا. هونەر ئامرازێکە قەد تێکشکانی بۆ نییە. کاتێک ئێمە لەسەر هونەر دەنووسین ئەو شیانەمان دەبێ کە تێفکرینەوە لەسەر ئەوە بکەین کە بوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی چ مانایەکی هەیە.


ڕاکێل چووکری

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ئێمە وەک لاپەڕەی کولتووری تەنیا لەسەر کولتوور بنووسین. زۆرجار خوێنەرانمان بۆمان دەنووسن و پێیان وایە ئێمە لەسەر سیاسەت دەنووسین. بەڵام ناکرێ سیاسەت جیا بکەیتەوە و تەنیا

باسـی ئێسـتـیـتـیک بکەی. ئەودەمــە هونەر تـرس و سـامی نـابێ. کـاتێک سـیـاسـەت دێتـە ناوانـەوە ئەودەم تامـەزرۆیی بۆ باس و مـوناقـشـەی هزر و ئایدۆلۆجی زیاتر دەبێت.

ژمارەیەک پرسیار دەکەن بۆ کولتوور و شێوەژیان تێکەڵ دەکرێ، بۆچی لە جێگەی ئەوانە کولتوور و زانست نەبێ؟ ئەدەبیات جۆرێک لێکۆڵینەوەیە بەڵام زۆر کەس وەک سەرگەرمی دەیبینن.

خــەریکە ڕۆژنامــە ســوێدییــەکــان وەک ســیــاســەت لە پەنـاوە هێندێک ســەرچاوەی داهاتی تر ببـیـننەوە. لە کـاتێکدا داهاتی ڕێکلامــەکـان کـەم دەبێـتـەوە و ڕۆژنامـەکان تووشـی گرفـتی ئابووری دەبن، هەڵە نییـە ڕێگەی وەدەستـخـستنی سـەرچاوەی داهاتی تر ببیندرێتـەوە. بە مـەرجێک ڕۆژنامـە دوور بێت لـە گـەندەڵی. ڕۆژنامـەوانی کـولتـووری دەبـێ لەگـەڵ ڕۆژنامــەوانی کریاران تێکەڵ نەکرێت.

لە ڕۆژنامــەی ئوپسـالانیـا[11] خـەریکن پلەی باش و خـراپ بە کـتـێب بدەن. ئەمـە لای ئێمـە قـەت ڕوو نادا. لانی کەم هەتا ئەو کاتەی من سـەرنووسیـاری لاپەڕەی کـولتـووری لە سـویدسـڤـێنسکا بم. ئێمـە هـەڵسـەنگاندن لەسـەر کتێببـەکان دەکەین. بەڵام پلەی باش و خراپ و نمرە بە کتێبـەکان نادەین. ئەگەر هاتو لیستی نمرەمان بۆ کتێبەکان بڵاو کردەوە ئەوە هەڵسـەنگاندنی کتێبەکانمان دەکەوێتە ژێر پرسیار. ئەوە جۆرێک ڕێکلامکردنە و هیچی تر.

لاپەڕەی کولتووری دەبێ بایەخی کولتووریی هەبێ. من زۆر کەیفخۆشم بۆ نموونـە بە چاودێریی ڕۆژانەی ئافـتـۆنـبـلادێت بەســەر شـیـعـر لـە لاپەڕەی ئەدەبیدا.

١١. Uppsala Nya Tidning ئوپسـالانیـا تیـدنیگ یەکـێک لە گـەورە ڕۆژنامــەکـانی سـەرلەبەیانیـانی سـوێدییـە کـە لە شـاری ئوپسـالای سـوێد دەردەچێ. بەپێی ئەوەی ئوپسالا شاری زانکۆیە و بەزانکۆ ناسراوە، زیاتر بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئوپسلانیا بۆ بابەتی ئەکادیمی و زانستی تەرخان دەکرێ.

کەسێک کە ئابوونەی ڕۆژنامەکەی ئێمە دەکا و لە ساڵدا ٢٠٠٠ کرۆن دەدا دەبێ لە باتیی ئەوە ئێمە بابەتی قووڵ و بەپێزی پێشکێش بکەین. بابەتی قووڵ، قورس و گران تەنیا لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا هەن. ئەگەر هاتو ئەو بابەتە بەپێزانە لە ڕۆژنامەکان لابردران ئەوە ئەو ڕۆژنامانە وەک ڕۆژنامە خۆڕاییەکانیان لێ دێ.

واوێ دەچێ چینی مامناوەندی زۆرتر ڕۆژنامەکانی سەر کاغەز بخوێننەوە و خەڵکی تر و بەتایبەتی چینی کەمداهات و کرێکار ڕۆژنامە خۆڕاییەکان یان ڕۆژنامە لە ئینتەرنێتدا بخوێننەوە. بۆ نموونە هەبوونی پرسی قوتابخانە و زۆر پرسی تر، ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکی کۆمەڵگەیی و دیموکراسییە کە خەڵک لەم پرسانە دوور بن، ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ڕۆژنامە خۆڕاییەکان ئەو پرسانە بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە ناخەنە بەرباس.

**بیۆرن ویمان** Björn Wiman

سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەی داگێنسنییەتر

ڕۆژنامەوانی کولتوور برێتییە لە هەم نێوەڕۆک و هەم فۆرم و شێواز. چۆن وتارێک دەنووسرێ یەکجار گرینگە. ڕۆژنامەوانی کولتووری وەک لە سروشتی ئەرکەکانیدا دیارە ئازادترین شێوازی ڕۆژنامەوانییە. مرۆڤ بیر و هزری دەنووسێ و لە قووڵاییی دڵیشەوە باوەڕی پێیە.


بیۆرن ویمان

ڕۆژنامەوانێکی کولتووری بێجگە لەوە نوێنەرایەتیی بیر و تێڕوانینی خۆی دەکا، خۆی بە هیچ بیروباوەڕێکی تر نابەستێتەوە. ڕۆژنامەوانی کولتووری پێشوەچوونی زۆری بەخۆیەوە دیوە

و هێندێک بەشی بۆ نموونە گوتوبێژ لەگەڵ نووسەران لە ڕۆژنامەوانی کرپاری نزیک بووەتەوە.

لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەکەی ئێمەدا داگێنسنییەێتر زۆر لە پێشوەچووندایە و لەلایەن نەوەت لە سەدی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمانەوە دەخوێندرێتەوە. ئێستاش رۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت بە هەمان ڕێچکەی ئێمەدا دەڕوا و ئەوانیش ئێستا ڕۆژانی پشوو لاپەڕەی کولتووری بڵاو دەکەنەوە.


لاپەڕەی کولتووری داگێنسنییەێتر لە نێوان ڕۆژانی شەمموو و یەکشەمدا دابەش کراوە، لە پاشکۆی کولتووری ڕۆژانی شەمموودا چاودێری بەسەر کتێبدا دەکەین و لە پاشکۆی کولتووری ڕۆژانی یەکشەمدا، ڕیپۆرتاجی کولتووری، بیرورا و ئارتیکلی درێژ بڵاو دەکەینەوە.

کاتێک ئارتیکلی درێژی کولتووری بڵاو دەکەینەوە لەلایەن خوێنەرانمانەوە پێشوازیی باشی لێ دەکرێ.

## بیرکردنەوە بە پارە

### کولتوور و ڕۆژنامەوانی کولتووری

ئولڕیکا شەرنبەری، Ulrika Kärnborg


ئولڕیکا شەرنبەری

یەکێک لە بەرپرسانی ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر لە کاتی باس و موناقشە لەسەر کەمکردنەوەی لاپەڕەی کولتووری و داشکانی دەرکەوت بۆ ئەو بەشە وتبووی "هەموو کەس دەتوانێ هەڵسەنگاندن لەسەر کتێبێک بنووسی". ئەمە وتەیە لەو پەڕی سانایی ڕەستەدا لە خۆیدا گرینگە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە چۆن لەم ساڵانەی دواییدا چاو لە کولتوور دەکرێ.

لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، پەسپەر هۆکستروٚم ڕۆژی ٢١ی ئەپریل بانگەشەی ئەوە دەکا کە ڕقی لە کەسایەتییە کولتوورییە تەمبەڵەکان و ئەو نووسەر و هونەرمەندانەیە کە هەموو کات چاویان لە یارمەتیی دەوڵەتییەکانە. ڕەخنەیەکی گاڵتەجاڕانە چونکە ناوبراو بۆ خۆی لەسەر هەمان یارمەتییە دەوڵەتییەکان دەژی.

کەوایە با ڕەخنەگرەکان دەست لە نووسەران هەڵبگرن و لە باتیی ئەوە بڕێک لە بیری خۆیاندا بن. بەڵام کێشەکە وادیارە تەنیا کولتوور نییە بگرە تەواوی کاروباری وەک لێکۆڵینە، هونەری و هی تر کە هەموو وەختێکیش کاتێکی زۆریان پێویستە کەوتوونەتە بەر تەوژمی داشکان و پارە لێ بڕین.

هێندێک جار هەست دەکرێ ئەم جۆرە تێڕوانینە بەرەو لای ئیرەییبردن و وەرگەڕانەوەی چینی شڵەژاوی مامناوەندی بەرەو پیسکەیی و قرنیسی زیاتر وەرگەڕاوە. ئەوان تەنانەت دەیانەوێ بڵێن و بۆ لە کاتێکدا ئێمە ڕاکەڕاکەمانە ئەوان تەنیا لە باتیی بیرکردنەوە پارە وەردەگرن؟

لە سوێدێکدا کە باس باسی داشکاندنی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانە و خەڵک زیاتر لەلایەن خاوەنکارەوە کەوتوونەتە ژێر تەوژم، بەداخەوە هەمان دیاردەش ڕووی لە کولتوور کردووە.

ئوسا لێندێربەری لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێتدا ڕۆژی ٩ی مارس نووسی ئەم پرسی داشکاندنانە تەنیا لاپەڕەکانی کولتووری و ڕۆژنامەوانی کولتووری ناگرێتەوە بگرە زۆربەی بەشەکانی زانستی ئینسانی لە سوێددا دەگرێتەوە. بەڵێ، ئەمە پرسێکە بۆ هەموو ژیانی کولتووری. ئەم حکوومەتە دەستەڕاستەی ئێستا لەسەر دەستەڵاتە، سیاسەتێک بەڕێوە دەبا کە کاریگەری لەسەر کولتوور دادەنێ ئێستا نا بگرە زۆر ساڵی تر لە داهاتووشدا ئەمە باشتر دەردەکەوێ. تەنیا کولتووری ڕۆژنامەوانی نییە کە کەوتووتە نێو تەنگژە.

زۆربەی ئەنیستیتۆ کولتوورییەکان هەر ئێستا لەژێر پاڵەپەستۆیەکی وای ئابووریدان کە خەریکە لێک داوەشێن و مەترسیی ئەوە هەیە ئێمە پەی بە ڕۆڵی گرینگی ئەوان لە کۆمەڵگەدا نەبەین هەتا پاش لەنێوچوونیان. سوێد وڵاتێکی بچووکە بەڵام نەریت و ترادیسیۆنێکی دوور و درێژی ئەزموونی کولتووری هەیە. مەترسیی ئەوە هەیە ئەوەی ئێمڕۆ دەڕووخێ و لێک هەڵدەوەشێ سبەی بەئاسانی چاک نەکرێتەوە.

لەبەرئەوەی ژمارەیەک ڕقیان لەم کولتوورە گشتییەیە دەیانەوێ لە باتیی ئەوە کولتوورێکی بژاردە بۆ ئیلیت و چینی تایبەت وەبەرهەم بێنن. بەمەش دەیانەوێ ئەو پرۆسە دیموکراتیزەکردنە کە چینی کرێکار لەم وڵاتە دەستی

پێکرد، ڕابگرن و کولتوور بگەڕێننەوە بۆ سەدەی هەژدەم.

چەند ساڵێکە ئەوانەی کار لەگەڵ کولتوور دەکەن هەست بەم ئاڵوگۆڕە دەکەن و زۆر نیگەرانن. بۆ نموونە ئەگەر تیاتری شاری یۆتۆبۆری نەتوانی دەستەبەری تیاترێکی هونەری بۆ خەڵکی یۆتۆبۆری بکا. ئەدی گرووپە ئازادەکان ڕوو لە کامە لا بکەن؟ ئەگەر ڕۆژنامەوانییەکی کولتووری لە ئاستی هەرە بەرز نەتوانێ هەموو وڵات دابگرێ ئەدی بوونی میدیا گشتی و گەلییەکان چ مانایەک دەدەن؟ ئەدی بلۆگنووسەکان لەسەر چی بنووسن؟ ئەگەر ئێمە لە ئەنیستیتۆی زانستە ئینسانییەکان دابشکێنین، دەزانن چ بەڵایەک بەسەر زمان، ئەدەبیات و لێکۆڵینەوە دێت؟

قەواغی بەبێ ناوک و قەراغی بەبێ لاگر و نێوەڕاست بوونی نییە. لە هێندێک شوێن لە ستۆکۆڵم بۆ نموونە لە زانکۆی هونەری تەنانەت باسی ئاوا دەستی پێ کردووە کە زانکۆ بۆ خۆی ڕەخنەگرێک دابمەزرێنێ بۆ ئەوە درێژە بە ڕەخنەگری هونەری لە زانکۆ بدرێ.

ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە و هیچی تر. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەلتەرناتیڤە دیموکراتیک و داهێنەرییەکان خەریکن لەنێو بچن.

باسی ئەوە دەکرێ کە تەنگژەی ڕۆژنامەوانی کولتووری بەشێکە لە تەنگژەی نێو ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکان کە بوون و مانەوەیان لە هەموو جیهانی ڕۆژئاوادا کەوتووەتە مەترسی بەتایبەتی لە بەریتانیا و لە ئەمەریکا. ئەمە ڕاست نییە یان لانی کەم هەموو ڕاستییەکان نییە.

کاتێک باسی ڕۆژنامەوانی بە گشتی دەکرێ زۆر تروسکەی ڕووناکایی هەن کە من پێیان خۆشحاڵ دەبم. بۆ نموونە ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکان زۆر دانەبەزیوە بە هەمان ڕادەیەک کە داهاتی ڕۆژنامەکان دابەزیووە.

بەپێی ڕۆژنامەی نیو ستەیتمەن New Statesman ئینگلیسییەکان لە هەموو کاتێک زیاتر ڕۆژنامە دەخوێننەوە لەگەڵ ئەمەش پرسەکە ئەوەیە کە

ئەوان لە هەموو کاتێک زیاتر کەمتر ڕۆژنامە دەکڕن. ئێستا ئەلتەرناتیڤی ڕۆژنامە جێگرتووە بەیانییەکان هەتا دێ زۆرتر و زۆرتر دەبن. ڕۆژنامەکانی وەک فوکوس Fokus، فیلتێر Filter، ڤی Vi و داگێنس ئارێنا Dagens Arena لە ئینتەرنێت ئێستا بابەتی قووڵ و بەپێزی باش پێشکێش دەکەن.

هەموو تێکڕای کولتووری ڕۆژنامەوانی نییە کە وردە وردە دەستی کردووە بە خۆهەڵوەشاندنەوە. لەلایەکەوە کۆوارە بچووکە کەم تیراژەکان و لەلایەکی ترەوە میدیا پان و بەربڵاوەکان کە خۆیان تەنیا بە باس و موناقشەی نێو بلۆگەکان لە ڕێگەی ڕێکلامی وەک کڕینی کتێب، فیلم و دیڤیدی، بڵاوکردنەوەی پۆرترێتی نووسەران، پێشنیازی کتێب و هەڵسەنگاندن (کە هەموو کەس دەتوانی بینووسێ) خەریک دەکەن و لەو ڕێگەیەوە دەژین، هەر لە بەردەوامیدان. لەلایەکەی ترەوە باسی جیدی، ڕێپۆرتاج و لێکۆڵینەوەی قووڵ خەریکن ون دەبن لەبەر ئەوە ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە جیاواز لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی بەمەبەست، تێچوو و دەرکەوتی زیاترە و وەبەرهەمهێنانی گرانتر و دەرکەوتهەڵگرە.

سەیر نییە کە ژیانی کولتووری هەڵوێستی سێکتەریستی لە بەرانبەر ئەمەدا وەردەگرێ. چونکە ئەوەی کە هەر ئێستا دەستەیەکی بچووکی ڕەخنەگرن هەر دێ و ئەوانیش بچووکتر و بچووکتر دەبن. ئەگەر هاوچەرخەکانمان گرینگی بە ئێمە نەدەن چۆن ئێمە گرینگی بە هاوچەرخ بدەین؟

یەکێک لە دوا ژمارەکانی کۆواری تال Tal ژمارە ١٠ کە بە هۆکارێکی نەناسراو سەردێڕی "شەپۆلێکی نوێ" بۆ خۆی داناوە، نوێنەرایەتیی ئەم ستراتیجییە دەکا.

پرسەکانی ترسی ژیانی کولتووری لەگەڵ ئەو نووسەرانەی لە بابەت بابەتەکانیان پارەی کەمتر وەردەگرن لەبەرئەوەی لاپەڕە کولتوورییەکان

ناتوانن بیانژێنن لەم ژمارەیەدا خراوەتە بەرباس و تاوتوێکردن. بەڵام نەک لە ڕوانگەیەکی نوێخوازانەوە.

بەداخەوە چارەسەرییەکە لەوەدا ڕەچاو کراوە کە خودی پرسەکە لە بیر بکرێ و پشتی تێ بکرێ. لەودا هاتووە نووسەران زێدە پێیان باشە لەگەڵ کریتسی دەوروبەری خۆیان هاتوچۆیان هەبێ و خەون بە گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی سەدەی بیستەمەوە دەبینن. ئەمە هەڵوێستێکی بەرگرییانەیە و زۆر سەهل و ئاسان. ئەمە جێگە بۆ ئەوانە خۆش دەکا کە دەیانەوێ کولتوور وەک بەشێک لە سەرگەرمییەکی پیشەسازییانە لە بازاڕدا ببینن.

ڕۆژنامەوانی کولتوورییی باش بێگومان پێوەندیی بە پارەوە هەیە ئەو پارەیەی کە ئێستا لە میدیا نەریتییەکاندا کەم ماوە، بەڵام هاوکات ڕۆژنامەوانی کولتووری پێوەندیی بە متمانە بەخۆبوونیشەوە هەیە. لە کاتێکی وادا ئیتر ناهێڵین تەنگژەی ئابووری و کەمیی داهات دواین بڕیار لەسەر ڕۆژنامەوانی کولتووری بدا.

لە کاتێکدا لە بەشی دبەیت و سەروتاری ڕۆژنامەکاندا ژمارەیەک ڕۆژنامەوان بە شوێنپێی دەسەڵاتی دەستەڕاستدا دەڕۆن و ئاو لە ئاشی ئەوان دەکەن و هاوکات دەنگە قایمەکان ون دەبن، پێویستە باسی فیکری و دیتنەوەی ئەلتەرناتیڤ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر لە ڕۆژنامەکاندا ببیسترێن.

## تەنگژە، کامە تەنگژە؟

**ستێفان ئێکلوند** STEFAN EKLUND

سەرنووسیاری ڕۆژنامەی بورۆس تیدنینگ Bors Tidning کۆتاییی ٢٠١٠

لۆتا لۆتاس Lotta Lotass یەکێک لە ناسراوترین و خاوەن بەپێزترین بەرهەمە لەم دەیانەی دواییدا لەنێو نووسەرانی سویددا. لۆتا هەم ئەندامی ئەکادیمیای سوێدە و هەمیش یەکێک لەو نووسەرانەیە کە لەبەر هزری بەربلاو و هەمەلایەنەی جێگەی ڕێز و بایەخی ئەدەبیاتە.



ستێفان ئێکلوند

بەو حاڵەشەوە کاتێک ڕۆمانێک بلاو دەکاتەوە لە ٣٠٠ دانە زیاتری لێ نافرۆشرێ. هەر بۆیە ئەو ناچار بووە کە ڕۆمانی سپارتا Sparta لەسەر ئەرکی خۆی لە قەوارەیەکی سادە و ژمارەکراو بە تیراژی ٣٠٠ دانە بلاو بکاتەوە. ئەم ڕۆمانە دەکرێ تەنیا لە ڕێگەی ئیمەیلەوە داوا بکرێ و لە بازاڕ و کتێبفرۆشییەکاندا نییە و تیراژێکی زیاتری لێ بلاو نابێتەوە.

من زۆر خۆشحاڵم کە ژمارە ٩٢ی ئەم ڕۆمانەم هەیە. کتێبەکەی لۆتا شایەتی ئەو ڕاستییەیە کە چۆن ئێستا کولتووی نزم جێگەی کولتووری بەرزی گرتووەتەوە. کە چۆن کتێبێکی وا بەپێز لەبەر بازاڕی کتێب هەژمارێکی ئەوەندە کەمی لێ بلاو دەبێتەوە. ئەمەیە هەلومەرجی خراپی چاپ و بلاوکردنەوەی بەپێز.

ڕاست چەمکی "کولتووری بەرز وەک کولتووری نزم" ناسناوی نووسینێک بوو کە لەلایەن ئەکادیمیای سوێد چەند ساڵێک لەمەوبەر بڵاو کرایەوە کە لەودا باسی پرسی بەپێزی و ئاستی بەرزی نووسین کرابوو کە لەم سەردەمەدا نرخی نەماوە.

بە زمانێکی تر کولتووری بەرز ئێستا لە بارودۆخێکی خراپدایە. لانی کەم لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا کە سیاسەتی کولتووری گۆڕانی بەسەردا هاتووە. پێشوو سیاسەتی کولتووری بیرورا چیکەر بۆ گەل بوو ئێستا قورسایی سیاسەتی کولتووری لەسەر ئەوەیە کە چۆن بتوانن کڕیاری زۆرتر بۆ کولتوور پەیدا بکەن.

بەڵام شانسمان هەیە کە لاپەڕە کولتوورییەکان هەر ماون. لەو لاپەڕانەدا بەبێ ئەوەی یەکێکیان لێ دەربخەم بە تایبەتی لە ڕۆژنامە ناسراوەکان هێشتا ڕوانینی کولتووری ماوە و ئێستاش سەرنج دەدرێتە کولتووری بەپێز و بەکڤالیتی. من نازانم ئەو هێزانەی کە بەشێوەی ڕێکوپێک تەنگژەی ڕۆژنامەوانی کولتووری دەخەنە مەیدان، لە کوێیەوە وزە وەردەگرن.

ئەگەرتەنگژەیەکی کولتووری هەبێ ئەوە ئەو تەنگژەیە هۆکاری سیاسیی هەیە نەک میدیایی. هەتا ڕادەیەک ئەوە ڕاستە کە قورسایی باسەکە لای سەرنووسیارانی لاپەڕەی کولتوورییەکانە بەڵام دیسان ئەوەش لە بیر نەکرێ کە ئەوان بەتەواوەتی ئەو ئازادییەیان هەیە کە کامە کتێب هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێ و کامە نەکرێ. لەو باوەڕەدام کە کتێبەکەی لۆتا لۆتاس حەتمەن لەم ڕۆژانەدا لە لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامە گەورەکاندا لەسەری دەنووسرێ.

لە ماوەی بوونی من[١٢] لە سڤێنسکا داگبلادێت و هەروەها پێوەندیی

١٢. ستێفان ئێکلوند بەر لەوەی ببێتە سەرنووسیاری بورۆس تیدنین، سەرنووسیاری لاپەڕەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت بوو.

گەرمی من لەگەڵ خوێنەران ئەم باوەڕەم لا زیاتر بەهێز بوو کە بایەخێکی ئەوتۆی کولتووری هێشتا لای ئێمە ماوە. مەسەلەکە ئاوایە کە هێشتا ئەو ئیدیالە بیروڕاچێکردنەی کە کۆمەڵگە دەستی لێ شتووە لە لاپەڕە کولتوورییەکانی وڵات ماوە. بێجگە لەوە خەڵکێکیش هەن کە عەوداڵی ئەوەن و هۆگری لاپەڕە کولتوورییەکان. تەنیا وەک نموونە بەڵگەشم ئەوەیە کە یەک لاپەڕەی تەواو لە لاپەڕەی کولتووری لە سڤێنسکا داگبلادێت بۆ کولتووری بەرز تەرخان دەکرێ.

لاپەڕەیەکی تەواو تێکست بۆ ئەو بابەتانەی نووسەرەکانیان وەک پەپوولەی دەرووی مۆم بۆیان دەسووتێن هەتا بە خوێنەرانیان بگەیەنن. ڕەنگە ئەمە وەک کۆنەخوازی بژمێردرێ بەڵام ئەو لاپەڕەیە ئێستاش لاپەڕەیەکی پڕ حەزکردووی سڤێنسکا داگبلادێتە، لاپەڕەیەک کە هەم لە ڕۆژنامەکە و هەم لە ژیانی کولتووری سوێد هەر وا زیندووە.

ماوەیەک لەمەوبەر نووسینێکی نوێ و جێگەی سەرەرنجی ئینگرید ئێلام Ingrid Elam لەژێر سەردێری سنوورەکانی ڕۆژنامەوانی کولتووری کە بە حەز و تاسەی زۆرەوە لە ڕۆژنامەوانی کولتووری دەکۆڵێتەوە، خوێندەوە.

بە گۆشەنیگایەکی دیرۆکییەوە دەست پێ دەکا. ئینگرید ئێلام باسی ئەو جیاکردنەوە و تایبەتکردنانە یان ژانرەکانی ئێستا دەکا، کە چۆن گۆشەنووس هەر دەبێ گۆشە بنووسێ، ڕەخنەگران هەڵسەنگاندن دەنووسن و ڕۆژنامەوانانیش ڕیپۆرتاج دەکەن و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن. ئەوەی کە لە ڕابردوودا وا نەبوو و سنووری نێوان ئەو بەشانە وا دیاری نەکرابوون، وەک سەردەمی ئالمکڤیست Carl Jonas Love Almqvists.

ئەگەر من بۆم هەبێ مەزەندەی ئەوە بکەم ڕۆژنامەوانی کولتووری ئیمڕۆ بەرەو کامە لا دەڕوا، ئەوە من شیمانەی یەکەمم بەرەو سەردەمی ئالمکڤیست دەچێ.

ڕەهەندێکی گەورە هەیە کە ڕۆژنامەوانی کولتووری بەرەو ئازادبوون بەبێ لە بەرچاوگرتنی کامە بەشی کولتوورییە هەنگاو دەنێ و بەبێ لە بەرچاوگرتنی سەرەڕۆی بەشە تایبەتییەکان بەهۆی دەربڕینی هونەرییەوە خوێندنەوەی بۆ جیهان و کێشەکانی هەیە. ڕۆژنامەوانی کولتووری ئۆبجەکتیڤ هیچ داهاتوویەکی نییە.

شیانە لەبڕانەهاتووەکانی میدیا ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێشوەچوونەکان بەرەو ڕۆژنامەوانییەکی کولتووری دەڕوا کە ئیتر لەنێو ژانرەکاندا خۆی نابەستێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا ترسی ئەوە هەبووە کە بلۆگنووس و سوارچاکانی تری لەو بوارانەدا ببنە مەترسی بۆ سەر ڕۆژنامەوانی کولتووری جێگەگرتوو. بەڵام بوونی ئەمانەش لە خۆیاندا پێویستن. ئینتەرنێت ئەو فوروومە نییە کە بەتەواوەتی بەپێزی و ئاستی کڤالیتی بەرز بکاتەوە. ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە گرینگی لە شێوازی بڵاوکردنەوەکەیدا نییە بگرە گرینگی لە ناوەڕۆکەکەیدایە. یان بە دەربڕینێکی تر نووسینی باش، نووسینی باشە ئیتر بە هەر شێواز و بە هەر ڕێگەیەکدا بگەنە وەرگر جیاوازییان نییە.

بەشی سێیەم

# کتێبی دیجیتاڵ و
# پێشوەچوونەکان لە بازاڕی کتێبدا

## له باتیی سەرەتا

### کتێبی دیجیتاڵ یان ئینتەرنێتی چییە؟

کتێبێکی دیجیتاڵ یان ئەلیکترۆنیکی؛ کتێبێکە کە بە تێکست و وێنەکانیەوە بەشێوەی دیجیتاڵ بڵاو دەبێتەوە و لەسەر کۆمپیوتەر، یان تەختەی خوێندنەوە یان مۆبایل تەلەفۆنەکان دەخوێندرێنەوە. هێندێک جار کتێبی دیجیتاڵ تەنیا کتێبێکی ئاساییە بەڵام هاوکات دەکەوێتە سەر ئینتەرنێت و لە نێتدا دەخوێندرێتەوە. یان ئەوە کتێبەکە هەر لە بنەڕەتەوە وەک کتێبی دیجیتاڵ بۆ خوێندنەوەی دیجیتاڵ چێ کراوە.

له ژمارەیەک فەرهەنگدا و یەک لەوان فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆردا کتێبی دیجیتاڵ وەک "شێوازی ئەلیکترۆنی کتێبێکی ئاسایی" پێناسە کراوە بەڵام کتێبی دیجیتاڵی وا هەیە بەبێ ئەوەی لەپێشدا بە شێوەی ئاسایی چاپ بکرێ، هەر لە بنەڕەتدا وەک دیجیتاڵ وەبەرهەم دێت.

مێژووی سەرهەڵدانی کتێبە دیجیتاڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی گوتێنەبەرگ Project Gutenberg و یەکەم جار ئەم جۆرە کتێبانە لە ساڵی ١٩٧١دا پەیدا بوون.

بەڵام یەکەم کتێبە دیجیتاڵییەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی گشتی نەبوون و تەنیا گرووپێکی بچووک دەیانتوانی کەڵکی لێ وەرگرن. لە ساڵی نەوەتەکاندا کە فایلە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر برەویان پەیدا کرد و ناردنیان ئاسانتر بوو بە هەمان شێوەش کتێبە دیجیتاڵییەکان وەک فایل زیاتر کەوتنە بازاڕی ئینتەرنێت.

کتێبە دیجیتاڵەکان لە فۆرماتی جیاوازدا بەهەموو لایەکدا لە ئینتەرنێتدا کەوتنە بەردەستی خەڵکی. شەریکەی ئامرازی نەرمی ئەداب Adobe بە بەرهەمهێنانی پی دی ئێف PDF گورو تینێکی زیاتری خستە نێو بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ و لەلایەکی ترەوە شەریکەکانی تر بە پرۆگرامی تایبەت بۆ کردنەوەی کۆدەکان بۆ خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان کارئاسانییان کرد.

سەرچاوە:

ویکیپیدیا Wikipedia

http://sv.wikipedia.org/wiki/E-bok

## له گوتێنبەرگەوە بۆ ئایپاد

**کالە مەگنسۆن**[13] Kalle Magnusson


کالە مەگنسۆن

کاتێک کتێبەکان دیجیتاڵیزە دەبن و بە شێوەی جۆرەوجۆر لەسەر تەختەی خوێندنەوەی جیاواز دەخوێندرێنەوە، کاتێک دانانی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر کتێبەکان لە خۆیاندا دەبنە بەشێک لە ئەزموونی خوێندنەوەی کتێب. ئیتر کتێب ئەو کتێبە نییە کە تۆ کڕیوتە بگرە خزمەتێکە کە تۆ خۆتت لەگەڵ گرێ داوە. لەمە بەدوا کتێبەکان شیانە نوێیەکان دەخوڵقێنن.

کولتووری ئێمە دەکەوێتە ژێر کاریگەری جۆری لە پاکت خستن و هەروەها تەکنیک و شێوازی پێشکێشکردنی و گەیاندنی بە وەرگر. هەر لە شێوازە کۆنەکانەوە بگرە هەتا چاپکردن و ئێستا دیجیتاڵیزەکردنی تەکنیک کاریگەری بەسەر کولتوورەوە هەبووە. هەموو کاتێکیش و لە هەموو جۆرە تەکنیکێکدا هەرێمی ڕووناکبیری و هزر و هەموو کولتوور بەگشتی

١٣. کالە مەگنسۆن نووسەری سوێدی کە زیاتر نووسینەکانی لەسەر کتێبە دیجیتاڵییەکانن و هەموو نووسینەکانیشی لە بلۆگی تایبەتیی خۆی بەناوی "داهاتووی کتێب" بڵاو دەکاتەوە. لە هاوینی ٢٠١١دا کتێبێکی بەهەمان ناوی "داهاتووی کتێب" بەزمانی سوێدی بڵاو کرایەوە. (وەرگێڕ)

بەرەوپێشەوە چووە. بەڵام لە هەر شێوازێکیشدا هەر لە دەسپێکی تەکنیکی تازەوە هەتا گەیشتن بە ڕەهەندی تەواوی خۆی ڕەنگە سەدان ساڵیش کاتی گرتبێت.

وەک نموونە تەکنیکی چاپ لە نێوەڕاستی سەدەی ١٤٠٠دا سەری هەڵدا. بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاریگەری تەواوی لەسەر کولتووری ئێمە دانا نزیک بە ٤٠٠ ساڵی خایاند. ڕاستە چاپ لە ١٤٠٠دا پەرەی ئەستاند بەڵام هەتا لە سەدەی ١٨٠٠دا نەگەیشتینە شۆڕشی پیشەسازیی کتێب نەکەوتە هەوێڵی زۆربەی خەڵک. پێش لەو سەردەمە کتێب شتێکی نایاب بوو کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم دەکەوتە دەستیان و کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەو سۆنگەیەوە بڵاوبوونەوەی کتێب و پەرەگرتنی کتێب بەر لەوەی قەرزداری داهێنەری چاپ گوتێنبەرگ بێت مەدیۆنی شۆڕشی پیشەسازی بوو. شێوازی هەرە نوێی ئێستا دیجیتاڵیزەکردنی تێکستە بەڵام ئەم شێوازە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ تەکنیکەکانی پێش خۆی جیاوازیی بەرچاوی هەیە.

لە کاتێکدا تەکنیکی چاپ ٤٠٠ ساڵی خایاند کە کاریگەری لەسەر خو و ڕەوشتی خەڵک دابنێ تەکنیکی ئینتەرنێت تەنیا بە دوو دەیە کاریگەری خۆی دانا. دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ لێشاوی تێکست لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بڵاو بووەوە و لە هەمانکاتدا بەشێکی زۆر لە چالاکییە ڕووناکبیرییەکانی ئێمە لە هەمان ڕێگاوە بڵاو بووەوە. لە چاپەوە بۆ وێب. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وشەی چاپکراو لەسەر کاغەز ناچار ما، بوونی خۆی و پێویستی مانەوەی خۆی بسەلمێنێ.

ئەمە بەهەمان شێوە لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا وەڕاست گەڕا. کاتێک چالاکییە ڕووناکبیرییەکان زۆرتر لە ئینتەرنێتدا بڵاو بوونەوە هەتا لەسەر کاغەز ئەوە مێژووی ئەدەبیات بۆ ئەوە پێویستیبوونی خۆی بسەلمێنێ ناچار بوو لەسەر کاغەزەوە خۆی بگوێزێتەوە بۆ سەر ئینتەرنێت و خۆی دیجیتاڵیزە

بکا. هەر ئێستا ئێمە ئەم پێشوەچوونەش کە لە قۆناخی دەستپێکی خۆیدایە، دەبینین.

***

کەوابوو چی بەسەر کتێبی سەرکاغەزدا دێت؟ ئاخۆ کەوتووەتە بن مەترسی؟ ئاخۆ چاپ بەرەو لاوازی و قەراغ دەڕوا؟ نا، سالآنە بە سەدان هەزار کتێبی نوێی چاپ لە پانتاییی جیهاندا چاپ دەکرێ. کەس لەو باوەڕەدا نییە کە کتێبەکانی سەر کاغەز لە شەوێکدا ون بن. بەڵام هاوکات ڕاستیش نییە کە پێمان وابێ هەتا سەر و بۆ هەتاهەتایە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

تەنانەت ئاکتۆرەکانی نێو بازاڕی کتێبی سوێدی کە زۆر دژی دیجیتاڵیزەبوونن، ئەوانیش لەگەڵ ئەوە هاودەنگن کە گۆڕانکاریی گەورە بەڕێگەوەیە و لە بەردەم قۆناخێک و سەردەمێکی نوێداین. لەمەوبەدوا هەتا دێ و زیاتر تێکستەکان لە باتیی چاپکردن و سەر کاغەز دەکەونە سەر شاشەکان. ئەمە هەر ئێستا لە ئاستێکی نزمدا بۆ زۆربە بووەتە ڕاستییەک و بۆ هی تریش هێشتا چەند هەنگاوێکی بۆ گەیشتن بەوە ماوە.

کەی و چۆن ئەم گوێستنەوە لە چاپەوە بۆ دیجیتاڵ گشتیگر دەبێ (دیارە ئەگەر ببێ) زۆر پێویست بە دانی مەزەندە ناکا بەڵام ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە هەر ئێستا ڕەوتی لە چاپەوە بۆ دیجیتاڵ دەستی پێ کردووە. ئەمە لە هەموو کەس ڕوونە و هەمووشمان لەسەری هاودەنگین.

لەلایەکی ترەوە ئاخۆ ئەم ڕەوتە هەموو بەرهەمهێنەران، بڵاوکەرەوە و چالاک لە بواری نووسین و کتێبدا وەک یەک دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی؟ کۆدەنگییەکی تەواو نابیندرێ.

***

کاتێک من لەسەر هەنگاوەکانی چاپ و بڵاوکراوە بۆ جیهانی دیجیتاڵ

وتەیەک پێشکەش دەکەم زۆرجار باس لە "لاپەڕە هەڵدانەوە، هەستکردن و چوونە قـــووڵاییی ئارگـــومـــێنت 'بەڵگەهێنانەوە' " دەکـــەم. زۆرجـــار بەڵگەهێنانەوەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ شک و گومان لەسەر ئەوە کتێبەکانی سەرکاغەز دیجیتاڵیزە دەبن و لە باتیی کاغەز لەسەر شاشە دەخوێندرێنەوە، سەرهەڵدەدا. ئەوانەی شک و گومانیان هەیە دەڵێن کە تێکستێک لەسەر تەختـــەی خـوێندنەوە، مـۆبایل، شـاشـەی کـۆمـپـیـوتەر یان ئایپادێک بخوێندرێتەوە هەمان هەستی خوێندنەوە نادا کە تۆ هەمان تێکست لەسەر کاغەز و کتێب بخوێنییەوە. دیارە ئەگەریش باس لەو مەترسییە ئابوورییە نەکەین ئەگەر بێتو لە باتیی کتێبێکی گیرفانی، لاپتۆپێک لەگەڵ خۆت بەریتە قەراغی دەریا و کتێب بخوێنییەوە.

بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لە زۆر بارەوە لە جێگەی خۆیدا نییە، ئێمە زۆرجار ناچینە قەراغ دەریا. بەراوردکردنێک لەگەڵ سیدی موزیک لەم پێوەندییەدا خراپ نییە. سیدی موزیک هەمان هێزی ڕاکێشانی هەبوو ساڵی ١٩٩٩ وەک کتێبی سەر کاغەز لە ساڵی ٢٠٠٩دا هەیبوو، هێزێکی ڕاکێشانی وا کە زۆر کەس کەوتبوونە کۆکردنەوەی ئەگەرچی گرانیش بوون[١٤]، ژمارەیەک هەوییەتی خۆیان پێوە گرێ دەدا و پارەیان لێ قازانج دەکرد و هی تریش. لەگەڵ ئەوەش لە ڕۆژەی یەکەم ئایپادەکان[١٥] کەوتنە بازاڕ هەتا ئەوەی نیوەی سیدییەکانی موزیک فرۆشران حەوت ساڵی خایاند. حەوت ساڵ. بەڵام ئێستا کەس باس لە هەست و هەوییەت و

---

١٤. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کاتێک بانگەشەی ئەوە کرا کە بەهاتنی ئایپاد ئیتر مۆدێلی سیدیی گۆرانی و موزیک بەسەر دەچێ، ئیتر لەمەوبەدوا سیدییەکان دەبنە شتێکی عەنتیکە و نایاب.

١٥. ئایپاد ئەودەم کە هاتە بازاڕ کەرەستەی هەماری موزیک و گۆرانی بوو لە باتیی بەکارهێنانی سیدیی موزیک. ئێستا لە مۆدێلە نوێیەکانیدا بێجگە لە موزیک دەتوانی تێکست و کتێبی دیجیتاڵیشی لەسەر بخوێندرێتەوە.

تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی سیدی ناکا. موزیکی دیجیتاڵ ئاساییترین شێوازی موزیکە و کەڵک لێ وەرگرتنیشی بەهەمان شێواز.

ئێستاکە ئایپاد هاتووەتە بازار، چەند ساڵ دەخایەنێ کە هەتا فرۆشی کتێبەکانی سەر کاغەز نیوە دەبێ؟ پرسیارێکی جێگەی موناقشەیە.

جێگەی خۆیەتی ئێستا لە باتیی ئەوە باسی خوێندنەوەی ئەنالۆگ و دیجیتاڵ بکەین باسی ئەو میکانیزمە بکەین کە لە سەرەتاوە پاڵی بە ئێمەوە نا کە بەرەو کتێب برۆین. چی بوو؟ ئاخۆ کاغەز بوو؟ وانی حەمام بوو؟ بۆنەکان یان گوێی سەگەکان بوون؟ نا بێگومان گێڕانەوەکان، زانیارییەکان و ناوەرۆکی کتێبەکان بوون.

دەبێ ئێمە باش ئاگامان لەو کێشەیە هەبێت کە خۆمان زۆر قەتیسی جۆرە شێوازێک نەکەین. لەبەر ئەوە، ئەوەی لە ڕاستیدا جێگەی سەرنجی ئێمەیە و بەرەو لای خۆیمان ڕادەکێشێ، ناوەڕۆکە و ئەوەش کە نەخشی سەرەکی لەم پێوەندییەدا دەگێڕێ هەم دیسان ناوەڕۆکە.

***

بەڵگەهێنانەوەیەکی تر لە دژی تێکستی دیجیتاڵ ئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەی دیجیتاڵدا دوورکەوتنەوە زۆرە. لە کتێبێکی سەرکاغەزدا تەنیا کتێبێک دەخوێندرێتەوە بەڵام لە کتێبێکی دیجیتاڵدا بێجگە لە تێکست بەرنامەی تر و سەرگەرمی هەیە. بۆ نموونە دەگوترێ هاتنی دەنگێک لە کاتی وەرگرتنی پەیامێکدا لە ئیمەیل بۆکسەکەمدا سەرنجم لەسەر خوێندنەوەکە لادەبا و بێ وازم دەکا. یان دەگوترێ ئەو نوێبوونەوەیە پەیتاپەیتایانەی لە فەیسبووک و تویتردا ئەنجام دەدرێن، لە خوێندنەوە وەڕەزم دەکەن و زۆر بەڵگەهێنانەوەی تریش.

جیاوازیی خزمەتە دیجیتاڵییەکان کە بەم زووانە کتێبیش دەبێتە بەشێک لەوان ڕاست ئەمەیە کە ئەم شتە مزاحمگەلە وردە وردە لەگەڵ ئەزموونی

خوێندنەوە لە گێرانەوەکاندا تێکەڵ دەبن. ئەمە هەستی خوێندنەوە بەهێزتر دەکا. ئەم جۆرەوجۆری و چالاکییە تێکەڵاوانە پێش بە چالاکیی سەرەکی کە خوێندنەوە بێت ناگرن و لە داهاتووشدا ئەم چالاکییە تێکەڵاوانە لەسەر ئەدەبیاتی دیجیتاڵ هەم کاریگەری دادەنێن و هەمیش بەرەوپێشەوەی دەبەن.

***

کاتێک تێکستەکان دیجیتاڵیزە دەبن زەحمەت دەبێ کە پێناسەیەک بۆ کتێب ببیندرێتەوە کە کتێب چییە، کەی کتێبێک لەوەوە دەست پێ دەکا هەتا ببێتە کتێب؟ کەی کتێبێک بەوە کۆتاییی دێت کە ببێتە کتێب؟

وەڵامەکە ئاسانە.

ئاخۆ ئەمە گرینگە؟ یان چ ڕۆڵێک دەبینێ؟

کاتێک کولتوور دیجیتاڵیزە دەبێ، شتگەلی سەرنج ڕاکێش ڕوو دەدەن. فۆرمات یان شێوازی نەریتی دەگۆڕدرێ و زۆر شتی تریش کە لە ڕابردوودا وەک شتی نەگۆڕ و هەتاهەتایی بوون ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەو کتێبەی کە ئێمە نزیک بە ١٥٠ ساڵێکە لە تەکیدا ئاشناین و لەگەڵ مۆدێلی پیشەسازیدا وەک بەرهەمێکی بازنەیی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، ڕێکلام، فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی تێ پەڕاندووە، هەموو ئەمانەش دەکەونە بەر گۆڕانکاری.

دیجیتاڵیزەبوون دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێگەی نوێی مەودا کورت وەپێش بکەوێ. مەودای نێوان بیری نووسەر و دڵی خوێنەر یەکجار کورتتر دەبێتەوە. بڵاوکردنەوە نوێیەکان زیاتر دەکەونە بازاڕ.

دیارە بێجگە لە شێوازی بڵاوکردنەوە کە لە ڕابردوودا هەموو کات لە بەردەم گۆڕانکاریدا بووە، دیجیتاڵیزەبوون دەبێتە هۆی ئەوە خودی ناوەڕۆکیش گۆڕانی بەسەردا بێت. من لە دەسپێکی نووسینەکەدا نووسیم؛ "کولتووری ئێمە بەهۆی شێوازی نوێی بڵاوکردنەوە دەگۆڕدرێ". شیان و

ڕێگەکانی نوێی بڵاوکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوە خودی گێڕانەوە و شێوەی گێڕانەوەکانیشمان گۆڕانی بەسەردا بێت.

لە وتارێکی سەرنج ڕاکێشدا لە ڕۆژنامەی واڵستریت جورناڵ نووسەر ستیڤن جۆنسۆن Steven Johnson دەنووسێ؛ کاتێک کتێبەکان دیجیتاڵیزە بوون و کەوتنە نێو ماتۆڕی گەڕانی ئینتەرنێتی ئەوە ئیتر تەنیا کتێبەکان لە تەواوەتیی خۆیاندا دیجیتاڵیزە نابن بگرە هەموو بەشەکانی کتێب بە جیا، هەموو لاپەڕەکان، هەموو پەرەگرافەکان، تەنانەت هەموو دێڕەکان دەکەونە بەر گەڕانی ماتۆڕی ئینتەرنێت و سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. هەموو لاپەڕەیەک، هەموو پەرەگرافێک هەموو ڕستەیەک لە کتێبێک دەکەونە ڕکابەریی هەموو لاپەڕە، پەرەگراف و ڕستەیەک لە کتێبێکی تر. ڕکابەری و ڕکابەرییەکی وا کە قەت مێژووی کتێب هەتا ئێستا بەخۆیەوە نەیدیوە.

ڕەنگە لەمەوبەدوا خوێندنەوەی کتێبێک لە تەواوەتیی خۆیدا ئیتر سەرنج ڕاکێش نەبێت. وەک نموونە: بۆچی هەموو ٣٤٠ لاپەڕەی کتێبێک بخوێندرێتەوە کاتێک ٢٢٣٤ کەس بۆچوونیان لەسەر کتێبە نووسیووەو ١٥ پەرەگراف لە کتێبەکەیان دەستنیشان کردووە کە ڕاست ئەو پەرەگرافانەن لە کتێبەکەدا کە تۆ بە شوێنیدا دەگەڕێی. خوێنەرانی تر ئەم ١٥ پەرەگرافەیان لەگەڵ ١٥ پەرەگرافی تردا لە کتێبێکی تردا کە بە هۆی نووسەرانێکی ترەوە نووسراوە، لە پەنا یەکدانەوە.

کەس دەتوانێ چاوەڕێی سیناریۆی لەم شێوەیە نەبێت؟ بۆ خوێندنێکی بەکەڵک ئەمە قازانجێکی ڕوون و ئاشکرایە. کتێب لە داهاتوودا دابەش دابەش دەبێ و بێگومان ئەمەش لەسەر زانیاریی زیاتر وەرگرتنی ئێمە کاریگەری بەرچاو دادەنێ.

***

ئەی چی بەسەر ئەدەبیات و داستان و گێڕانەوەکانی تردا دێت؟ ئاخۆ ئەوانیش پارچە پارچە دەبن، بەسەر پەرەگرافگەلدا دابەش دەبن لە باتیی

ئەوە وەک ئیمڕۆ لە شێوازی گێڕانەوەی دوور و درێژدا دادەڕێژرێن؟ ئەی خوێندنەوەی قووڵ چی بەسەر دێ؟ ئەی چی بەسەر تایبەتمەندییە تایبەتەکانی تێکستدا دێت کە هزر و تێڕوانین و ڕامانی ئابستراکت بۆ ئێمە شیتەڵ و شرۆڤە دەکەن؟

ئاشکرایە کە دەبێ ڕاوەستین و بزانین. هەموو ئەمانە بە زیندوویی هاوشان و پارالێل لەگەڵ یەکتری بەرەوپێشەوە دەڕۆن. من بیر و بۆچوونەکانی خۆم لەسەر ئەوەی خوێندن و نووسین و پێوەندیی نێوان ئەو دووانە چۆن لە داهاتوودا گۆڕانیان بەسەردا دێت لە خوارەوە گەڵاڵە دەکەم:

یەکەم، ئێمە لە داهاتوودا نووسینی کورتتر بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرین.

پێ بەپێی ئەوەی لە داهاتوودا ئێمە باشتر دەبین و هێڵەکی باشترمان لە هەوێڵ دەکەوێ بۆ ئەوە بەو نووسینەی بگەین کە بە شوێنیدا دەگەڕێن، ئەوە سروشتییە کە ئێمە تێکست و نووسینی کورتتر هەڵدەبژێرین. هەر لاپەڕەیەکی نوێ، هەر کاپیتلێک یان بەشێکی نوێ دەبنە هۆی ئەوە کە قەناعەتی زیاترمان پێ بکەن بۆ ئەوە درێژە بە خوێندنی نووسینێک بدەین یان نا. ڕکابەری لە سەرچاوە و کتێبی ترەوە بەرفراوانتر دەبێ.

ئێمە ئەو پەرەگراف و بەشانەی کە بە شوێنیدا دەگەڕێین ئاسانتر پەیدا دەکەین و پاشماوەی نووسینەکە بەلاوە دەنێین و ناچار نین بیخوێنینەوە. دیارە ئەمە تەنیا زانیاریی نوێ و نەدیتراو ناگرێتەوە. زۆربەش لەو باوەڕەدان کە جارێکی تر نووسینی ئەدەبیی کورت بۆ نموونە کورتە چیرۆک و گێڕانەوە جارێکی تر زیاتر سەرهەڵدەدەن. هەروەها چیرۆکی زنجیرەیی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەدەبیات.

دیارە هەموو ئەمانە کە لەم دەیەیانەی ڕابردوودا لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕۆمانە درێژە ئاساییەکاندا پاشەکشەیان پێ کرابوو جارێکی تر دەگەڕێنەوە نێو ئەدەبیات. بۆچی؟ ئاخۆ لەبەر ئەوە ئیتر سەرنجی خەڵک

ڕاناکێشن و ناخوێندرێنەوە؟ نا، بگرە لەبەر ئەوە بە دەیان ساڵە نووسینە کورتەکان لەبەرئەوەی سەرچاوەی باشی داهات نین و پارەیان لێ وەدەست ناکەوێ بەتایبەتی لەبەر هۆکاری شێوازی بەرهەمهێنان لە پاشەکشەدا بوون. بەڵام ئێستا لەبەر دیجیتاڵیزەبوون و لەبەر ئەوە شێوازی بەرهەمهێنانیان لە دیجیتاڵدا لە ناکاو شیانی باشتری بڵاوکردنەوەیان بۆ دەرەخسێنێ، وەک شیانی کڕین بە پارەی کەم و زۆر ڕێگەی چارەسەری تر، ئەوە جارێکی تر بازاڕی کورتە نووسینی ئەدەبی گەرم دەبێتەوە. نووسینە کورتەکان بەڕاستی جارێکی تر ڕێگەیان دەکەوێتە نێو وشیاریی ئێمە.

دووەم، ئێمە لە داهاتوودا تێکست و نووسینی درێژیش دەخوێنینەوە.

هاوکات لە داهاتوودا درێژە بە نووسین و خوێندنەوەی نووسینی درێژ دەدەین. ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە جێگەی سەرنجە و بۆشمان گرینگە ئەوەیە کە شیانی ئەوەی کە تێکستی درێژ بنووسرێ و بخوێندرێتەوە ئێستا لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا زۆرترە. لە ڕابردوودا باری ئابووریی هەرە باش و هەر بەو پێیەش فرۆشی باش بۆ کتێب ئەوە بوو کە تێچووی کتێبێک لە نێوان ١٥٠ هەتا ٤٠٠ لاپەڕە لە نێوان ٥ هەتا ٢٠ کرۆندا بێت. بەڵام بۆ کتێبێکی دیجیتاڵ ڕێسای تر ڕۆڵ دەگێڕن. بۆ نموونە تێچووی کتێبێکی ١٤٠ هەتا ١٤٠٠٠٠ وشە و نیشانە هەروەک یەکە. لێرەدا دەبیندرێ کورتی و درێژیی تێکست کاریگەری لەسەر تێچووی کتێب دانانێ. لە باتیی ئەوە ئەو پرسە گرینگە کە خوێنەر چەندە سەرنج و چەندە کات بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی درێژ یان بە پێچەوانەکەی تەرخان دەکا.

سێیەم، ئێمە لە داهاتوودا کتێبە بەجووڵەکان دەخوێنینەوە، ئەوانەی سەرەنج ڕاکێشن و لەنێو چەند جۆری میدیادا لە جووڵەدان.

لە داهاتوودا شێوازی نوێی گێڕانەوە وەدەردەکەون. کاتێک شیانی جۆربەجۆر بۆ گێڕانەوە هەبوو ئەوە گێڕانەوەی جۆربەجۆریش سەرهەڵدەدا.

به متمانەوە کتێبە دیجیتاڵییەکان لە شێوازی جیاواز و شێوە میدیای جیاوازدا دەردەکەون. ئەوانەی ئیمڕۆ لە بازاڕی دیجیتاڵدا لە چێکردنی گەیمەکاندا لە پێشەوەن بێگومان لە شێوازی نوێی کتێبی دیجیتاڵیشدا دەبن بە پێشقەرەوڵ و ڕێنیشاندەر. ئەوان لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا زۆر زیرەکن و هەموو کات تەکنیکی نوێ و شیانی نوێ دەخوڵقێنن.

چوارەم، لەمەوبەدوا خوێندنەوە تەنیا کەسی و لە چوارچێوەی شەخسدا نییە بگرە دەبێتە شتێکی گشتی و بەکۆمەڵ.

ئیمڕۆکە خوێندنەوەی کتێب شتێکی زۆر شەخسییە و لە چوارچێوەی تاکەکەسدا. بەڵام ئەوانەی بۆ نموونە بلۆگەکان دەخوێننەوە خوێندنەوە دەبێتە شتێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت گشتی. تۆ کە دەخوێنییەوە هاوکات هەر لەوێ ئەو شیانەشت هەیە بۆچوونەکانی خۆت دەرببڕی، هەمان تێکست بۆ کەسانی تر بنێری و بڵاوی بکەیەوە. تۆ هەتا نووسینێک لە بلۆگێک نەخوێنییەوە لینکەکەی بە خۆڕایی دانانێی و لەلای خۆتەوە بڵاوی ناکەیەوە. ئەمە لەگەڵ کتێبە دیجیتاڵییەکانیش یەک دەگرێتەوە. ئیتر ئێمە لەمەوبەدوا بە تاقی تەنیا کتێب ناخوێنینەوە بگرە لەگەڵ خەڵکی تر دەیخوێنییەوە. هەموو ئەو شتەی دەیخوێنینەوە، بۆچوونی لەسەر دەنووسین و دەتوانین لەلایەن خۆمانەوە بۆ کەسانی تر بینێرین و بڵاوی بکەینەوە و ئەوانیش بەهەمان شێوە بۆ کەسانی تر. لێرەدا نووسینێک لەم پرۆسێسەدا وەپێش دەکەوێ، باشتر دەبێ و دووبارە تێکەڵ دەبێتەوە. لەم بوارانەدا لەم سالانەی داهاتوودا زۆر شت ڕوو دەدەن. ئیتر کتێب دەبێتە کەرەستەیەک بۆ پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لە باتیی شتێکی تەریکخراوە و بەرهەمێکی کۆتایی و نەگۆڕ. ئیتر کتێب دەبێتە مەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕامان لەسەر پرسێک کە کۆمەڵێک لە خوێنەران بەدەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

پێنجەم، ئێمە لە جاران زیاتر لە نووسەران نزیک دەبینەوە و سنووری نێوان

ئەوانەی دەنووسن و ئەوانەی دەخوێننەوە لە جاران کاڵتر دەبێتەوە.

ئیمڕۆ زۆربەی نووسەران هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ خوێنەرانیان نییە. زۆر کەس لە بازاڕی کتێبیش هێشتا لەو جیڤانۆکەدا دەژین کە نووسەر دەبێ هاسان وەدەست نەکەوێ و لە ژیانی ڕاستیدا کەمتر دەربکەوێ. ڕەنگە ئەمە لەسەر چەند نووسەرێک وەڕاست بگەڕێ بەڵام بە متمانەوە دەتوانین بێژین کە نزیکبوونەوەی پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر بەر لە هەموو شتێک بە قازانجی نووسەرە. هەتا ئێستا ڕێگەکانی پێوەندی سەخت بوون، جارێک ئیمزاکردنی کتێبێک لێرە و کۆڕێک لەوێ یان لە پێشانگەی کتێبدا نەبێ نووسەر پێوەندیی بە خوێنەرەوە نەبووە. ئینتەرنێت و خوێندنەوەی دیجیتاڵ لە گرێدانی ئەم پێوەندییە و زیاتر نزیککردنەوەی نووسەر لەگەڵ خوێنەر دەتوانێ نەخشی سەرەکی بگێڕێ. تەنانەت پێوەندانی ئەم پێوەندییە لەنێو گێڕانەوەکاندا و کردنی ئەم پێوەندییە وەک بەشێک لە ئەزموونی خوێندنەوە شیانی هەیە. لێرەدا مەبەست لە پێوەندیی شیانی ئابووری یان لێکترازانی جوگرافیایی نییە بگرە هزر و بیروڕایە. ئەمەش زۆر کەس حەتمەن لە داهاتوودا دەیبینن. هاوکات پێوەندیی نێوان خوێنەرانیش لەگەڵ یەکتری چڕتر دەبێتەوە، زۆر شت هەیە کە بکرێ و بەرەو باشبوون بڕوا. ئاڵوگۆڕەکان لە قۆناغێکی پێنج ساڵەدا یەکجار زۆر و بەرچاو دەبن.

شەشەم، ئێمە دیسان درێژە بە خوێندنەوەی کتێبە ئاساییەکان دەدەین.

بەڵێ، یان گیوو [١٦] Jan Guillou ، تۆ و نەوەکانت لەو بارەوە خاترجەم بن.

---

١٦. یان گیوو Jan Guillou ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانێکی ناسراوی سوێدییە، کە لە ڕۆژدا بەپێی قسەی خۆی ٢٠ لاپەڕە دەنووسێ و ساڵێک چەند ڕۆمانێک بڵاو دەکاتەوە و زۆربەی چیرۆکەکانیشی دەکرێن بە فیلم. لە چەند ڕۆژنامەیەکدا گۆشەی تایبەت بەخۆی هەیە و بەهۆی نووسینەکانی و دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا، لە دوای ١١ی سێپێتەمبەر ناوی کەوتە نێو لیستی ڕەشی ئەمەریکا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش کتێبی سەر کاغەز فۆرم و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە. سەرەڕای دیجیتاڵیزەبوون ڕەنگە لە داهاتووشدا هەمان شێوازی خۆی لەسەر کاغەزدا بپارێزێ. کتێبەکانی سەر کاغەز لە فۆرم و شێوازێکدا چێ کراون کە ستاتیسک و نەگۆڕ بن. تێکستەکان جۆرێک نووسراون بۆ ئەوە تەنیا بکرێ لەسەر کاغەز چاپ بکرێن نەک بۆ شتێکی تر.

بەڵام فرۆشی ئەوەی چی کتێبە و کتێب چۆنە ئەویش لە بەردەم گۆڕانکاریدایە لەم نێوەدا ناوەڕۆکی کتێبیش و شێوەی گێڕانەوەشی دەبێ خۆیان لەگەڵ فۆرم و شێوازی نوێدا بگونجێنن. ئاخۆ دوای ئەمەش دیسان فۆرم و شێوازی نوێی کتێب سروشتین؟

بە متمانەوە شیانە نوێیەکان بۆ گێڕانەوە دەستی پێ کردووە و لەگەڵ ئەمەش شێوازی نوێی گێڕانەوە بەدوای خۆیدا دێنێ.

بەڵێ جارێکی تر مێژوو لە داهاتوودا دووبارە دەبێتەوە.

سەرچاوە:
وەرگیراو لە بلۆگی داهاتووی کتێب bokensframtid
http://www.bokensframtid.se/2010/05/med-nya-satt-att-beratta-foljer-nya-berattelser/

## بازاڕی ئێستای کتێبی دیجیتاڵ

**سوفیا کورمان،** Sofia Curman

ڕۆژنامەی DN داگێنسنییەیتر

ئاخۆ بە پەرەگرتنی کتێبی دیجیتاڵ داهاتووی کتێبی سەر کاغەز لێڵە و وردە وردە دەسپێردرێتە مێژوو؟ لە ڕاستیدا لەگەڵ پەرەگرتنی کتێبی دیجیتاڵ و زیاتر خوێندنەوەیان، هێشتا کتێبەکانی سەر کاغەز کاریگەرییەکی وا بەرچاویان لە سەر دیار نییە و بگرە ڕۆژ بەڕۆژ بازاڕی کتێب و بڵاوکردنەوەی سەرکاغەزیش لە پێشوەچووندایە و هیچ کاتێک وەک ئێستا خوێندنەوەی کتێبی سەر کاغەز زێدە نەبووە. هاوکات لەگەڵ ئەمە، بازاڕی کتێبە دیجیتاڵەکانیش گەرمە و هەر تا دەچێ هەر گەرمتریش دەبێ.

ئێستا تەختەکانی خوێندنەوە لە هەموو جۆر و شێوازێکدا کەوتوونەتە بازاڕ. چاپخانە گەورەکان باسی ئەوە دەکەن کە هەتا دێ و زیاتر کتێبەکان لە شێوازی دیجیتاڵدا بڵاو دەکەنەوە و ڕەنگە لەمەوبەدوا بتوانن هەموو کتێبەکان هاوکات لەگەڵ چاپی سەر کاغەز لە شێوازی دیجیتاڵیشدا بڵاو بکەنەوە. هەر لە ئێستاوە سەندیکای نووسەران لە باس و گفتوگۆ لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەن کە چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕێککەوتنەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبی دیجیتاڵدا بێنن و ڕێککەوتننامەی نوێ سەبارەت بە مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیجیتاڵ ئیمزا بکەن.

له نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا لە سوێد فرۆشی کتێبە دیجیتاڵەکان ١٣ لە سەد زیادی کرد.

بەو حاڵەشەوە فرۆشی کتێبی دیجیتاڵ تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە کۆی گشتیی فرۆشتنی کتێب لە سوێد پێک دێنێ. هەتا ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا دوو هەزار کتێبی دیجیتاڵ لە بازاڕی کتێبفرۆشییەکانی سوێددا هەبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە بەو شێوەیە مەزەندە دەکرا، بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ گەرم نەبوو. ئەگەر بێتو ئەمە لەگەڵ بازاڕی فیلم کە لە سەرەتای ٢٠٠٠ بە هاتنە کایەی دیاردەگەلێکی وەک ئایتونس Itunes، ئایپۆد Ipods، یوتیوب Youtube و سپۆتیفای Spotify ئاڵوگۆڕی یەکجار بەرفراوانی بەسەردا هات، بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەردا نەهات. لەگەڵ ئەوەی زانکۆکان، کتێبخانەکان و ناوەندەکانی پەروەردە هەتا ئێستا زۆر بەباشی لە کتێبە دیجیتاڵەکان کەڵکیان وەرگرتووە بەڵام هێشتا کتێبە دیجیتاڵەکان نەیانتوانیوە باڵ بەسەر بازاڕی کتێبدا بکێشن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی پرسیار بکرێ، بۆ؟

پی سۆدێرسترۆم Py Söderström بەرپرسی شەریکەی ئێلیب Elib کە کارەکەیان ئەوەیە کتێبە دیجیتاڵەکان بخەنە هەوێڵی چاپ و بڵاوکراوەکانی سوێد، لەو باوەڕەدایە کە پێشوەچوونی کتێبی دیجیتاڵ لە چیرۆکی ئاخۆ مریشک پێش هێلکە بووە یان هێلکە پێش مریشک بووە، چەقیوە. لەبەرئەوەی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ زۆر کەم بووە هەر بەو پێیە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکەرەوە سەرنجیان بە کتێبی دیجیتاڵ نەداوە. هەر لەو سۆنگەشەوە دەکرێ بگوترێ ئەگەر هاتو کتێبی دیجیتاڵ بڵاو نەکرایەوە ئەی لە کوێ بازاڕی بۆ پەیدا ببێ.

کاتارینا ڕێنمان کلاسسۆن Katarina Renman Claesson قوتابی دوکتۆرا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کە لێکۆڵینەوە لەسەر مافی بڵاوکردنەوە دەکا دەڵێ:

ئەم هۆکارەی سەرەوە هەتا ڕادەیەک کێشەکە ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، چونکە زۆر هۆکاری تریش هەن کە لەم پێوەندییەدا نەخش دەگێڕن: ئەوە ڕاستە کە هێشتا داخوازێکی زۆر بۆ کتێبی دیجیتاڵ نەبووە. بەڵام هاوکات بۆ چاپ و بڵاوکەرەوەش ڕوون نییە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مافەکانی بڵاوکردنەوە دەکرێ. بۆ نموونە دیار نییە کە لە داهاتی کتێبی دیجیتاڵ چەندەی وەبەر نووسەر دەکەوێ و چۆن چۆنی ئەو حسێب و کتێبە دەکرێ.

کێشە و ناکۆکی لەسەر مافی بڵاوکردنەوە چەند ساڵێکە درێژەی هەیە. لە سێبەری کێشەکان لەگەڵ کتێبەکانی گووگڵ Google Books، دەزگای چاپ و بڵاوکەرەوە سوێدییەکان لە هەوڵی ئەوەدان هیچ نەبێ ڕێککەوتنێکی ئەگەر جێگەی دڵخۆشیی ئەوانیش نەبێ بکەن بۆ ئەوە بتوانن لانی کەم کتێبی نووسەرەکانیان بە شێوەی دیجیتاڵیش بڵاو بکەنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێککەوتنێک لە نێوان سەندیکای نووسەرانی سوێد و چاپخانەی نورستێد سەبارەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی دیجیتاڵ بەسترا. ئەم ڕێککەوتنە بەپێی قسەی کاتارینا ڕێنمان کلاسسۆن گرینگییەکی زۆری بۆ داهاتووی چاپ و بڵاوکراوەی کتێبی دیجیتاڵ هەیە.

کاتێک کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی ئامازۆن تەختەی خوێندنەوەی کیندلی Kindle داهێنا ئەوە ئەودەم بوو کە بازاڕی کتێب وەخەبەر هات. بۆ کریسمەس و سەری ساڵی نوێی ٢٠١٠ ئامازۆن ڕای گەیاند کە بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشتنی کتێبە دیجیتاڵەکانی لە ڕێژەی فرۆشی کتێبە ئاساییەکانی بەرزتر بووەتەوە. شیانی زۆر هەیە کە هۆکارەکە ئەوە بووبێت کە ئەمەریکاییەکان وەک دیاری کریسمەس تەختەی خوێندنەوەیان وەرگرتبێ. بەو حاڵەشەوە نیشانەی پێشوەچوونی کتێبی دیجیتاڵ لەملا و لەولا دەبیندرێ. پی سۆدێرسترۆم لە شەریکەی ئێلیب دەڵێ بێگومان کیندڵ ڕێگەی زۆری بۆ گەرمکردنی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ خۆش کردووە. کیندڵ

تەنیا بە کتێبفرۆشی ئامازۆنەوە و کتێبەکانی ئەوانەوە بەستراوەتەوە و بۆ نموونە سوێدییەک ناتوانێ کتێبی سوێدیی پێ بخوێنییەوە. لە سوێددا هەتا ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا تەختەیەکی خوێندنەوەی کۆریایی بەناوی نووت هەبوو کە کەوتە بازاڕ و دەکرا کتێبە سوێدییەکانی پێ بخوێندرێتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکەرەوەی بۆنییەرشەوە دوو تەختەی خوێندنەوەی تر کەوتنە بازاڕ.

سەرچاوە:

http://www.dn.se/dnbok/dnbok-hem/tid-for-e-boken

## کتێبخانەکانی سوێد و کێشەی کتێبی دیجیتاڵ

ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت، ٢٥ی ژانڤییەی ٢٠١١

پرسی دیجیتاڵیزەبوون لە کتێبخانەکانی سوێددا[١٧]

ئێستا مەترسییەک ڕووبەڕووی کتێبخانەکانی سوێد بووەتەوە. ئەگەر ئێمە دەمانهەوێ کتێبخانە هەروەک جاران بڕبڕەی پشتی مافی پەروەردە و زانیاریی وەرگرتنی هاووڵاتییانی سوێدی بێت ئەوە دەبێ کێشەی کتێبی دیجیتاڵ چارەسەر ببێ. دەبێ ئاڵوگۆڕی پێویست لە کتێبخانەکاندا بکرێ بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن خۆیان لەگەڵ سەردەم و کتێبی دیجیتاڵی بگونجێنن.

خوێنەری ئیمڕۆیی دەیەوێ کتێبی دیجیتاڵ لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، تەلەفۆنە زیرەکەکان و تەختەکانی خوێندنەوە لە کتێبخانە قەرز بکا. کتێبخانە گشتییەکان وەک موڵکی گشتی دەبێ ئیمڕۆ ئەو شیانەیان هەبێت کە کتێبە ئەلیکترۆنییەکان لە هەوێڵی خوێنەران دابنێن. کتێبخانە گشتییەکان لە پێشکێشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لاڕێیان نییە بەڵام ئاخۆ دەوڵەت و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە حازرن لەم بارەوە هاوکاریی کتێبخانەکان بکەن؟

---

١٧. ئە وتارە کورتەی سەرنج و تێڕوانییەکانی ئینگا لوندێن Inga Lunden بەرپرسی کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵم و هەروەها مادێلین شوێستێد Maceleine Sjöstedt لە پارتی گەلی سوێد بەرپرسی کولتووری شاری ستۆکهۆڵمە.

کە ئیمرۆ لە سوێد کتێبخانە گشتییەکان هەن و خزمەتگوزاری لە هەوێڵی هاووڵاتییان دەنێن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باس و موناقشەیە گەرم و دوور و درێژەی کە لە دەیەی ١٩٣٠ بوو بەهۆی دانی بڕیاری کردنەوەی کتێبخانە و کەڵک وەرگرتنی گشتی لە کتێب وەک سیاسەتێکی کولتووری بۆ پێشخستن و پێشوەچوونی سوێد لە ئاستی کولتووری و وەرگرتنی زانیاریدا. ئەودەم بیرۆکەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کولتووری لە ئاستی نەتەوەییدا بەسەر ئەو نیگەرانییەی کە گۆیا بە کردنەوەی کتێبخانە گشتییەکان، ئیتر خەڵک کەمتر کتێب دەکرن، سەرکەوت و کتێبخانە گشتییەکان کرانەوە. ئیمرۆ زۆر کەم لە کتێبفرۆش، نووسەر و خاوەن ئیمتیاز هەن کە نیگەرانیی ئەوە بن کتێبخانە مەترسییەکە بۆ سەر بەرژەوەندی و بازارگەرمیی ئەوان.

ئێستاش هەمان کێشە لەسەر بوونی کتێبی دیجیتاڵ لە کتێبخانەکاندا جارێکی تر زیندوو بووەتەوە. هەر بۆیە ئێستاش دەبێ هەمان شەڕێک کە ئەودەم بۆ کرانەوەی کتێبخانەکان و ڕۆڵی گرینگی کتێبخانەکان کرا ئیمرۆش بۆ کتێبی دیجیتاڵ بە لە بەرچاوگرتنی پێشوەچوونە تەکنیکییەکان بکرێ.

لە ڕاستیدا ناوەڕۆک، ناوکی زانیاری و کولتوور پێک دێنێ نەک وەک شێواز و جۆری کتێب. بێجگە لەوە دەبێ جۆر و شێوازی کتێب یارمەتیی گرووپی جیاوازی نێو کۆمەڵگە بدا بۆ ئەوەی ناوەڕۆک بە باشترین ڕێگا بگا بە وەرگران.

ئێستا دوو کێشەی سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ کتێبی دیجیتاڵ لە کتێبخانەکاندا هەیە. یەکەم چاودێری بەسەر ئەوە کامە کتێبی دیجیتاڵ لە کتێبخانە هەبێت و دووەم چاودێری بەسەر نرخی کتێبە دیجیتاڵییەکان بۆ کتێبخانەکان. کاتێک دەگەڕێتەوە سەر کتێبە ئاساییەکان یان کتێبەکانی سەرکاغەز ئەوەیە کە هەرکە کتێب لە چاپخانە هاتە دەرێ و کەوتە بازاڕ

ئەوە کتێبخانەکان دەیانکڕن و خوێنەرانیش قەرزی دەکەن. بەڵام کتێبە دیجیتاڵییەکان لەم بارەوە هەلومەرجێکی پێچەڵپێچتریان هەیە. چاپخانەکان چاودێری بەسەر ئەوەدا دەکەن کە کتێبەکان کەی دەکەونە کتێبخانە. بەڵام کتێبخانەکانی شاری ستۆکۆڵم ئەو مافەیان هەیە کە تەنیا ٥٤ لە سەدی کتێبە دەنگییە دیجیتاڵییەکان بە قەرز بدەن بە خوێنەران، بەواتایەکی تر کەمێک لە سەرەوەی نیوەی کتێبە دیجیتاڵییەکانی شەریکەی ئیّ لیبس E-libs. شەریکەی ئیّ لیبس ئاکتۆری هەرە سەرەکییە لە بڵاوکردنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان و شەریەکەکە لە خۆیدا هی چاپخانە گەورەکانی سوێدە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵدەسووڕدرێ.

بۆ هەر کتێبێکی دیجیتاڵ، کتێبخانەکان ناچارن ٢٠ کرۆن بدەن بە شەریکەی ئیّ لیبس و هەتا خوێنەرانیش کتێبی دیجیتاڵی زۆرتر قەرز بکەن ئەوە دەرکەوتی کتێبخانەکان بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. پارادۆکساڵ و دوولایەنی لەوەدایە هەتا کتێبی دیجیتاڵی زۆرتر قەرزتر بکرێ ئەوە بودجە و دەرکەوتی کتێبخانە زۆرتر و زۆرتر دەبێ و هەر لەو سۆنگەشەوە بوونی کتێبی دیجیتاڵ لە کتێبخانە کەمتر و کەمتر دەبێتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە کتێبخانەکان بودجەیەکی فیکس و دیاریکراوی ساڵانەیان هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا هەژماری کتێبە دیجیتاڵەکانی ئیّ لیبس کە لەلایەن کتێبخانەوە بە قەرز بە خوێنەران دراوە کەمی کردووە بەڵام هاوکات ویستی قەرزکردنی کتێبی دیجیتاڵ لەلای خوێنەران نەک کەمی نەکردووە بگرە زیادی کردووە.

لەلایەکی ترەوە ئەو کۆدە ئاسایشییەی کە بۆ کتێبە دیجیتاڵەکان لەلایەن شەریکەی ئیّ لیبس بۆ کتێبخانەکان دانراوە کە خوێنەران نەتوانن کتێبەکان کۆپی بکەن، ئەوەندە بە زەحمەتە کە خوێنەران لە کاتی کردنەوەی فایلی کتێبەکاندا تووشی زەحمەتی دەبن. بەڵام هەمان کۆدی ئاسایشی

لەبەر پێچەڵپێچی و بەزەحمەتبوونی لەلایەن چاپخانەکانەوە بۆ کڕیارانی خۆیان لابردراوە تەنیا لەبەرئەوەی کڕیاری زۆرتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

کتێبخانە گشتییەکان یان گەلییەکان ئیمڕۆش پێویستن بۆ ئەوەی زانیاری بەخەڵکی بدەن و نەخشی پردی گوێستنەوەی ئەدەبیات کە هەموو کۆمەڵگە قازانجی لێ دەکا، وەک جاران وەئەستۆ بگرن. ئەم ڕۆڵە لە سەردەمی کتێبی دیجیتاڵیشدا هەر دیسان لەسەر شانی کتێبخانەکانە. پرەنسیپەکە ئاسانە. کتێبخانە بەرهەمە بەپێز و ناوەڕۆکە میدیاییەکان هەڵدەبژێرن، لە بازاڕ دەیکڕن و دەیگەیەننە خوێنەران. لێرەدا فۆرم و شێواز چییە جیاوازی نییە گرینگ ناوەڕۆکە کە دەکەوێتە بەر سەرنجی هەڵبژاردنی کتێبخانەکان. کتێبخانەکان لە پەنای بازاڕی کتێبدا بوونیان هەیە و دەبن بەڵام ڕێگە نادەن بازاڕ و چاپخانەکان دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا هەبێت. لێرەدا بیرۆکەیەکی نوێی بازرگانی پێویستە بۆ دانانی شێوازێکی نوێ لە کڕینی کتێبە دیجیتاڵەکان بۆ کتێبخانەکان بە جۆرێک نە بازاڕ زەرەر بکا و نە خوێنەرانیش بەبێ کتێبی دیجیتاڵ بمێننەوە.


بۆ چارەسەری ئەم پرسە گرینگە لە ئاستی نەتەوەییشدا لەلایەن دەوڵەتەوە هەوڵ و تەقەلا بدرێ. ئەو لێژنانەی لەلایەن دەوڵەتەوە ئەرکدار کراون پرسی کتێبخانە گشتییەکان تاوتوێ بکەن، دەبێ بە جیدی چارەسەرییەکیش بۆ پرسی کتێبە دیجیتاڵەکان ببیننەوە. ئێمە دەبێ مافی هاووڵاتییان بۆ دەستڕاگەیشتن بە کتێبخانەکان و قەرزکردنی کتێب لە هەموو شکڵ و فورمێکدا قایم و قۆڵتر بکەین نەک بەپێچەوانە.

سەرچاوە:

http://www.svd.se/opinion/brannpunkt/e-bocker-odesfraga-for-bibliotek5890239.svd

## بۆچی کتێبی دیجیتاڵ لە ئەمەریکا بازاڕی هەیە و لە سوێد نییەتی؟

پەر فرانسسۆن، بلۆگنووسی سوێدی Per Fransson



ئامازۆن گەورەترین کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی لە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکانی لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٩دا لە فرۆشی کتێبە ئاسایییەکانی بەرزتر بووەوە. ئامازۆن لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٧دا تەختەی خوێندنەوەی کیندڵی Kindle داهێنا و ئەپڵیش بە ڕێچکەی ئامازۆندا لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١٠دا تەختەی خوێندنەوەی ئیبووکسی iBooks داهێنا. بۆچی لە ئەمەریکا فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکان پەرەی ئەستاندووە؟ ئەمە لە خۆیدا پرسیارێکی پێچەڵپێچە بەڵام بەبڕوای من دوو هۆکاری سەرەکی لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن:

یەکەم، کڕینی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە کڕینی کتێبە ئاسایییەکان یان کتێبەکانی سەر کاغەز ئاسانترە و هیچ پێویست ناکا کات بۆ کڕینی کتێبێک لەلایەن کڕیارەوە تەرخان بکرێت. تەنیا بەچەند کرتەیەک کە چەند چرکە زیاتر ناگرێ کتێبێک یان چەند کتێب پێکەوە دەکڕدرێ. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خزمەتی "کڕین بە کرتەیەک" one-click buying لەلایەن کتێبفرۆشی ئامازۆنەوە داهێندرا و دواتر هەمان خزمەت لەلایەن

ئەپڵیشەوە بەکار بردرا. هیچ کاتێک لە مێژوودا وەک ئیمڕۆ ئەوەندە مەودای نێوان کڕیار و شتومەکی خوازراو کورت نەبووەتەوە. کڕیار سەرنجی بۆ کتێبێک ڕادەکێشرێ و تەنیا بە کرتەیەک لەسەر وشەی "بیکرە" لەسەر کۆمپیوتەرەکەی یان مۆبایلەکەی لە چەند چرکەیەکدا کتێبەکە دەکڕێ و دەبێتە خاوەنی کتێبەکە. من بۆ خۆم وەک ئەزموون ئەم جۆرە کڕینەم تاقی کردەوە، هەر لە کاتی گەڕان بە شوێن کتێبەکەدا هەتا کڕینی و وەهەوێڵخستنی و بوون بە خاوەن کتێبەکە هەموو ٢٥ چرکەی خایاند واتە چارەکێک لە خولەکێک.

دووەم، کەڵک وەرگرتن لە کتێبە دیجیتاڵییەکان لە کتێبە ئاساییەکان ئاسانترە. هێندێ کەس لەو باوەڕەدان کە وەبازارخستنی زیاتری تەختەی خوێندنەوە لە سوێددا دەکرێ ببێتە هۆی گەرمکردنی بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکان من لەو باوەڕەدام کە ئەمە لە خۆیدا تەنیا بەشێکە لە چارەسەری. ئەوەی کە بوو بەهۆی گەرمیی بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ڕاستیدا مۆبایل تەلەفۆنە زیرەکەکان بوون. هەموو کەسێک مۆبایل تەلەفۆنی لە گیرفاندایە، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە هەڵگرتنی ئەوان لە تەختەکانی خوێندنەوەو لاپتۆپەکان ئاسانترە. هەر بەو پێیە خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ڕێگەی تەلەفونەوە ئاسانتر دەبن. کەسێک لەنێو پاس، یان قیتارە، یان خەریکی نانخواردنە یان لە وێستگەیەک بە دیاری پاس و قیتارەوە چاوەڕێ دەکا، دەتوانێ لە هەمان کاتدا بەدەرهێنانی مۆبایلەکەی لە گیرفانیدا دەست بە کتێب خوێندنەوە بکا. بێجگە لەوە لە تەختەکانی خوێندنەوەدا پێشوەچوونی بەرچاو ئەنجام دراوە و دیارە ئەمەش دەتوانێ بازاڕی کڕینی کتێبە دیجیتاڵییەکان زیاتر گەرمتر بکا. بەتایبەت گرێدای سێ جی g٣ ئەو شیانە دەخاتە هەوێڵی خوێنەرەوە کە ڕاستەخۆ لە تەختەکانی خوێندنەوەوە پێوەندیی بە بازاڕی کتێبەوە هەبێت. بێجگە لەوەش

بە کڤالیتـییـەکی باشـەوە کـتێـبـەکان لە شـاشـەی تەخـتـەی خـوێندنەوەدا دەردەکەون ئەمەش خـوێندنەوەی کتێب لەسەر تەختەی خوێندنەوە لە بەراورد لەگەڵ مۆدێلە پێشووەکانی تەختەی خوێندنەوە خۆشتر و ئاسانتر دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە ئێمە کتێبە دیجیتاڵییەکان لە بەر ئەوە ناخوێنینەوە کە خـوێندنەوەی ئـەوان لە سـەر شـاشـەی تەخـتـەی خـوێندنەوە خـۆشـتـرە یان خوێندنەوەی ئەوان بە گشـتی لە بەراورد لەگەڵ کتێبی سەر کاغەزدا باشترە بگرە لە هـەڵبژاردنی ئێـمەدا کارئاسـانی لە کڕین و خـوێندنەوە، باشـتـر لە هەوێڵ کـەوتن و باری فـیـزیکیی کـتـێب و قـازانجکردنی زیـاتری کـات ڕۆڵ دەگێڕن. بە کورتی خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە چاو کتێبەکانی سەر کاغەزدا لە زۆر بارەوە ئاسانترن.

کاتێک شتێک کارئاسانی بۆ ئێمە بکا، زوو خۆمانی پێ ڕادێنین. ئیمڕۆ لە سـوێددا ئێـمـە لە نێـوان زۆر سـتـانداردی جـیـاواز بۆ کـتێبـە دیجـیـتـاڵییـەکـان لەلایەن شـەریکە جـۆرەوجـۆرەکانی وەک سیّ دی ئۆ ئێن، ئەدلیبـریس، بوکوس (CDON, Adlibris, Bokus) و زۆری تر سـەرمـان لێ شـێـواوە و ئەزمـوونی خـۆشمـان لە  خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییـەکان وەک  خـوێندنەوەی کتێبـە دیجیتاڵییـەکان لە ئەمەریکا نییـە بۆ نموونە سـتـانداردی کیندڵ ئاپ لەلایەن کـتێبـفرۆشی ئامـازۆنەوە.  بەڵام ئەمـە دیسـان فـاکـتـۆرێکی بچـووکە بۆ ئەوە بازاڕی کـتـێبـە دیجیـتـاڵییـەکـان لێرە لە سـوێد وەک ئەمـەریکا گـەرم نییـە. هۆکارەکانی کارئـاسانی لە کڕین و خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان ئەو هۆکـارە سـەرەکییـانەن کـە بازاڕی خـوێندنەوەی کـتێبە دیجیـتـاڵییـەکـانیـان ئاسـانتر کردووە.

سەرچاوە:

http://fyranyanser.se

٢٠١١/٩/٢١

## پرۆژەی گەورە بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان لە سوێد

ڕۆژنامەی سڤێنسکاداگبلادێت

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١١


جۆرێک کتێبی دیجیتاڵ

کاتێک باس لە پێشوەچوونە تەکنیکییەکان بکرێ ئەوە سوێد لە پێشەوەی ئەمەریکایە بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکاندا ئەوە سوێد کەوتووەتە پاشەوەی ئەمەریکا. لە ئەمەریکا فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکان ١٥ لە سەدی کۆی ڕێژەی فرۆشی کتێب پێک دێنێ بەڵام لە سوێددا ئەم ڕێژەیە لە فرۆشی چەند هەزارێک کتێبی دیجیتاڵ تێ ناپەڕێت. ئێستا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نورشتێد دەیەوێ ئەم بارودۆخە بگۆڕێ و بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ لە سوێددا گەرمتر بکا.

لە مانگی مای ٢٠١١دا کتێبفرۆشی ئامازۆن ڕای گەیاند کە بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکانی لە کتێبە ئاساییەکانی بەرزتر بووەتەوە. جێف بیزۆز Jeff Bezoz بەرپرسی ئامازۆن لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێ: "ئێمە هیوایەتی ئەوەمان هەبوو کە ئەمە درەنگ یان زوو ڕوو بدا بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووین کە ئەوەندەش خێرا وەپێش بکەوین".

ئەوەی کە ئامازۆن بەو شێوەیە وەپێش کەوتووە دەبێ سوپاسی تەختەی خوێندنەوەی کیندڵ بکا کە توانیویەتی بازاڕی کتێبە دیجیتاڵەکان گەرم بکا. لە ئەمەریکا باس لە ڕێژەی فرۆشی ١٠ هەتا ١٨ لە سەدی کتێبە دیجیتاڵەکان دەکرێ بەڵام بەپێی ناوەندی لێکۆڵینەوەی فوریستر ریسێرچ Forrester Research ڕێژەی ناوەندی کتێبە دیجیتاڵییەکان ١٤ لە سەدی کۆی فرۆشی کتێبەکان لە ئەمەریکا پێک دێنێ.

لە ئەورووپا پێشوەچوونەکان لە بواری کتێبە دیجیتاڵییەکان هەتا ئێستا تەنیا شێوازێکی کۆپیکردنی تەختەی خوێندنەوەی ئامازۆن لە ئەمەریکا بووە، لە فرەنسا تەختەی خوێندنەوەی فناک FNAC و لە ئەڵمانیا تەختەی خوێندنەوەی تالیا Thalia و لە سوێد لەلایەن دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بۆنییەرشش تەختەی خوێندنەوەی لێتۆ Letto وەک کۆپیکردنێک لە تەختەی خوێندنەوەی ئامازۆن هاتوونەتە بازاڕ.

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ٨٠٠٠٠٠ کرۆنەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٣,٤ ملیۆن کرۆن لە ساڵی ٢٠١٠ بەرز بووەتەوە، بەڵام بەپێی بۆچوونی کۆمەڵەی چاپخانەکانی سوێد، ئەو ڕێژەیە تەنیا ڕێژەیەکی سیمبۆلیکە و وەک دڵۆپێک وایە لە دەریایەکدا ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاو بگیردرێ کە کۆی بازاڕی فرۆشی کتێب لە سوێددا بە ٧ میلیارد کرۆن لە ساڵدا مەزەندە دەکرێ.

ئێستا دامەزراوەی کەی ئێف میدیا KF Media کە لە خۆیدا سێ دەزگای وەک ئەکادیمیی بووکهاندێل Akademibokhandeln، بوکوس Bokus و نورشتێد Norstedts لەخۆ دەگرێ، دەیەوێ بە خستنە بازاڕی کونسێپتێکی نوێ بەناوی دیتۆ Dito کە لە ڕێگەی ئاندرۆید، ئەپڵ و ئیۆسەوە هەم وەک تەختەی خوێندنەوە و هەم وەک مۆبایل تەلەفۆن بۆ خوێندنەوەی کتێبی دیجیتاڵ کەڵکی لێ وەردەگرێ، دەییەوێ ئاڵوگۆڕێک بەسەر بازاڕی کتێبی

سـوێدیدا بێنێت. له کـتـێـبفرۆشی بووکـهـاندێلدا تهختـهی خـوێندنهوه بهناوی دیتۆ دهفرۆشرێ و له بوکوس که فرۆشگهی فـرۆشتنی کهلوپهلی ئینتهرنێتیه، کتێبه دیجیتاڵییهکان دهفرۆشرێ.

مـاتیـاس فـیـرنیـوس Mattias Fyrenius یهکێک له بهرپرسـانی کـهی ئێف مـیـدیا دهڵێ: سێ شت پـێـویسـتـه بۆ ئهوه لـێرهش لـه سـوێد وهک ئهمـهریکا بازاڕی کـتێبه دیجیتاڵییـهکان گـهرم بن. یهکهم ئهوه بهڕادهی پێویست دهبێ ژمـارهیهکی زۆر کـتـێـبی دیجـیـتـاڵ له بازاڕدا ههبن. دووهم بـوونی تهختـهی خـوێندنهوهی باش و بهکهڵک و سـێیـهم ئاکتـۆرێکی بههـێز که بتـوانێ جـووڵه بخاته نێو بازاڕی کتێبه دجیتاڵییهکان.

نرخی کتـێبه دیجیتاڵییـهکان ٢٠ ههتا ٢٥ له سـهد له کـتـێبـهکانی سـهر کـاغـهز هـهرزانتـرن. بهڵام ئێمـه له ناسـاندنی نرخ و بایهخی ڕاسـتـهقـینهی کتێبـهکان کهمتهرخـهم بووین. نرخی کتـێبێک لهوهدا نییه کـه دهکهوێتـه سـهر کـاغـهز بگره نرخی ڕاسـتی کتێبێک له ناوهڕۆکدایه، واته ئهو شـتهی کـتێب بهخوێنهری دهدا .

سهرچاوه:

www.svd.se

## ئەو کاتەی کتێب لە بەردەم ئاڵوگۆڕدایە

Richard Herold ڕیچارد هێرۆڵد

بەرپرسی بەشی ئەدەبی لە چاپخانەی ناتوور & کولتوور

٢٠١١/١٠/٦



ڕیچارد هێرۆڵد

دابەزاندنی ماڵیاتی کتێب لە ساڵی ٢٠٠١ لە سوێد وای کرد کە بازاڕی کتێب گەرمتر ببێ و خەڵکی کتێبی زۆرتر بکڕن. ئەودەم کە ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی سوێد دەرکرا باسێک لەسەر کتێبی دیجیتاڵ لە گۆڕێدا نەبوو. بەڵام ئیمڕۆ فرۆشی کتێبی دیجیتاڵ ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرز نەبێت بەڵام زیاتر لە دە لە سەدی کۆی فرۆشی کتێب لە سوێد پێک دێنێ.

هەر لە سەردەمی گوتێنبەرگ (داهێنەری کاغەز) هەتا ئێستا فۆرم و شێوازی کتێب هەروەک یەک بووە. کتێب کتێبە و تەواو. بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی کتێبی دیجیتاڵ ئەمە ئیتر گۆڕدرا .

ئێستا کۆمەڵەی چاپخانەکانی سوێد ئەو پرسەیان لە یەکەتیی ئەورووپا خستووەتە ڕۆژەڤ کە دەبێ ڕێژەی ماڵیات بە بێ لەبەرچاوگرتنی شکڵ و شێوازی کتێب وەک یەک بێت. چونکە لە ڕابردوودا فۆرم و شێواز نەبوو کە بوو بەهۆی دەرکردنی بڕیاری دابەزاندنی ماڵیاتی کتێب بگرە ناوەڕۆک بوو،

دەبێ ئێستاش هەمان شت ڕەچاو بکرێ.

بۆ چاپخـانەکان ئـەوە کە کتـێب چییـە پرسـیـارێکی ئاسـان بووە، ئەوەی چاپخـانەکان وەبەرهـەمیـان هێناوە، هـەتا کاتێک لە تێکست پێکهاتبێت ئەوە ناوی کتێبی بەسـەردا بڕدراوە. بەڵام نرخی وەبەرهـەمهێنانی کتێبی دیجیتاڵ هـەتا ڕادەیەک دابەزیوە کە خەریکە بگاتە سـەر سفر. ئەم پێشـوەچوونە لانی کەم لە کتێبە دیجیتاڵییە ئینگلیزییەکاندا گەیشتووەتە ئاستی هەرە بەرز یان بەرهـەمـهێنانـی ئەوەی کە ڕەنگە لەلایەن منـەوە نەکرێ ناوی کتـێبیان لەسـەر بندرێ.

بازاڕی کتێب تەنیا بەشێک لە پێشـەسازیی میدیا نییە بگرە کتێبی سەر کـاغـەز بەشـێکی بەربڵاو و هاوکات جیـانەکراوە لە میـدیایە کە لە چێکردنی بیروڕادا نەخشی گەورە دەگێڕێ.

کـارکـرد و ناوەڕۆکی کـتـێب لـە فـۆرمی خـۆیدا هـەتا ئـێـسـتـا بـەشـێک لە بیـرەوەریی هـاوبەشی ئەو مـرۆڤـانەیە کـە قـەت جـارێک یەکتـریان نەدیوە یان ڕەنگە بە سـەد سالْ جیاوازی لە دوو سـەدەی جیاوازدا ژیابن.

ئێـسـتـا پرس ئـەوەیە کە چۆن ئەم ڕۆڵەی هـەتا ئێـسـتـای کـتـێب گـۆڕانی بەسـەردا دێ و دەگۆڕدرێ، کاتێک کە زانیارییەکانی نێو کتێب بە لێشـاو لە ڕێگەی ئینتـەرنێـتـەوە دەڕژێنە نێـو بازاڕی کتـێب. ڕەنگە پرسـێکی وا وەک کێشەیەکی هێندێک کۆنەپارێزی بکەوێتە بەرچاو.

ئەمرۆ فـەرمییـەت لە نێوان دوو شـێوازی میـدیاییی خێرا و هێدیدا دابەش بووە. هیـچ کـۆمـەڵگایەک بە بوونی ئـەو دووانە پێکەوە تـەواو نین. مـەترسـیی ئەوە کە کتێب لەنێو دەچێ بە مانای کۆتاییی "بابەتی قسـەکردن" نییە بگرە بابەتی قسەکردن دەبێ ئەوەندە خێرا بێ کە پێوەندیی نێوان ئەوان لێک جیا نەکرێتەوە.

زیاتر لە لانی کـەم دوو دەیەیە کـە بازاڕی کتـێب تووشی نەخـۆشـیی باوەڕ

بەخۆنەبوون بووە. بازاڕی کتێب خۆی لەگەڵ بەشەکانی تر میدیایی بەراورد دەکا و هیوایەتی ئەوەیە بە قەت ئەوانیش پارە قازانج بکا.

بۆ ئەم مەبەستە پێڕی جۆرەوجۆر لە میدیاکانی ترەوە دادەمەرزێندرێن. لەگەڵ ئەوەی لەم بارەوە هێندێک پێشوەچوونی ڕواڵەتیش هەیە بەڵام من لە داهاتووی ڕاستیی کتێب دڵ نیگەرانم. چونکە کتێب بۆ من پڕە لە ئەو نرخ و بایەخانەی کە لە دەرەوەی  چوارچێوەی قازانج و پارە پێوانە دەکرێ.

یەکێک لە دیاردەکان ئەوەیە کە هەموو قورساییی پێشوەچوونەکان خراوەتە سەر شێواز و فۆرمی کتێب بۆ نموونە لەسەر کتێب لەسەر کەسە ناسراوەکان کە تەنانەت بۆ خۆیان کتێبەکان نانووسن یان ئەو بەرهەمانەی کە زۆر ئاسان پارەیان لێ وەدەست دێت.

ئێستا میکانیزمێکی وا لە میدیادا هەیە کە کار لەسەر ستراتیجی و پلانی درێژخایەن ناکرێ بگرە هەموو شتێک لە خێرایی و دەستکەوت و پارەدا خۆ نیشان دەدا. ئەم میکانیزمە لە بازاڕی کتێبیشدا هەیە.

قسەیەک هەیە دەڵێ: "هەتا بابەت ئاسانتر بوو باشتر دێتە بەرچاو" ئێستا چاپخانەکان لەو ڕوانگەوە خۆیان لە بەرهەمی کاری بەزەحمەت و چڕوپڕ و هاوکات بەپێز نادەن.

ئەگەر چاپخانەکان خەمی ئەمە نەخۆن و بەدوای بایەخی کتێبدا نەبن و نەچن و ڕێگەی پشوودرێژی هەڵنەبژێرن ئەوە کتێب داهاتوویەکی ڕوونی لەپێش نییە و لەم ڕێگەیەشدا زۆر لە نرخ و بەهاکانمان لە دەست دەدەین.

سەرچاوە:

Richard Herold litterär chef, Natur & Kultur
kulturdebatt@dn.se

## ئاماره میدیاییه نوێیه‌کان له سوێد

ڕۆژنامه‌ی داگێنسنییه‌یتر

٢٠١١/٨/٢٦

ساڵی ٢٠١٠ هه‌ر ماڵێکی سوێدی ١٧ هه‌زار کرۆنی بۆ کۆی میدیاکان وه‌ک ئینته‌رنێت، ڕۆژنامه، ته‌له‌ڤزیۆن و میدیاکانی تر له ساڵدا ده‌رکه‌وت هه‌بوو. ئه‌م ڕێژه‌یه له به‌راورد له‌گه‌ڵ ساڵی پێش خۆیدا ٤ هه‌زار کرۆن زیادی کردووه.

خواردن، کرێی ماڵ و هاتوچۆ ئێستاش به‌شێکی زۆر له ده‌رکه‌وتی ئێمه پێک دێنن. به‌ڵام هاوکات ئێمه پاره‌ی زۆرتر بۆ میدیا هه‌تا جلوبه‌رگ ته‌رخان ده‌که‌ین. به‌پێی ڕاپۆرتێک له‌لایه‌ن ئینیستیتۆی ڕێکلام و میدیاوه IRM بۆ خزمه‌تی ئینته‌رنێت هه‌ر سوێدییه‌ک ساڵانه ٢٦٠٠ کرۆن بۆ کڕینی به‌رهه‌می میدیایی ته‌رخان ده‌کا و به‌هه‌مان ڕاده‌ش تێچووی بۆ ته‌له‌فۆنی مۆبایل هه‌یه.

کاتێک ته‌له‌ڤزیۆنی سوێدی له ئه‌نالۆگه‌وه کرا به دیجیتاڵ ئه‌وه ده‌رکه‌وتی ته‌له‌ڤزیۆنیش بۆ سوێدییه‌کان زیادی کرد و بێجگه له‌وه یه‌ک له چواری سوێدییه‌کان بێجگه له که‌ناڵه ئاساییه‌کان بۆ که‌ناڵی خوازراوی تریش پاره ته‌رخان ده‌که‌ن.

ڕۆژنامه‌کانی به‌یانییانیش بۆ زۆر که‌س له سوێدییه‌کان گرینگیی خۆیان هه‌یه. به‌ڵام سوێدییه‌کان بێجگه له‌م ده‌رکه‌وتانه‌ی که له‌سه‌ره‌وه ئاماژه‌یان پێ کرا ڕێژه‌ی هه‌ره زۆری تری ده‌رکه‌وت بۆ کڕینی کتێب و چوونه سینه‌ما ته‌رخان ده‌که‌ن. ده‌رکه‌وتی کڕینی کتێب له ده‌رکه‌وتی کڕینی ڕۆژنامه‌کانی ئێوارانی سوێد زیاتره.

کتێبەکانی سەر کاغەز ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە بەڵام ڕێژەی کتێبەکانی دەنگ[18] هەتا ڕادەیەکی کەم بەرز بووەتەوە. بەڵام بەپێچەوانە لە ئەمەریکا لە هەر ٣ کتێبێک کە دەفرۆشرێ یەکیان کتێبی دیجیتاڵ یان کتێبی دەنگییە.

بەپێی قسەی ماگنووس ئانسهێلم Magnus Anshelm لە لە ئینیستیتۆی ڕێکلام و میدیا، پێ بەپێی پێشوەچوونە تەکنیکییەکان دەرکەوتی سوێدییەکانیش بۆ کڕینی خزمەتە میدیاییەکان بەرزتر دەبێتەوە. ئانسهێلم دەڵێ: "پێنج ساڵ لەمەوبەر کێ دەیزانی سپۆتیفای Spotify چییە؟ بەڵام ئێستا هەر کەسێک بۆ خزمەتە ئینتەرنێتییەکان بۆ گوێگرتن لە موزیک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ١٨٤ کرۆن دەرکەوت یان تێچووی هەیە."

سەرچاوە:

http://www.dn.se/kultur-noje/etablerade-medier-star-pall

١٨. کتێبی دەنگ ئەو کتێبانەن کە دەخوێندرێنەوە و دەخرێنە سەر سی دی واتە لەجیاتی خوێندنەوە لەسەر کاغەز بە سی دی گوهداری دەکرێن.

## گووگڵ دەیەوێ هەموو بازاڕی کتێب بخاتە دەستی خۆی

ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر

میکایل بوندێسۆن Mikael Bondeson

لە سوێددا هەزار کتێبی دیجیتاڵ لە مانگدا دەفرۆشرێ. بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان ٥٢ لە سەد ماڵیات و بۆ کتێبەکانی سەر کاغەز تەنیا ٦ لەسەدی ماڵیات دەدرێ. کتێبی پاگانین کۆنتراکت لە نووسینی لارش کێپلێرش کە لەلایەن چاپخانەی بۆنییەرششەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە وەک کتێبی دیجیتاڵ نرخەکەی ١٢٦ کرۆن بوو، وەک کتێبی سەر کاغەز نرخەکەی ١٤٩ کرۆن و کاتێک هەمان کتێب لە هاوینی ٢٠١١دا وەک کتێبی گیرفانی بڵاو کرایەوە نرخەکەی ٣٦ کرۆن بوو. فرۆشی ئەم کتێبە چ لە شێوازی دیجیتاڵ، چ لەسەر کاغەز لە پاوانی کتێبفرۆشی ئەدلیبریسدایە.

ئەدلیبریس لە بەهاری ٢٠١٠دا تەختەی خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی بە ناوی لێتۆ خستە بازاڕ و لە ماوەیەکی کورتدا هەمووی فرۆشرا. بەو حاڵەشەوە لەبەرئەوەی تەختەکانی خوێندنەوە تەنیا بۆ خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ زۆر بازاڕیان لە سوێددا گەرم نەبووە هەر بۆیە ئێستا تەلەفۆنی زیرەکی وەک ئەپڵ ئایپاد خەریکن جێگەی تەختەکانی خوێندنەوە بگرنەوە. شەریکەکانی میکرۆسۆفت و گووگڵ وەک ڕکابەری بۆ ئایپاد بەرهەمەکانی خۆیان لە شێوازی هەم تەلەفۆنی زیرەک و

هەم تەختەی خوێندنەوەدا خستووەتە بازاڕ. گووگڵ لە بازاڕی کتێبفرۆشیدا بەتایبەتی ڕکابەریی لەگەڵ گەورەترین کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی ئامازۆن و هەروەها بەرهەمەکانی ئەپڵ دەکا.

لەسەر ئەم دەستپێشخەرییەی گووگڵ لە ڕۆژنامەی تایمزدا هاتبوو ئیتر لەمەو بەدوا "لە کوێ پێت خۆش بوو کتێب بکڕە و لە کوێ پێت باش بوو بیخوێنەوە." لە یەکەم کرانەوەی بازاڕی گووگڵدا ٣ ملیۆن کتێبی دیجیتاڵ کەوتنە بازاڕ. گووگڵ لەگەڵ چاپخانە گەورە و بچووکەکان گرێبەستی ئەنجام داوە و دەیەوێ بەجۆرێک هەموو بازاڕی کتێبفرۆشی بخاتە دەستی خۆی.

سەرچاوە:

www@dn.se

## مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەلای کێیە؟

ئانیکا هامرود Annika Hamrud

لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر



ئانیکا هامرود

دەگوترا لە ساڵی ٢٠١٠ ئیتر هەموو کەس کتێبی دیجیتاڵ دەخوێنێتەوە. دەگوترا کتێبی سەرکاغەز دواین هەناسەکانی ژیانی دەکێشێ و لە لێواری مەرگدایە و لەولاشەوە تەختەکانی خوێندنەوە بوون بە دیاریی سەری ساڵ. ٢٠٠٩ ئەو ساڵە بوو کە کتێبە دیجیتاڵەکان زۆر کەوتە بەرباس. بەڵام ساڵی ٢٠١٠شمان تێپەڕاند و هیچ ڕووی نەدا و هیچ کاتێک وەک ئێستاش کتێبەکانی سەر کاغەز بازاڕی گەرمیان نەبووە. لەگەڵ ئەوەی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ بە هێواشی وەپێش دەکەوێ و باس لە فرۆشی هەزار کتێب لە ساڵدا دەکرێ بەڵام ئێستاش تەنیا ٢٠٠٠ تایتڵی کتێبی سوێدی بەشێوەی دیجیتاڵ لە بازاڕدا هەن و هێشتا سەندیکای نووسەران لەگەڵ چاپخانەکاندا نەگەیشتوونەتە گرێبەستی جێگەی ڕەزامەندیی نووسەران.

چەند ساڵێکە کێشە لەسەر مافی بڵاوکردنەوەی تێکستەکان کە لە ئینتەرنێتدا بە لێشاو بڵاو دەبنەوە، لە ئارادایە. تەکنیکی ئێستا وا دەکا کە کتێبەکان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو بکرێنەوە و لەوێوە دابەزێندرێنە نێو کۆمپیوتەرەکان. کە کتێبەکان دەکەونە سەر تەختەکانی خوێندنەوە یان لە

ئینتەرنێت داوا دەکرێن کە ڕابکێشرێنە سەر کاغەز پێی دەگوترێ print-on-demand دواخوازی پرینت. سەندیکای نووسەرانی سوێد ڕەخنەی توندی ئاراستەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆنییەرش دەکا لەبەر ئەو گرێبەستەی کە دەیەوێ لەگەڵ نووسەران ئیمزای بکا.

هاوکات کاتێک گووگڵ دەیەوێ هەموو کتێبەکان دیجیتاڵیزە بکا و بیانخاتە سەر نێت، ئەو کێشەیە سەری هەڵداوە ئەی کێ مافی کتێبە کۆنەکان بە گووگڵ دەدا و گووگڵ بەپێی چ مافێک کتێبە کۆنەکان دەخاتە سەر ئینتەرنێت و دەیانفرۆشێ. لەم ماوەیەدا لە سوێد بڕیار درا کە گووگڵ مافی ئەوەی نییە کتێبە سوێدییەکان لە چوارچێوەی گووگڵ بووکسدا Google books بخاتە سەر ئینتەرنێت. هاوکات لەلایەن سەندیکای نووسەرانی سوێدەوە داوا لە ئەندامەکانی خۆی کرا کە گرێبەستە کۆنەکان لەگەڵ چاپخانەکاندا هەڵبوەشێننەوە هەتا ئەوە کتێبەکانیان نەخراوەتە سەر نێت. نزیک بە ١٠٠ کەس لە نووسەرانی سوێد بەپێی ڕێنوێنییەکانی سەندیکای نووسەران گرێبەستی ئەو کتێبانەیان هەڵوەشاندەوە کە ئیتر بەشێوەی کاغەز لە هەماری چاپخانەکاندا نەماون و هەموویان فرۆشراون.

بۆنییەرش داخوازی سەندیکای نووسەران پەسند ناکا و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە بۆنییەرش بە شێوەیەکی کاتی خۆی لە وتووێژەکان بکشێنێتەوە.

ئێستا لەلایەن سەندیکای نووسەرانەوە مافی بڵاوکردنەوەیەکی تایبەتی وەرگیراوە و لە ڕاستی خودی دەزگای بۆنییەرش ئێستا بووەتە ڕکابەری ئەوان. هەر بۆیە بۆنییەرش پێی وایە کە وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ سەندیکا کە ئێستا بۆ خۆی مافی بڵاوکردنەوەی وەرگرتووە و لە ڕاستیدا ڕکابەری ئەوان دەکا، بێ سوودە.

سەندیکای نووسەران لەلایەن خۆیەوە پێی وایە کە لەمەو بەدوا هەموو کتێبە کۆنەکان دیجیتاڵیزە دەکا و تەنیا ئەوانیش مافی فرۆشتنیان هەیە

نەک ئەو چاپخانانەی کە لە رابردوودا کتێبەکانیان لە شێوازی سەرکاغەزدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. سەندیکای نووسەران لە لایەن خۆیەوە پێی وانییە ئەوان رکابەری بۆنییەرش بکەن و تەنانەت ئەوەی ئەوان دایان مەزراندووە چاپخانە و بڵاوکردنەوە نییە تەنیا دامەزراوەیەکە کە مافی لەچاپدانەوەی کتێبی ئەندامانی سەندیکا بۆ خۆیان دێڵێتەوە و ناهێڵێ چاپخانەکان لە بازاڕی دیجیتاڵدا بەبێ ئەوەی پشکی نووسەر بکەوێ بفرۆشرێن.

بۆنییەرش لەلایەن خۆیەوە دەیهەوێ گرێبەستێکی وا لەگەڵ سەندیکای نووسەراندا ئیمزا بکا کە مافی بڵاوکردنەوە هەموو شێوازەکانی کتێبی دیجیتاڵ، کتێبی سەر کاغەز، کتێبی گیرفانی، کتێبی دەنگی و داخوازی پرینت بگرێتەوە و ئەوان ئەو مافەیان هەبێت هاوکات کتێبێک لە هەموو شێوازەکاندا پێکەوە یان جیاجیا چاپ بکا و بفرۆشێ.

کاتێک دوای ١٠ ساڵ وتووێژ و گفتوگۆ لەسەر مافی بڵاوکردنەوە لە نێوان بۆنییەرش و سەندیکای نووسەراندا پچڕا و ڕاست لە نێوەڕاستی وتووێژەکاندا سەندیکای نووسەران دامەزراوەی مافی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە خۆی دامەزراند، ئێستا گفتوگۆکان لە نێوان سەندیکای نووسەران و چاپخانە سوێدییەکانی تر وەک نورشتێد[١٩] Norstedts، ناتوور[٢٠] & کولتوور Natur & Kultur و ئوردفرۆنت[٢١] Ordfront درێژەی هەیە.

سەرچاوە: www.dn.se

١٩. نورشتێد یەکێک لە چاپخانە گەورەکانی سوێدەوە لەگەڵ چاپخانەی گەورەی تر وەک بۆنییەرش لە موونافسە و ڕکەبەریدایە. (وەرگێڕ)

٢٠. ناتوور کولتوور، چاپخانەیەکی گەورەیە کە زیاتر بەرهەمی خوێندنگە و زانکۆکان و هەروەها بەرهەمە ئەدەبییەکان بڵاو دەکاتەوە. (وەگێڕ)

٢١. چاپخانەی ئوردفرۆنت یان بەرەی وشە وەک چاپخانەی ئەلتەرناتیڤ ناسراوە بە زۆری ئەو کتێبانە چاپ دەکا کە ڕوانگەی چەپ و دژ بە سیستەمی کاپیتالیستی هەیە و لەلایەن چاپخانە گەورەکانەوە چاپ ناکرێن. چاپخانەی ئوردفرۆنت بەهەمان ناو کۆوارێکی مانگانەش بڵاو دەکاتەوە کە زیاتر لە ٣٠ هەزار ئابوونەی لە سوێددا هەیە. (وەرگێڕ)

## کتێبە دیجیتاڵییەکان و پرسی کتێبخانەکان

ئاندێرش میلدنێر

ڕۆژنامەی ئوپسالا نیا تیدنینگ

ئاخۆ ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە هۆی بازاڕگەرمیی تەواوەتی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە سوێد؟ لە قەراغ ئەو شیانەی کە بەهۆی کتێبە دیجیتاڵییەکانەوە، چاپخانەکان خستوویانەتە هەوێڵی خوێنەر، باسێکی گەرمیش لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەی کتێبخانەکان لەسەر کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ئارادایە. پرسەکەش ئەوەیە کە بودجەی کتێبخانەکان بەشی ئەوە ناکات ئەگەر هاتو داخوازێکی لە ڕادەبەدەر بۆ خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان هەبێت.

بەگوێرەی ڕێسای نێوان کتێبخانەکان و چاپخانەکان لە باتیی هەر جارەی کە کتێبێک بەقەرز دەدرێ، لەلایەن چاپخانەکانەوە پارەیەکی دیاریکراو لە کتێبخانەکان وەردەگیردرێ. بودجەی دیاریکراوی کتێبخانەکانیش ئەم دەرفەتەی نییە و کتێبخانەکان ناچارن لە شوێنی تر دابشکێنن بۆ ئەوە قەرەبووی داخوازی زۆری کتێبی دیجیتاڵ لەلایەن خوێنەرانەوە بکەن.

ئەوەی ئێستا لە سوێد باسی دەکرێ، جۆرێک چارەسەری بۆ ئەم پرسەیە کە لە ئەمەریکا پێش خراوە. ئەمیش ئەوەیە کە هەر جارێک کتێبێکی دیجیتاڵ بەقەرز دەدرێ، خوێنەری تری خوازیاری هەمان کتێب ناتوانێ هاوکات داوای کتێبەکە بکا بگرە دەکەوێتە نۆرەی کتێبەکەوە.

واتە هەمان سیستەمی قەرزدانی کتێب کە بۆ کتێبە ئاساییەکان لە کتێبخانەکاندا هەتا ئێستا ڕەچاو کراوە. بەو شێوەیە هەم کتێبخانەکان

چاودێرییەکی باشتریان بەسەر دەرکەوتی خۆیاندا دەبێ و هەم چاپخانەکانیش نرخێکی لەبار بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکانی خۆیان وەردەگرن. کێشەی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە هەمان ڕێسای کتێبە ئاساییەکان بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان بەکار دەبردرێ واتە یەک پرەنسیپ بۆ کتێبی فیزیکی و مەجازی.

ئەمەش لە خۆیدا بەو مانایەیە کە کتێبێکی دیجیتاڵ لە چوارچێوەی کتێبێکی فیزیکدا قەتیس دەکرێ و بەو شێوەیە هەموو تایبەتمەندییەکانی کتێبی دیجیتاڵ دەکەونە بن پرسیار. لە کاتێکی ئاوادا کەواتە کتێبی دیجیتاڵ بۆ؟

لەلایەکی ترەوە شیمانەی ئەوە هەیە لەو ڕێککەوتن و گرێبەستانەی کە لە نێوان چاپخانەکان و کتێبخانەکاندا لەسەر کتێبە دیجیتاڵییەکان دەبەسترێن نرخی کتێبەکان بۆ کتێبخانەکان زۆر گران تەواو بن.

هەتا ئێستا هەموو جۆرێکی کولتوور کە دیجیتاڵیزە بووە نرخی لە بەراورد لەگەڵ جاران زۆر دابەزیوە. بازاڕ لە شتی هاوشێوەی وا نوقم دەبێ کە زۆرجاران نرخەکەیان دەگاتە ئاستی سفر. بێجگە لەوە کڕیارەکان وەک جاران پاسیڤ نین و بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵایەتییەیان لە پرۆسێسی فرۆشتن و کڕیندا هەیە. لەم پێوەندییەدا موسیقا نموونەیەکی بەرچاوە. ئیمرۆ بەشێوەی نێوەنجی هەر کەسێک لە سوێد نزیکەی ٩٠ کرۆن لە مانگدا بۆ کڕینی گۆرانی و مۆسیقا لە ڕێگەی سپۆتیفای تەرخان دەکا کە لە ڕابردوودا قەت ئەوەندە پارە بۆ کڕینی موسیقا لە دوکانەکانی سیدی فرۆشی لەلایەن کڕیارانەوە نەچووەتە گیرفانی فرۆشیاران.

ئەمە وای کردووە کە کڕینی فرۆشی مۆسیقا لە ڕێگەی سپۆتیفاییەوە بووەتە هۆی داخستنی زۆر دوکانی سیدی فرۆشی مۆسیقی و گۆرانی. ئەم پێشوەچوونە لە بواری مۆسیقادا لە جیهانی دیجیتاڵ درەنگ یان زوو لە

دەرکەی کتێب و کتێبخانەش دەدا.

نرخی کتێبە دیجیتاڵییەکان هەر ئێستا زۆر هەرزانن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەو شێوەی لە بواری مۆسیقادا پێشکەوتنی دیجیتاڵ ڕووی داوە لە بازاڕی کتێبدا پێشوەچوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئەوەی هێندێک هەنگاو هەڵهێندراوە، هێشتا بەشێوەی ڕژد ڕووی نەداوە.

مەترسیی ئەوە هەیە کە کتێبخانەکان ناچار دەبن گرێبەستی قورس و گران لەگەڵ چاپخانە و دەزگاکانی وەشان و بڵاوکردنەوە ببەستن و بایەخ و نرخی ئەو گرێبەستانەش لە سەرەوەی نرخی بازاڕی کتێب لە دەرەوەی کتێبخانەکان بێت.

لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی کتێبخانەکان خۆیان بە گرێبەستەکانەوە بەستووەتەوە ناتوانن لە دەرەوەی گرێبەستەکان بەشێک لە بەرهەم و کتێبە دیجیتاڵییەکان لە بازاڕی دیجیتاڵدا لە هەوێڵی خوێنەرانی خۆیان بخەن. لەلایەکەوە کە ئەمە خەبەری دڵخۆشکەرەیە بۆ چاپخانە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەلایەکی ترەوە قورس و گران لەسەر شانی کتێبخانەکان دەوەستێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کێ باسی ئەم پرسانە دەکا و کێ دەیەوێ ئەم کێشانە بخاتە ڕۆژەڤ.

ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی گرینگ بێت بۆ سیاسەتوانانی کولتووری لە ساڵی ٢٠١٢دا کە خۆیانی بە وەڵامدانەوە پێ خەریک بکەن.

سەرچاوە:

Uppsala Nya Tidning 24 december 2011

بەشی چوارەم

# تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

## له جێی سەرەتا

### پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرجەم ئەو چالاکییانە وەبەر دەگرن کە لەودا لە ڕێگەی تەکنیکەوە لێک نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی و وەرگرتن و دانی زانیاری بەیەکتری لە نێوان مرۆڤەکاندا بەبێ لە بەرچاوگرتنی سنوور و جوگرافیا دێتە گۆڕێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو شێوازێکی کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت، پێوەندی، بلۆگنووسی، پۆدی گرووپی ویکی و پۆد ڕادیۆ و دانانی بۆچوون وەبەر دەگرێ. زۆرجار تێرمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەربڕینێکی ئاسایی بۆ هەموو خزمەتە مەجازییەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکار دەبرێ.

پێناسەیەکی تر بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیموکراتیزەکردنی ناوەڕۆک و تێگەیشتن بۆ ئەو ئەرکەیە کە مرۆڤەکان نە تەنیا کار لەسەر خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەکەن بگرە چۆن ئەوان بۆ خۆشیان لە خوڵقاندن و بەشداری لە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییانە دەکەن کە بەهۆی کەسانی ترەوە دەئافرێندرێن.

پێناسەی سێیەم بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەی ئەو پێوەندییەیە کە ڕۆژانە لەلایەن بە ملیۆنان لە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێک دێ و هەروەها هونەری گرتن و پێکهێنانی چۆنیەتیی ئەو پێوەندییە.

ئیمڕۆ زۆر شەریکە و ڕێکخراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێوەندی بە ئەندامان خۆیان و خەڵکییەوە کەڵک وەردەگرن. لەبەرئەوەی بە پلەی یەکەم زۆر ئاسان و خێرا دەتوانن لەگەڵ کەسانی دڵخوازی خۆیان پێوەندی و

دیالۆگ بکەن. یەکێک لە شێوازە هەرە ئاسانەکانی بازارگەرمی و مامەڵەکردن کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە خۆیدا چەمکێکی کۆمەڵناسییە کە پێوەندیی مەجازی یان ئینتەرنێتی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتیگر پێناسە دەکا و لەگەڵ چەمکی میدیا کۆمەڵایەتییەکان هاومانا و هاوتای یەکترن.

ئیمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەیەکی نوێ و پێشوەچووی گرینگن لە بازاڕ و مامەڵەکردندا. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان لەم پێوەندییەدا ویکییە.

ویکی Wiki وشەیەکی هاواییە کە مانای خێرا دەدا. ویکی ماڵپەڕێکی سەرنج ڕاکێشە کە لەودا زۆر کەس پێکەوە بە ئەرکی جیاوازەوە یارمەتی و هاوکاریی یەکتری لە خوڵقاندنی ناوەڕۆکی ماڵپەڕ یان شتێکی نوێدا دەکەن. یەکێک لە ماڵپەڕە هەرە ناسراوە ویکییەکان لەم پێوەندییەدا ماڵپەڕی فەرهەنگی ویکیپێدیایە کە هەر ئێستا دوو ملیۆن بابەتی لەسەر دانراوە[٢٢].

تۆڕێکی تری کۆمەڵایەتی، بلۆگە. بلۆگ شوێنێکی ئینتەرنێتی یان ماڵپەڕێکە کە بەشێوەی ئاسایی لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە بابەتەکانی بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆجیانەی بەپێچەوانە نوێ دەکرێنەوە. کاراکتەری زۆربەی بلۆگە جیاوازەکان ئەوەیە کە لەبارەی ناوەڕۆک و بابەتەوە قەتیس و داخراو نین بگرە بابەتی گشتی و هەمەچەشنەیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە. بەڵام ژمارەیەک بلۆگیش کاراکتەری تایبەتی خۆیان هەیە، وەک نموونە شەخسی و تایبەتی تاکن، یان بازرگانی و بەمەبەستی

٢٢. بو لۆف Bo Leuf لە وتارێکدا بە ناوی The wiki way: Quick collaboration on the web دەنووسێ: ویکی ئەو شیانە دەخاتە بەردەم هەموو کەسێک کە بە تێکست و ناوەڕۆکی تایبەتیی ئەو کەسەوە بەئاسانترین شێواز لە دەوڵەمەندیی ماڵپەڕی ویکیپێدیادا بەشداری بکا و هاوکات بە لینک دانان هەموو بابەت و ناوەڕۆکە جیاوازەکان پێکەوە لێک گرێ دەدا و پێکەوە لە شوێنێکدا پێکیان دەبەستێتەوە.

کـاروبـاری مـامــەڵە و شــەریکەکــان دانـدراون. وەک نـاولێنـانێکی گـشــتی بۆ بلۆگەکان باسی جیهانی بلۆگەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێ.

بلۆگـەکـان مـاتۆڕێکی گـەورەیان هـەیە و بەهـۆی ئـەم مـاتۆڕەوە لە جیـهـانی بلـۆگـدا گــەڕان و پـشکنین دەکـرێ. تێکنـۆکــراتی Technorati یەکــێک لە گەورەترین مـاتۆڕەکانـی بلۆگە کە ١٠٠ ملیـۆن بلۆگ و ٢٥٠ ملیـۆن کـاربەری تۆڕی کۆمـەڵایەتی وەبەر دەگرێ. ماتۆڕی تێکنۆکراتی لە جیـهانی مـەجازیدا هـەم لەگەڵ گووگڵ و هـەم لەگەڵ یاهـوو ڕکبەری و موونافەسە دەکا.

لە جیـهـانی بلـۆگەکـاندا دوو جـۆر بلـۆگ هـەیە؛ مـیکرۆ بلۆگەکـان و مـاکرۆ بلۆگـەکـان. بلۆگـە بچـووکەکـان یان مـیکرۆ بلـۆگـەرەکـان ئەو بلۆگـانەن کـە خـاوەنەکـانیـان هـەمـوو بـاسـێکی تایبـەت بەخـۆیان دێننـە گـۆڕێ وەک ئەوە چ دەکەن، چ دەخوێننەوە، چاودێریی چ دەکەن، چ فێر دەبن؟ و بەکورتی هـەموو باسـوخـواسـێک دەخـەنـە سـەر لاپەڕەی بلۆگـەکـان[٢٣]. مـیکرۆ بلـۆگـەکردن ئەو تایبـەتمەنـدییـەی هـەیە کـە کـەسی بلـۆگـەر سـتـاتۆی خـۆی بـەردەوام نوێ دەکاتەوە. جیاوازییەک کە هـەیە، درێژی و هـەژماری بەکارهێنانی نیـشانە لە بلۆگـپـۆسـتـدایە. لە مـیکرۆ بلۆگـدا لانی زۆری نیـشـانەی بەکـارهێنراو لە بۆچوونێک یان پەیامێکدا نـاتوانێ لە ١٤٠ نیشـانە تێ بپـەڕێ. ئـەو زمـانـەی بۆچوونی پێ دەنووسـرێ لە خـۆیدا کاریگەری بەسـەر ئەمـەوە هـەیە بۆ نموونە لە چـەند وشـــەدا بلـۆگــەرێک دەتوانێ پەیامی خــۆی بە شــێـوازێکی ڕوون دەرببـڕێ؟ مـیکرۆ بلۆگەکـردن لە ڕاسـتـیـدا پارادیگمـێکی نوێ لە پێـوەندی لەگـەڵ شـێـوازی گـفـتـوگـۆ و دیـالۆگکردنـی مـرۆڤـەکـان لەگـەڵ یەکـتـری خـوڵقـاندووە. سـاڵـی ٢٠٠٧ ژێرەمـیـاه ئـویانگ Jeremiah Owyang بۆ یەکەم

٢٣. براین سۆلیس Brian Solis پێناسەی میکرۆبلۆگارە بەم شێوەیە دەکا:
"Any form of concentrated content created using social tools that broadcast voice, video, images, or text to friends and followers within dedicated Web and mobile communities"

جار چەمکی "دەمەتەقێی میدیایی"[٢٤]ی داهێنا. چەمکی دەمەتەقێی میدیایی بە کەسێک دەگوترێ کە پەیامی کورت دەدا یان وەردەگرێ و بەو شێوەیە جۆرێکی نوێ لە ئاخافتن و گفتوگۆکردنی دێتە گۆڕێ. ئەمە لە دانانی بۆچوونیشدا لە میکرۆبلۆگیش هەر بەو شێوەیە و بۆچوونەکان لە ڕستەی بچووک و هەژماری کەمی بەکارهێنانی نیشانە پێک دێ و بەگشتی بۆچوونەکانیش کورتن. بۆ نموونە تویتر لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئێمرۆکە یەکێک لە گەورەترین میکرۆ بلۆگەکانە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەیەکی تر هەیە پێی دەگوترێ نیشانەی کتێبی کۆمەڵایەتی. ئەمە شێوازێکە بۆ هەمارکردن، ڕێکخستن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نیشانەی کتێبی لە ماڵپەڕەکاندا بەهۆی مێتاداتا یان زانیاریی مێتایی. شێوازی هەرە ئاساییی تاگارکردن یان دەستنیشانکردنە. خەڵکی ئاسایی بەمە دەڵێن دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتی کاتێک کەسێک وشەی لێگەڕان بۆ ماڵپەڕ و نیشانەی کتێبییە کۆمەڵایەتییەکان لای خۆی هەمار دەکا. دوو لە نموونە بەرچاوەکان لەم پێوەندییەدا دێلسیۆس Delicious و دیگۆ diigoیە. ئەم نیشانە کتێبییە کۆمەڵایەتییانە لەلایەن تاک، یان گرووپی بچووک هەمار دەکرێن بۆ ئەوە دواتر بە سەرەنج ڕاکێشی ڕیزبەندی بکرێن و لە ماتۆڕی گەڕاندا جێگە بگرن. وشەیەکی تر بۆ دەستنیشانکردنە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکسۆنۆمییە، تێکەهەڵکێشێک لە دوو وشەی "خەڵک" و "تاکسۆنۆمی". خەڵکسۆنۆمی بەپێچەوانەی سیستەمە ڕیزبەندییەکانی تر لە نیشانەی کتێبییە کۆمەڵایەتییەکاندا "لە خوارەوە بۆ سەرەوە" لەلایەن پسپۆڕانی ئینتەرنێتییەوە دانانرێ بگرە خەڵک و کاربەرانی ئینتەرنێتی بۆ خۆیان ڕیزبەندییەکان دەکەن.

24. "Media Snackers"

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شوێنە دیجیتاڵانەن وەک ناویان لێ نراوە شوێنی پێوەندیی مەجازی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئینسانییەکان ڕێک دەخەن. ئەندامان بۆ خۆیان پرۆفایل یان ناسنامەی خۆیان دادەنێن پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خەڵکانی تردا گرێ دەدەن و پێکەوە و وێکڕا لەسەر شتە هاوبەشەکانیان یان پرسی تر لە پێوەندیدا دەبن. پێوەندییەکان لە ڕێگەی نوێکردنەوەی ستاتۆ یان دانانی پەیام و بۆچوونی ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێ. زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک پلاتفۆرمێک ئەو شیانەیان پێک هێناوە کە خەڵکانێک لە گرووپی بچووک یان گەورەدا وەک دۆست لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە.

فەیسبووک ئیمرۆکە یەکێک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە گەورانەیە کە زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن کاربەری لە پانتاییی جیهاندا هەیە. ئا لێرەدایە کە شەریکەکان هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لە کۆکردنەوەی خەڵکی بەدەوری یەکتریدا بۆ دەردەکەوێ.

لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە چەمکێکی تر هەیە پێی دەگوترێ؛ ئاگراتورەکان. ئاگراتورەکان ئەو خزمەتە ئینتەرنێتییانەن کە بابەتێکی تایبەت و دیاریکراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆرەوجۆرەکان لە شوێنێکدا کۆ دەکەنەوە. وەک نموونە نوێکردنەوەی ستاتۆکان لە زۆر تۆڕی کۆمەڵایەتیدا لە یەک شوێندا یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتییدا کۆ دەکرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ کاربەران کە زانیارییەکان لە یەک شوێندا ببینن و ناچار نەبن گەڕانی جۆرەوجۆری ئینتەرنێتی بکەن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوکات تۆڕی دەنگوباسە کۆمەڵایەتییەکانیشن. لێرەدا مەبەست ئەو ماڵپەڕانەیە کە کاربەران دەتوانن دەنگ بە هەواڵ و دەنگوباسەکان لە سۆنگەی بایەخی خەبەری یان نووچەییی ئەو هەواڵانەوە بدەن. بۆ نموونە ماڵپەڕی دیگ Digg سەبارەت بەم خزمەتەی نێوبانگی

دەرکـردووە کـە لـە خـۆیدا ئەو خـزمـەتە وەک دیمـوکـراتیـزەبوونـی هەواڵ و دەنگوبـاسـەکـان دەنرخـێندرێ. واتە پێـوەندیی دەسـەڵات بـەسـەر هەواڵ و دەنگوباسدا لە سـەرەوە لەلایەن رۆژنامـەوانانەوە بەرەو خـوار بۆ لای خـەڵکی دابەزیوە. بۆ نموونە لە مـاڵپـەڕی دەنگـوباسـی وەک گـووگڵ نیـوزدا Google News ئەو هەواڵ و دەنگوباسەی لە هەمووان زیاتر ببیندرێ و کرتەی لەسەر بکرێ ئەوە دەکەوێتە سەرەوە و لە ریزبەندیدا وەک هەواڵی گرینگ دادەندرێ. چەمکێکی تر لـە باسـی تۆڕە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـاندا فـورووومـی ئینتـەرنێـتـە. فورووومی ئینتەرنێت لە ڕاستیدا وەک تابلۆیەکی دیجیتاڵی ڕێکلامە کە لەودا کۆمـەڵێک خـەڵک بە سـەرنجی هـاوبەشـەوە لە دەوری یەکـتری کـۆ دەبنەوە و ئالـوگـۆڕی بیـروڕا دەکـەن. ئار ئێس ئێس Really Simple Syndication شوێنێکە کە زانیارییەکان لەسەر بۆچوون و پەیامە بلۆگییەکان کۆ دەکاتەوە. بۆ نموونە دەنگوباسـی دەنگی یان دیمەن لە فـورماتێکی سـتانداردا دەخـاتە هەوێڵی کاربەران. ئەمە زیاتر لە جیهانی بلۆگدا جێگەی خۆی کردووەتەوە و بووەتە هـۆی ئەوە زانیـاری لە نێـوان بلۆگکارانی جـۆرەوجـۆردا ئاڵوگـۆڕ پێ بکا.

سەرچاوە: http://sv.wikipedia.org/wiki/Socialamedier

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەربیجەیەک

### تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین؟

کورتەیەک لە کاپیتلی "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەربیجەیەک" لە نووسینی ماتیاس بوسترۆم[٢٥]

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێستا MATTIAS BOSTRÖM den 23JULI 2010




هەموو چالاکییەکانی نێو ئینتەرنێت وەبەر دەگرن کە لە حاڵەتێکی وادا پێناسەکردنی وەک چەمک لە ئەو گرینگییەی نامێنێ. هەر ئێستا چوار لە یەکی ئەو کاتەی ئێمە لەسەر ئینتەرنێتین بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکرێ. خودی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئینتەرنێت بوونەتە یەک شت.

٢٥. ئەم نووسینە بەر لە بڵاوکردنەوەی لە شێوازی کتێبدا ماتیاس بوسترۆم لە ئینتەرنێتدا بڵاوی کردووەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەران لەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکە بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و دواتر ماتیاس لە کتێبەکەیدا کەڵکیان لێ وەربگرێ. تێکستی ئەم وەرگێڕانە هەمان نوسخەی یەکەمە کە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە. (وەرگێڕ).

بریت ستاکسۆن Brit Stakston تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک شێوازە پێوەندییە دیجیتاڵییەکان پێناسە دەکا کە ئەزموونی کاربەران لە نێویدا ڕەنگ دەداتەوە[٢٦].

فەیسبووک، بلۆگەکان، تویتر، یوتیوب، لینکەدلن، ویکیپێدیا هەموو ئەو نموونانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەواندا کاربەرانی ئینتەرنێتی بابەتەکان بڵاو دەکەنەوە و زانیارییەکان پەخش دەکەن. کاربەران تەنیا زانیارییەکان لە هەوێڵ ناخەن بگرە بۆ خۆیان لە شێواز، ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوەیدا چالاکن.

بۆ نموونە کاتێک کاربەرێک لینکێک لە فەیسبووک لایک دەکا تەنیا لە فەیسبووک نا بگرە سیمبۆلی قامک هەڵهێنانی لایک لەسەر سایت و ماڵپەڕی ئەو شوێنانەش لە دەرەوەی فەیسبووک وەدەردەکەوێ. بەو شێوەیە زۆر بە خێر او ئاسان لەو ڕێگەیەوە ئەو کەسە لەگەڵ کاربەرگەلێکی تر پێوەندی دەگرێ و لە پێوەندیی دیجیتاڵدا دەبێ.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە زۆربەی شێوازەکاندا خزمەتە خۆڕاییەکانن کە لەواندا بە شێوازێکی ئاسان هەموو کەس دەتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ و تەنیا شتێک کە ئەو کەسە لێرە دەیدا کاتە و مایەدانان لە کاتی خۆیەتی.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەروەها لە سەر بەشێکی زۆر لە ئینتەرنێت هەیە. لە زۆربەی ماڵپەڕەکاندا کاربەران ئەو شیانەیان هەیە کە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان لەگەڵ خۆیان لە فەیسبووک یان تویتردا دانێن یان ئەوە ڕاستەوخۆ لە ماڵپەڕەکاندا بابەتێک هەڵسەنگێنن و بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنووسن.

لێرەدایە کە سنووری نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشەکانی تری

26. Brit Stakston: Politik 2.0. Konsten att använda sociala medier. Beijbom Books 2010

ئینتەرنێت دەسڕدرێتەوە. هەر لەبەرئەوەشە کە پێناسەکردنی چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئیتر ئەو گرینگییەی نامێنێ. گرینگ ئەوەیە کە بزاندرێ چۆن و بە چ شێوازێک لەو شیانانەی کە ئینتەرنێت لە هەویڵی خستووین، کەڵک وەربگرین. لەوەش گرینگتر و بنەڕەتیتر ئەوەیە کە بۆچی ئێمە لە ئینتەرنێت کەڵک وەردەگرین؟

## زانیاریی پەروەردەیی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[٢٧]

هانا یوهانسۆن، سێپتەمبری ٢٠١٠، ماڵپەڕی خوێندنگەکانی سوێد
Hanna Johansson


هانا یوهانسۆن

لێرەدا هەوڵی من ئەوەیە کە باسی ئەوە بکەم، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چین و چۆن کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ؟ لەم نووسینەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاربەرانیان شیتەڵ دەکەین.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی بەرفراوانە کە زۆر شوێنی وێب و خزمەتە ئینتەرنێتییەکان وەبەر دەگرێ، دەکرێ بەو شێوەیە باس بکرێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شوێنانەن کە لەواندا کاربەران بابەتەکانی خۆیان دادەنێن، پێوەندییەکانیان ساز دەکەن و زۆرجار لەگەڵ کاربەرانی تر، گرووپی تایبەتی خۆیان چێ دەکەن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هێندێک جار بەناوی وێبی دوو webb ٢ , ٠ ناودێر کراوە.

تایبەتمەندییەکی هاوبەش کە هەموو ئەو خزمەتانەی وەک تۆڕە

---

٢٧. ئەم نووسینەی هانا یوهانسۆن تایبەت بۆ قوتابیان نووسراوە و لە ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردەی سوێددا داندراوە. هەم چوارچێوە و هەم ناوەڕۆکی بابەتەکە زۆر بە سادەیی نووسراوە و زانیارییە پێویستییەکان لە پێوەندی لەگەڵ پێداویستییەکانی قوتابیاندا باس کراوە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لەلایەن منەوە هەمان زانیاریی چڕوپڕ و سادەبوونی تێکستەکە بوو. (وەرگێڕ).

کۆمەڵایەتییەکان ناسراون، هەیانە بوونی ئەندامەتی و چوونە ژوورەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. دوای چوونە ژوورەوە تایبەتمەندییەکانی کاربەر و ئەگەریش پێویست بکا وێنەیەکی کاربەر دەکەوێتە سەر لاپەڕەی ئەو کەسە و دواتر لەو ڕێگەیەوە ئەو کەسە چوارچێوەی پێوەندییەکانی و تۆڕی دۆستانی خۆی دادەمەزرێنێ. پێوەندی لەگەڵ دۆستان و دامەزراندنی گرووپی دۆستان بەستراوەتەوە بەوە کە چۆن دۆستانی نوێ پەیدا بکرێن و چوارچێوەی پێوەندییەکان بەرفراوان بکرێنەوە.

هێندێک نموونەی ئاسایی:

نموونەیەک لە پێشوەچوونەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا یان وەک دەگوترێ وێب ٢ ئەو خزمەتەیە کە دوای هەر نووسین و وتارێک کاربەران دەتوانن بۆچوونی خۆیان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان لە ڕۆژنامەکان، بلۆگەکان دەرببڕن. هەروەها خزمەتەکانی ویکی کە لەودا ژمارەیەکی زۆرتر پێکەوە هاوکاری دەکەن و جۆرێک فەرهەنگۆک بۆ بابەتی جیاواز بۆ نموونە لە ویکیپێدیا یان سەرچاوەکانی ویکی چێ دەکەن. تویتر یان شوێنێکی پێکەوەگەیشتنی وەک فەیسبووک یان لینکەدین Linkedin نموونەی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن. بێجگە لەوانە بۆ نموونەی ماڵپەڕێکی تایبەت بە وێنەی وەک فلیکر کۆم Flickr.com یان یوگیلە کۆم Yogile.com لەواندا کاربەران دەتوانن وێنەکانی خۆیان دابەزێنن و هاوکات وێنەی دابەزێندراوی کەسانی تر ببینن و کەڵکیان لێ وەربگرن. یان نیشانی کتێبی وەک دێلسیۆس Delicious و دیگو Diigo. هەروەها شوێنێکی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوی دێلا Dela هەیە کە تایبەتە بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ نموونە لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا یان سبنینگ SBNING لە باکوری ئەوروپا بۆ پێوەندیی نێوان کتێبخانەکان.

گفتوگۆ و پێوەندی بناغەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێنێ. بەردی

بنەڕەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەندی و لە سۆنگەشەوە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ کەسێک یان چەند کەسێکە لە نێوان کاربەراندا لە کەناڵ و ڕێگەیەکی هاوبەشەوە. کارکردێکی گرینگی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە کاربەران بتوانن هاوکاری بکەن و لە خولقاندنی بابەت و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا لە شوێنێکی ویبیدا ڕۆڵ بگێڕن. دروستکردنی پێوەندییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە زۆر ڕێگەدا شیانی هەیە وەک ئەوە بۆ نموونە دۆستی دۆست بکرێتە دۆست یان ئەوە لە بابەتێک یان پیشەیەکی تایبەتی هەمان کەسان کە شتی هاوبەشیان لەگەڵ کاربەرێک هەیە ببیندرێنەوە. بۆ نموونە ئاساییە کە لای مامۆستایەک، دۆستەکانی زۆربەیان مامۆستان یان کارمەند و دامەزراوانی قوتابخانە و خوێندنگەکان بن. هەروەها بەشێک لە مامۆستایان وەک بژاردە قوتابیانی خۆیان وەک دۆست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵبژاردووە. ئەمەش نەک تەنیا لە فەیسبووک بگرە لە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تردا لە ئینتەرنێت بەرچاو دەکەوێ.

کارکردەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن، یەک لەوان ئەوەیە کاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەنگوباسێک کە بەهۆی کاربەری ترەوە دادەندرێ، کەڵک وەردەگرن و لە زۆر بارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن. کاربەر ئاگەدار دەبێ دۆستەکانی بەچییەوە خەریکن، چ ئەرک و هەرمانێکیان هەیە و لە کوێ دەژین و لە کوێ کار دەکەن و لەسەر پرسی جۆرەوجۆر ئێستا چۆن بیر دەکەنەوە. پێوەندییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زۆری لەسەر ڕووداوە هەنووکەییەکان ڕاوەستە دەکا، ئێستا چ باسە و خەڵکی چۆن بیر دەکەنەوە. وەدیارکەوتن و بەشداریکردن دوو کۆڵەکەی سەرەکییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بوونی ئێمە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگشتی جۆرێک پێوەندیی نوێ و کراوەیی نەک تەنیا لەنێو خۆماندا بگرە لە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئینتێرنێتدا

ساز کردووە. چەمکی سەرەکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداریکردن، شیان و بوون و خۆدەرخستنە.

کە بەشداری دەکەی واتە لە وەرگرتنی زانیاری و دانی زانیاریدا لە ڕێگەی دانانی لینک، وێنە، کلیپی فیلمی و پرۆفایل و خۆناساندن بەشداری دەکەی. بۆ نموونە مامۆستایەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەزۆری بابەتی وەک زانیاری لەسەر لینکی نوێ، زانیاری لەسەر دەرس و مەشق لە چوارچێوەی خوێندنگەدا بڵاو دەکاتەوە. کۆنسێپتەکەش ئەوەیە کە لە هەوێڵخستنی زانیاری و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە خۆیدا مافێکی دیمۆکراتیکی هەر کەسێکە، کە لەودا هەموو پێکەوە لە دانی زانیاری و وەرگرتنی زانیاریدا پێکەوە لە پلاتفۆرمێکدا بەشداری دەکەن و هاوکاریی یەکتری دەکەن.

بوون و خۆدەرخستن یان ترانسپارێنس بەو مانایەیە کە بە شێوازی جۆرەوجۆر خۆت دەربخەی. وەک چەمک لە شەریکە و داوودەزگاکاندا ترانسپارێنس بۆ کاتی وەدەرکەوتن و خۆدەرخستن یان خۆنیشاندان بەکار دەبرێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێمەدا وەک تاک بەو مانایە کە کاتێک ئێمەش خۆمان وەک تاقە کەس لە ئینتەرنێتدا نیشان دەدەین. بوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە زۆری بەو مانایەیە کە ئێمە خۆمان زانیاری لەسەر خۆمان لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەینەوە، باسی ئەوە دەکەین ئێمە کێین و چ کارێک دەکەین و بە نیشاندانی وێنەی خۆمان چ لە ژیانی شەخسی و چ لە شوێنی کار و پیشەمان خۆمان نیشان دەدەین و لینکی بەرهەمە کارییەکانی خۆمان دادەنێین و هەروەها زۆر زانیاریی تر لەسەر خۆمان لە ئینتەرنێتدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکەینەوە.

## بلۆگ

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٩ کراوە ڕێژەی ٦٥٪ لەوانەی بلۆگیان هەیە تەمەنیان لە خوارەوەی ٢٥ ساڵە. وشەی بلۆگ وشەیەکی ئینگلیزییە و

وەک کورتکراوەی وێبـبـووک وەرگیـراوە و دەکرێ بگوترێ مـانای دەفـتـەری یاداشت لە ئینتـەرنێـتـدا دەدا. دیاردەی بلۆگنووسین و نووسـینی یاداشـتی ئینتەرنێتی لە کۆتاییی ١٩٩٠وە دەستی پێ کرد و ساڵی ٢٠٠٥ بەتایبەتی لە سوێددا پەرەی گرت. زۆربەی بلۆگەکانیش کاراکتێری دەفـتـەری یاداشـتی شەخسییـان هەیە بەڵام دیسان ئەوە تەنیـا جۆرێکە لە بلۆگەکان و بلۆگەکان بە ناوەڕۆکی جیـاواز لە ئینتـەرنێـتـدا دەردەکـەون. لە سـاڵی ٢٠١٠دا بلۆگ هەیە تایبـەت بە پیشـە، ڕێکخـراو یان گرووپێکی تایبـەتی کـە زۆرجـاران بە هاوکـاریی چەند کـەسـێک دەنووسـرێن و بەڕێوە دەچن. بۆ نموونە زۆر مـامـۆسـتـا بلۆگی پەروەردەیی بەڕێوە دەبەن و وەک ئامـرازێکی پەروەردە قوتابیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

بلۆگـەکـان هەتا ڕادەیەک لە تۆڕە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانـی تر بۆ نموونـە لە فەیسـبووک و تویتـر لەو بارەوە جیـاوازییان هەیە کە بلۆگەکان وەک ئەوان لە خـۆیانـدا خـزمـەتێک نـین کـە لەلایەن شــەریکەیەوە بەڕێوە بچن. بگـرە بلۆگ جـۆرێک مـاڵپـەڕە بۆ نووسـین و بڵاوکـردنـەوە لە ڕێگەی ئینتـەرنێـتـەوە. بۆ نووسینی بلۆگەکانیش ئامـرازی جیاوازی زۆر هەیە. بۆ نموونە لە سوێددا بە زۆری بلۆگـێـر Blogger و وۆردپرێس Wordpress کـەڵک وەردەگـیـردرێ. بۆ نموونە زۆر لە مامۆستایان کە بلۆگێک دەکەنەوە، بلۆگەکەیان لەگەڵ دەرکەی بلۆگی قوتابخانەکانی سوێدی Skolbloggen.se کە هەموو بلۆگەکانی لەسەر خوێندنگە و باسی پەروەردە تێدایە، گرێ دەدەن.

بلۆگەکان کارکرد و شێوازی جیـاجیـایان هەیە. بلۆگەکان دیارە بەزۆری وەک یەک دەچن بەڵام بۆ ئەوە شـێـواز و فۆرمـی جیـاوازیان هـەبێت، کاربەری بلـۆگ دەتوانـێ لە ڕێگەی کــەرەســتــەی دابەزاندنەوە بەپـێی زەوقـی خــۆی بلۆگەکەی بڕازێنێتەوە. هەمـوو بلۆگێک ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەموو بابـەتێکی بڵاوکـراوەش ناو و ســەردێڕێکی تایبــەتی و هەروەهـا مـێـژووی

نووسـینـی بۆ دادەندرێ. هەمـوو بۆچوونـە داندراوەکـانی بلۆگ بە ڕیز لەسـەر لاپەڕەی سـەرەکی دەبیندرێن و بـەو شێوەیە خوێنـەر دەتوانێ هەموو بۆچوونە داندراوەکان بە شوێن یەکدا ئەڵبەت بە ڕێکەوتی بەپێچەوانەوە بە ڕاکێشانی لاپەڕەکە بۆ خـوارەوە بخوێنێتـەوە. هەروەهـا شـتی سەرنج ڕاکیش لە بلۆگدا ئەوەیە کە هەمـوو بۆچوونەکـان مـانگانـە لە شـوێنێکدا کۆ دەکـرێتـەوە و و بە کـرتە لەسـەر مـانگێکی خـوازراو هەمـوو بۆچوون و بابەتـەکانـی ئەو مـانگە دەکەونە سەر لاپەڕەی یەکەمی بلۆگ.

ئەوەی وەک کـارکـردێکی باشـی بلـۆگـەکـان دەژمـێـردرێ ئەوەیە کـاتێک بابـەتێک لـە بلۆگـدا دادەندرێ دەکـرێ وەک سـەردێرێکی تـایبـەت نـاوی لێ بندرێ یان لە کاتەگۆرییـەکدا یان ئێتیکێت یان شێوەزمـانی تایبەت لە بلۆگدا ڕیزبەندی بکرێ. لەم سـەردێرەدا دەکرێ ناوەڕۆکی بابەتەکە بەکورتی باسـی بکرێ. بۆ نمـوونە ئەگەر هاتوو مـامۆسـتـایەک بـابەتەکەی لە سـەر شـێوازی کـەڵک وەرگـرتن لە سـەرچاوە بوو کـە قـوتابیـان وەک وانە بیـخـوێـنن ئەوە بابـەتـەکە وەک سـەردێری بۆ نموونـە وانە، سـەرچاوە و بلۆگ دیاری دەکـرێ. ئەمـە دەکرێ لەگەڵ شێوەی ڕیزبەندیی کتێبـخانەکان کە چۆن کتێبەکـان لە کـاتەگۆری جـیاوازدا دەسـتـەبەندی یان ڕیزبەندی دەکرێن، بەراورد بکرێ. لە زۆربەی بلۆگەکاندا ڕیزبەندییەک کە دەتواندرێ کرتەی لەسەر بکرێ هەیە کە هـاوکـات هەمـوو بـابەتـەکانـی نێـو کـاتەگـۆرییـەک بەکـۆمـەڵ و لە ڕیزبـەندیدا دەکەونـە سەر لاپەڕەی یەکەمی بلۆگ کە ئەمـە کارئـاسـانی بۆ کاربـەران دەکا کـە هەمـوو بـابەتە هـاوشـێـوە و هـاونـاوەڕۆکـەکـان لە یەک جـێگـەدا وەبیـنن و کەڵکیان لێ وەرگرن. بێجگە لەوە زۆربەی بلـۆگەکـان شوێنێکیـان بۆ لێگەڕان داناوە کە بە نووسـینـی وشـەیەک و کرتەکردن لەسـەر وشـەی گـەڕان هەمـوو بابەتە وەکیەکەکان لە بلۆگدا دەبیندرێنەوە.

بلۆگەکان وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

یەکەم هۆکار کە دەبێتە هۆی ئەوە کە بلۆگەکان وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاویان لێ بکرێ ئەوەیە کە خوێنەران و کاربەرانی بلۆگ دەتوانن بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بابەتێک لە بلۆگە جیاوازەکاندا دابنێن. لە ژمارەیەک بلۆگدا بۆچوونەکان ڕاستەوخۆ دادەندرێن و لە بلۆگەکانی تردا دوای خوێندنەوەو پەسەندکردنی ناوەڕۆکی بۆچوونەکان لەلایەن کاربەرێکەوە دادەندرێن و بڵاو دەکرێنەوە. هەروەها کاربەرانیش بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بۆچوونە بڵاوکراوەکان دادەنێن و ئەم بۆچوونانە بەهۆی دانانی لینکەوە لەگەڵ بلۆگی تر و بۆچوونی تر گرێ دەدەن. بەو شێوەیە شێوازێکی گفتوگۆ و پێوەندیی نێوان بلۆگە جیاوازەکان چێ دەبێت. هەروەها لە بلۆگێکدا ڕیزبەندییەک لە بلۆگە جێگە سەرنجەکانی کاربەری ئەو بلۆگە دادەندرێ لە خوێنەران لە بلۆگێکەوە سەردانی بلۆگی تر دەکەن و لێرەشدا پێوەندی نێوان بلۆگەکان و خوێنەری بلۆگەکان لەگەڵ یەکتری چڕ دەبێتەوە. بلۆگەکان لەگەڵ تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تردا لە پێشوەچووندان و لە خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیدا لە تێکەڵیدان. بۆ نموونە کاربەرێکی بلۆگ دەتوانێ لینکی بلۆگەکەی لە فەیسبووک یان تویتردا دابنێ و نوێترین ڕووداوەکانی جیهانی بلۆگ بۆ نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر بگوێزێتەوە. یان بە پێچەوانە بلۆگەرێک بابەت و بۆچوونەکانی خۆی لە فەیسبووک و تویتر بۆ نێو بلۆگ بگوێزێتەوە.

کارکردێکی تر لە بلۆگدا ئەوەیە کە دیمەن و فیلم لە یوتیوبدا بۆ سەر بلۆگ دەگوێزرێتەوە. کە کرتە لەسەر فیلمەکان دەکرێ وەک ئەوە وایە کە فیلمەکان ڕاستەوخۆ لە بلۆگەوە بڵاو دەکرێنەوە. بەو شێوەیە بلۆگەرەکان بە بڵاوکردنەوەی وێنە و دیمەن لە بلۆگدا تێکستەکانیان دەوڵەمەند دەکەن و جۆرێک لە زیندووبوونی بلۆگەکانی خۆیان دەپارێزن و بەو جۆرە سەرنجی خوێنەران و بینەران بۆ لای بلۆگەکانیان ڕادەکێشن.

شێوازە جیاوازەکانی بلۆگ:

ئەوەی کە وەک تایبەتمەندیی بلۆگ ناسراوە ئەوەیە کە بلۆگەکان زۆرتر کاراکتەری شەخسی و تاکەکەسییان هەیە. ژمارەیەک بلۆگارە بابەتی درێژ دەنووسن و بەو شێوەیە خوازیاری هەڵگیرسانی باس و موناقەشە لەسەر بابەتێکی تایبەتین. ژمارەیەک بلۆگارەش ئەو بژاردەیە هەڵدەبژێرن کە بلۆگەکان کەمتر شەخسی بن. ژمارەیەک بلۆگارەی تریش هەم لەسەر خۆیان وەک تاک دەنووسن و هەم لە سەر کاری پیشەییی خۆیان کە لێرەدا زەحمەتە سنوورێک بۆ تاکەکەسیبوون و گشتیبوون یان فەرمیبوون دابندرێ. لێرەدا چەند نموونەیەک لە بلۆگە جیاوازەکان دەخرێنە بەر سەرنج:

بلۆگە تاکەکەسییەکان ڕەنگە کۆنترین و ئاساییترین شێوازی بلۆگ بن. ئەم جۆرە بلۆگانە وەک دەفتەری یاداشتی ڕۆژانە دەچن کە بەزۆری بابەتەکان ڕۆژانەیین وەک بڵاوکردنەوەی وێنەی بنەماڵە و خزم و دۆستان و هەروەها یادگاریی سەفەر و گەڕان. کەسانی تریش بۆ نموونە لەسەر بابەتی تایبەتی جێگەی سەرنجی ئەو کەسانە وەک مۆدە، چێشت لێنان، تەکنیک و زۆر بابەتی تر کە بۆ خاوەن بلۆگ گرینگ و جێگەی سەرنجە. دواتر بلۆگی تر هەیە کە تایبەتە بە کار و پیشە و ئەوەی بۆ بلۆگەر گرینگە بۆ نموونە مامۆستاکان و ئەوانەی لە کتێبخانەکاندا کار دەکەن لەسەر کار و پیشەی خۆیان لە بلۆگەکانیاندا دەنووسن و بابەت بڵاو دەکەنەوە.

ئێستا زۆربەی شەریکەکان بێجگە لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان وەک تەواوکەرییەک لە بلۆگەکانیش کەڵک وەردەگرن. مەبەستەکە ئەوەیە کە دەنگوباسەکانیان هەرچی زووتر بڵاو بکەنەوە، لەگەڵ کڕیارەکانیان پێوەندی بگرن و بە گشتی لە ڕێگەی بلۆگەکان کە دینامیکی کارکردی بەرچاوە، مامەڵە و بازاڕی خۆیان گەرم ڕابگرن. کاتەگۆرییەکی تر لەنێو بلۆگەکاندا ئەو بلۆگانەن کە هی کۆڕ و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانن. ئەم جۆرە بلۆگانە بە

زۆری لەلایەن گرووپێکەوە بەڕێوە دەچن و لێرەدا بلۆگەکان دەبنە جێگەی باس و موناقەشەی جۆرەوجۆر هەروەها گوێستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان. هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەرێمی سوێد لە ساڵی ٢٠١٠دا ساڵێک بوو کە سیاسەتوانان لە هەموو کاتێک زیاتر لە بلۆگەکان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی کەڵکیان وەگرت. لەو ماوەیەدا سیاسەتوانگەلێکی زیاتری تر بلۆگی تایبەتی خۆیان کردەوە و لەو ڕێگەوە لەگەڵ دەنگدەراندا کەوتنە باس و گفتوگۆ[٢٨].

لەلایەکی تریشەوە بلۆگی لەو چەشنە هەیە کە خاوەنەکانیان زۆر دیار و بەرچاو نین و لەو جۆرە بلۆگانەدا لە ڕێگەی پرۆڤۆکاسیۆن و هێندێک جاریش چەواشەکاری هەوڵ دەدرێ، پرسی جۆرەوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە گشتی پرسەکانی نێو کۆمەڵگە بکەوێتە بەر باس و موناقشە لەنێو خوێنەرانی بلۆگەکاندا.

بەکارهێنانی بلۆگ لە خوێندنگەکاندا:

بلۆگەکان ئامرازی زۆر باشی پەروەردەن کە لەو ڕێگەیەوە دەکرێ دەرس و مەشقی قوتابییەکان ببێتە جێگەی باس و موناقەشە. زۆر هۆکار هەیە کە مامۆستاکان هانی قوتابیان و خوێندکاران دەدەن کە بلۆگەکان بەکاربێنن. خودی بەکارهێنانی بلۆگ و نووسین لەوێدا دەبێتە هۆی ئەوە قوتابی ئاستی نووسین، لێکۆڵینەوە و شێوازی گێڕانەوەی ناوەڕۆکی نووسین یان کتێبێک بەرز بکاتەوە. هاوکات بلۆگەکان هەرە شێوازی ئاسانن بۆ ئەوە قوتابیان نووسین و تێکستەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاو بکەنەوە. لە بلۆگەکاندا مامۆستایان و قوتابیان پێکەوە دەبنە خوێنەر و هەردوو پێکەوە ناوەڕۆکی نووسینەکان هەڵدەسەنگێنن و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر

---

٢٨. بۆ نموونە لە سوێددا لە سەرجەمی ٣٤٩ ئەندامی پەرلەمان ٣١٥ کەس لە فەیسبووکدان، یانێ ڕێژەی ٩٠٪ی کۆی ئەندامانی پەرلەمانی سوێد. (وەگێڕ).

دەردەبڕن. نووسین و بڵاوکردنەوە لە وێبدا دەبێتە هۆی ئەوە قوتابی زیاتر لەسەر پرسی بەکارهێنانی سەرچاوە، مافی بڵاوکردنەوە و ئاسایشیی ئینتەرنێتی خۆی چڕتر بکاتەوە.

## فەیسبووک

زۆرجار فەیسبووک وەک گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئینتەرنێت ناوی دەبردرێ. تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەندامی چالاکی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش هەژماری ئەوان زیاتر دەبن.

ساڵی ٢٠٠٤ مارک زوکربەری Mark Zuckerberg و ژمارەیەکی تر لە هاوڕێ خوێندکارەکانی لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمەریکا بناغەی فەیسبووکیان دانا. فەیسبووک لە سەرەتادا وەک تۆڕێکی تایبەت بۆ خوێندکاران کەڵکی لێ وەردەگیرا و هەر لە سەرەتاشەوە بە هەمان مەبەست دامەزرابوو. بەڵام لە ساڵی٢٠٠٥ بەدواوە ئیتر فەیسبووک گەیشتە دەرەوەی زانکۆ و هەموو ئەمەریکا و دواتر هەموو جیهان و ئێستا لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیک بە یەک میلیارد ئەندامی لە هەموو گۆشە و قوژبنی جیهان هەیە.

بۆچی فەیسبووک لە هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە و بەو شێوەیە خەڵکی بووە لەنێو هەموو چین و توێژێکدا بەبێ لە بەرچاوگرتنی تەمەن و خزمەتەکانی و بۆچی بەکار دەبردرێ؟ شوێنە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێتدا هەر لە سەرەتادا لەنێو گەنجاندا لە دەسپێکی پەرەگرتنی ئینتەرنێت لە سەرەتای نەوەتەکان جێگەی سەرنج بووە.

کاربەر و ئەندامەتی لە فەیسبووک:

لە دەسپێکی ٢٠٠٠ گەنجانی سوێدی لە دەوری تۆڕگەلێک کە ئەو دەم پێی دەگوترا کومونیتی communities وەک لونارسترۆم Lunarstorm ، پلای هید Playahead و دواتر ئاپ بەریەت (Apberget مەیموونی چیا) ، بیلدداگبوک

Bilddagboken (وێنەی یاداشتی ڕۆژانە)، هابو هوتێل Habbo Hotell و زۆری تر کۆ بوونەوە. خاڵی هاوبەشی ئەم شوێنە جیاوازانەی پێوەندی لە ئینتەرنێتدا کەم تەمەنی کاربەرانی ئەندام لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەدا بوو. کاتێک فەیسبووک هات، لە پێشدا لە میدیاکاندا زۆر لەسەر ئەوە باس کرا کە فەیسبووک شوێنی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی گەورەساڵانە هەتا گەنجان و هەتا ئێستا بەزۆری توانیویەتی گەورەساڵان هەتا گەنجان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. شیانی ئەوە هەیە کە ئێستا فەیسبووک بە زۆری لای کەسانی تەمەن مامنێوەنجی بەکا ربێت و بەو حاڵەشەوە لە هەردوو جیلی بەتەمەن و گەنج کاربەری هەیە.

هەموو کەس دەتوانێ ببێتە ئەندامی فەیسبووک بەبێ شەرت و مەرجێکی تایبەتی. بێجگە لەوە بەکارهێنانی فەیسبووک زۆر ئاسانە و هەر ئێستا فەیسبووک بە زۆر زمانی جیاواز هەیە. هەروەها بۆ کاربەرێکی فەیسبووک زۆر ئاسانە کە بڕیار بدا کامە ئەندامی فەیسبووک دەتوانێ زانیارییەکانی لەسەر خۆی ببینێ و کامە نەتوانێ بیبینێت.

کارکرد و پانتاییی کەڵک وەرگرتن لە فەیسبووک:

لە ستاتۆ یان پرۆفایلی کاربەری فەیسبووکدا، کاربەر دەتوانێ زانیارییەکان وەک ئێستا چ دەکا، چۆن بیر دەکاتەوە و لە چ حاڵ و هەوایەکدایە؟ هەر ئان و سات نوێ بکاتەوە. هاوکات لە لێگەڕانی فەیسبووکدا دەتوانی بە شوێن ئەو دۆست و ناسراوانەدا بگەڕێی کە ڕەنگە ئەوانیش ئەندامی فەیسبووک بن. هاوکات لە فەیسبووکدا دەکرێ دیمەن، وێنە، لینک و هەر چەشنە زانیارییەکی تر بڵاو بکرێتەوە و بەو شێوەیە پێوەندی لەگەڵ ئەندامی تری فەیسبووکدا دابمەرزێ، لە ڕێگەی جۆرەوجۆرەوە پەیام بۆ دۆستانی فەیسبووک بنێردرێ و پەیامیان لێ وەربگیردرێ. بینینی گوتوبێژەکان و پەیامەکان زۆرجاران بۆ دۆستانی تر لە فەیسبووک کراوەیە و ئەگەر

تێبینییەک لەم بارەوە ڕەچاو بکرێ ئەوە لە بەشی دامەزراندنی ئاسایشیدا دەکرێ ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ. بەڵام هەموو کاربەرێکی فەیسبووکیش سندووقێکی تاکەکەسی پۆستە هەروەک ئیمەیل هەیە کە دۆستانی فەیسبووک دەتوانن نامەکانی خۆیان لەو شوێنە دابنێن کە ئەودەم تەنیا پەیامنێر و پەیامەوەرگر دەتوانن بیبینن. کاربەرێکی فەیسبووک دەتوانێ گرووپێکی دۆستان دابمەزرێنێ و دۆستانی خۆی داوەتی ئەو گرووپە بکا یان بۆ خۆی لە گرووپگەلی تری دۆستاندا داوەتی ئەندامەتی پەسند بکا، وەک لاپەڕەی تایبەتی بۆ بەشداری لە تاقیکاریی جۆرەوجۆر یان کێبەرکێی جیاجیا. هەروەها کاربەر دەتوانێ زۆر کەرەستەی تر لە فەیسبووکدا بە پێی پێویستی لاپەڕەکەی خۆی دابەزێنی کە کارکردی جیاوازیان هەیە. دۆستان دەتوانن چالاکییەکانی کەسێک لە فەیسبووک ببینن و هاوکات بۆچوونی خۆیان لەسەر نووسین یان ئەو کارانەی تری دەرببڕن. ئەم وەرگرتنی زانیارییە ڕاستەوخۆیانە و هەروەها پێوەندی و تێکەڵاوی لە نێوان کاربەراندا لە یەکەم کارکردە ئاساییەکانی فەیسبووکن.

فەیسبووک لە نێوان سنووری دوو وڵاتی تاکەکەسی و کار:

فەیسبووک لە خۆیدا وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بۆ پێوەندیی شەخسی و تاکەکەسییەکان دەژمێردرێ کە لەودا کاربەرێک دەتوانێ پێوەندییەکان لەگەڵ خزم و دۆستاندا دابمەزرێنێ. بێجگە لەوە هاوکات لە فەیسبووکدا کاربەر دەتوانێ خۆی لە قەرەی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بدا و بەدامەزراندنی گرووپگەلی دۆستان و پێکەوەنانی دەستە و گرووپ لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چالاک بێت. لە ڕێگەی فەیسبووکەوە دەتوانێ بەشداریی فیزیکی لە کۆبوونەوە و چالاکیی ئەوەی کە پێی دەگوترێ: events بکا. دەیان نموونە هەیە کە خەڵک چۆن لە پێوەندییەکانی نێوان کار و پێوەندی بە پیشەوە لە فەیسبووکدا کەڵک وەردەگرن.

زۆر لە گرووپ و لاپەڕەکان لە فەیسبووکدا ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کار و شوێنی کارەوە هەیە وەک قوتابخانە، کتێبخانە، ڕێکخراوەکان، شەریکەکان و داوودەزگاکان. شوێنە کارییەکان و تۆڕەکان لە فەیسبووک وەک پلاتفۆرمێک بۆ دامەزراندنی پێوەندییە نێوەخۆییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیارییە پێویستەکان کەڵک وەردەگرن. بێجگە لەوە فەیسبووک بۆ شەریکە شەخسییەکان یان هەڵسووڕانی فەرمی کەرەستەیەکی باشی مامەڵەکردن و گەرمکردنی بازاڕە کە لەودا چالاکییەکان و خزمەتەکان دەخرێنە پێش چاوی کاربەران. بۆ نموونە زۆربەی کتێبخانەکان لاپەڕەی تایبەتی لە فەیسبووکدا بۆ خۆیان دەکەنەوە و داوا لە خەڵکی دەکرێ ببنە ئەندام. هەر بۆیە لێرەدا دەبینین کە لاپەڕەی فەیسبووک وەک کەرەستەیەکی بازارگەرمی بۆ کتێبخانەکان وەک ناساندنی کتێبە نوێیەکان، نووسەرەکان و وەشان و کلووبەکانی جیاجیای کتێب کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

### تویتر

تویتر یەکێکی تر لە کەرەستەکانی پێوەندیگرتن لە ئینتەرنێتە. دەکرێ تویتر وەک تێکەڵاوێک لە نێوان بلۆگ و ژووری دەمەتەقێ chatt بناسێندرێ. بە جیاوازی لەگەڵ کەرەستەی تر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە تویتردا بە کورتی و ڕوونی شت دەنووسرێ. هەموو پەیامێک کە لە تویتردا دەنووسرێ نابێ لە ١٤٠ نیشانە زیاتر بێت.

تویتر ئامرازێکە کە لەودا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێک کەس دادەمەزرێندرێ وەک تۆڕی مامۆستایان کە لە پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ یەکتریدان و لە یەکتری لە ڕێگەی تویترەوە لەیەک ئاگەدار دەبن و بە شوێن یەکتریدا دەڕۆن. بەشوێندا ڕۆیشتن لێرەدا ئەو مانایە دەدا کە تۆ لەگەڵ دەکەوێ و بۆچوونی کەسێک دەخوێنییەوە و بە شوێن ئەو کەسەدا دەچی و لە بیر و بۆچوونی زیاتری ئەو کەسە لە ڕێگەی پەیامەکانییەوە tweets

ئاگەدار دەبی. کاتێکیش لە ڕێگەی تویترەوە کەسێک خۆی بە چالاکییەکانی نێو تویتر خەریک دەکا، بۆچوون دەنووسێ و وەڵامی پەیامی کەسانی تر دەداتەوە و لەگەڵ کەسانی تر لە پێوەندیدا دەبێ، پێی دەگوترێ ئەو کەسە تویترە دەکا. دیارە زۆر خزمەتی وەک تویتر لە ئینتەرنێتدا هەیە بەڵام هەتا ئێستا تویترە کە لە هەمووان گەورەتر، وە پێشکەوتووە لەلایەن تاکەکەس، شەریکەکان، ڕێکخراو و دامەزراوەکان و هەروەها سیاسەتوان و پارتە سیاسییەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

چۆن تویترە دەکرێ؟:

کاتێک کەسێک لە تویتردا ژوورێک دەکاتەوە، ئەوە دەبێتە خاوەن ماڵپەڕێکی تایبەت کە ئەو ماڵپەڕە لە بۆچوونەکانی ئەو کەسە و کەسانی تر کە بەدوای ئەو بۆچوونانەدا ڕۆیشتوون و بۆچوونی تریان داناوە، پڕ دەبێ. ئەو پەیامانە دەکرێ لەلایەن دۆستان و هاوکارانەوە نووسرابن کە ناوەرۆکەکەیان بریتییە لە بۆ نموونە پرسیارکردن، تێفکرین، گاڵتە و جەفەنگ، لینکدانان، وێنە و زۆر شتی تر کە بە ناوی لێشاوی تویتری ناسراوە.

لە زۆر بارەوە تویتر هەروەک فەیسبووک دەچێ. لە تویتریشدا هەروەک فەیسبووک، پرۆفایلەکان نوێ دەبنەوە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە فەیسبووک وەک جۆرێک پێوەندیی نێوان دۆستان و ناسراون دەچێ بەڵام لە تویتردا تۆڕێکە کە زیاتر بۆ پێوەندیی نێوان هاوکار و هاوپیشەکان کەڵکی لێوەردەگیردرێ وەک مامۆستایان، کارمەندانی کتێبخانە و پەروەردەکار و پسپۆڕانی بواری ئای تی. ئەم کەسانە کە پسپۆڕییەکی تایبەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە پێکەوە لە تویتردا لە پێوەندیدا دەبن و لەسەر کارەکانیان ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەکەن، یان لە پرۆژەیەکدا پێکەوە هاوکاری دەکەن، زانیاری سەبارەت بە وانەیەک لە هەوێڵی یەکتری دەنێن، لە دەنگوباسی پیشەییی یەکتری ئاگەدار دەبن. لە تویتردا تەنیا لە ڕێگەی پەیام ناردنەوە

پێـوەندی دانامـەزرێ بگرە راسـتـەوخـۆ کـاربەران دەکەونە دیالـۆگ و پێکەوە تویترە دەکەن و بەشوێن یەکتریدا دەچن. هەروەها لە تویتردا بە ئاماژەکردن بە تویتـەی کـەسـانی تر، کەسـێکی تـر لە مـاڵپـەڕەکەی خـۆیدا بـۆچوونەکـانی لەسـەر مژاری جێگەی باسـی کەسانی تر دەردەبڕێ بەو شێوەیە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لە نێوان کاربەرانی تویتردا چێ دەبێ.

تویتر چۆن بەکار دەبردرێ؟:

تویتر بە شێوازی جیاواز کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. تویتر دەبێتە هەمان شت کە کـەسێک مـەبەستییەتی و ئەو کـەسە لەسـەر ئەو شـتەی کە بـۆ ئەو جێگەی سـەرنجـە تویتـرە دەکا. ئەو پـەیامـانە هەڵدەبژێـردرێن کـە کـەسـێک دەیـهـەوێ بەدوایاندا بـڕوا و هـەمـان کـەسـیش لەسـەر ئەو شـتـەی کـە بۆ ئەو بـاڵکێش و جێگەی سەرنجن ئاڵوویری پەیامان دەکا.

لەلایـەکـەوە تویتـر دەکـرێ وەک تۆڕێکی هـاوبەش لـە نێـوان کـەسـێک و کەسانی تر کە هەمان سەرنجی هاوبەشیان هەیە کارکردی هەبێت. کە لەودا شـتـەکـان دەتوانن شـەخسـی و تـاکەکەسی بن. لەلایـەکی ترەوە تویتـر تۆڕێکە بۆ کـۆمـەڵێک هـاوکـار بە کـار و پیـشـەی هـاوبەشـەوە، کـە دیارە لێرەدا شـتـی هـاوبەشی وەک باسـی کـار و پیشـەیە نەک شـتی تاکەکـەس کـە ئەو کـەسـانە لێک نزیک دەکـاتـەوە. لێـرەدا تویتـر دەبێـتـە تۆڕێکی گـەورەی هـاوکـار و هـاوپـیـشــەکـان لە هـەمـوو لایـەکـەوە بەبێ لە بـەرچاوگـرتنی سـنوور و وڵات بەشـەرتێک کـاربەران لە زمـانێکی هـاوبەش کەڵک وەربگـرن و پێکەوە دیالۆگ بکەن.

تویتر وەک مەکۆی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەوروبەر:

تویتـر هـەروەها ئامـرازێکی سـادەیە بۆ چاودێریکردن و وەرگرتنی زانیـاری لەسـەر دەوروبەر. ئـەگـەر کـەسێک بیـەوێ نوێترین هـەواڵ لەسـەر پرسـێک چ

پیشەیی و چ شەخسی بزانێ ئەوە دەتوانێ بە شوێن ئەو کەسانەدا بگەڕێ کە لەسەر ئەو پرسە شت دەنووسن و بیروڕای خۆیان لە تویتردا دەربڕیوە.

تویتر وەک کەرەستەی گەڕان بەشوێن زانیاری:

ئەگەر کەسێک بیەوێ لەسەر کەسێکی تر کە تویترە دەکا شت بزانێ و بەدوای زانیارییەکانی ئەو کەسەدا بچێ ئەوە تویتر بۆ خۆی ماتۆڕی لێ گەڕانی تایبەت بەخۆی هەیە وەک دوو ماتۆڕی Twingly Microblog search و Topsy.

تویتر بۆ بازارگەرمی:

لە تویتردا دەکرێ بۆ زۆر خزمەت و بەرهەم ڕێکلام بکرێ. بەڵام لە جیاوازی لەگەڵ بازارگەرمی و ڕێکلامی نەریتیدا لە تویتردا هەموو کاربەران دەتوانن لەسەر ئەو بەرهەم و خزمەتانەی ڕێکلامی بۆ دەکرێ بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و ئیتر لێرەدا بازارگەرمی و ڕێکلام یەکلایەنە نییە و خەڵکی ئەو شانسەیان هەیە بە چاک یان خراپ بۆچۆنی خۆیان دەرببڕن.

## **یوتیوب** YouTube

یوتیوب شوێنێکی خەڵکییانەی کۆکردنەوەی فیلم و فیلم کلیپە لە ئینتەرنێتدا کە هەموو کەسێک دەتوانێ سەردانی بکا، چاو لە فیلم بکا یان بۆ خۆی فیلم بۆ چاولێکردنی خەڵکی تر دابنێ. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی ٢٠٠٩ لەنێو گەنجانی سوێددا کراوە ڕێژەی ١٦٪ی کوڕان و ٩٪ی کچان لە نێوان تەمەنی ١٤ هەتا ١٥ ساڵ فیلمیان لەسەر یوتیوب چاو لێ کردووە.

یوتیوب ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرا و هەر زوو بوو بە شوێنێکی جێگەی باس و خەڵکییانە لەسەر ئینتەرنێت. ساڵێک بەسەر وەرێخستنی یوتیوبدا تێ نەپەڕیبوو کە یوتیوب لەلایەن گووگڵەوە Google Inc کڕدراو بەو شێوەیە بوو بە بەشێک لە شەریکەی گەورە و زەبەلاحی گووگڵ.

له یوتیـوبدا خـەڵکی لە هەمـوو گۆشـە و کـەناری جـیـهان دەتوانن چاو لە یوتیـوب بکەن. ئەوەی بەتـایبـەتی یـوتیـوبی کـردووەتـە تۆڕێکی کـۆمـەڵایەتی ئەوەیە کە لە یوتیوبدا کەسێک دەتوانێ فیلمە هەڵبژێردراوەکانی خۆی دابنێ و بۆ خەڵکی تر بنرێ و بێجگە لەوە لەبن فیلمەکانەوە هەر کەسە و بۆچوون و بیروڕای خۆی بنووسێ. هەروەها پلەی باش و خراپ بۆ فیلمەکان دابندرێ.

بۆ ئەوە کـەسێک بـتوانێ لە هەمـوو خـزمـەتەکانی یوتـیـوب کـەڵک وەربگرێ پێش لە هـەمـوو شـتێک دەبێ ئەو کـەسـە ژوورێک، شـوێنی یوتیـوب بکاتەوە. دیارە کردنـەوەی ئەو ژوورە بەخۆڕاییـە و بە ئاسانیش ئەنجام دەدرێ. دوای کردنەوەی ژوورێک ئـەوە کـەناڵێکی تایبـەت لە یوتیـوبدا دەکەوێتـە هـەوێڵ کـە لەودا فیلمـە هەڵبـژاردەکـان هەمـار دەکرێن و هەروەها چاو لە فیلمی ژووری تر بـژاردە دەکـرێ. هەمـوو ئەو فـیلمـانـەی کـە دادەبەزێندرێن لەو کـەناڵە تایبـەتیـیـەدا بە نـاوی کـەناڵی یوتیـوب هـەمـار دەبن. لـە کـاتی دابـەزاندنی فیلمێک لە یوتیوبدا کەسی دابـەزێنەر بۆ خـۆی بڕیار دەدا کـە فیلمـەکە کێ چاوی لێ بکا ئاخـۆ تەنیا دۆستـان ببینن یان فیلمـەکە فەرمی بێت و هەموو کـەس چاوی لێ بکا. بۆ نموونە کـەسێک دەتوانێ فیلمـە دابەزێندراوەکـانی تەنیـا نیشـانی دۆسـتان و خـزمـان بدا و کـەسـانی نەناسـراوی تر لە یوتیـوب بۆیان نەبێت ببینن.

یوتیوب وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی:

یوتیــوب هـەروەک تۆڕێکی کـۆمــەڵایەتی، کـاربەران دەتوانن لەودا پێـوەندی پێکەوە بـگرن و باس و مـوناقـەشــەی فـیلمـەکـانی یەکـتـری بکـەن. بۆ نموونە کـەسانی تر و کـەناڵی تر وەک دۆست دیاری بکرێ و لە یوتیـوبیـشدا گرووپی دۆستان پێک بهێندرێ و پەیام بۆ یەکتری بنێردرێ. بێجگە لەوە لە یوتیوبدا فۆرمێکی یارمـەتیدان هەیە کە کاربەران دەتوانن لـەوێ ئاڵوگۆڕی زانیـاری بکەن، پرسـیـار لە یەکـتری بکەن و یارمـەتیی یەکـتری بـدەن. وەک کـاربەری

یوتیـــوب کـــەســـێک دەتوانێ ژوورەکـــەی بە پرۆفـــایلی خـــۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەک فەیسبووک، مای سپایس MySpace، تویتر، گوگڵ ریدەر Google Reader یان بلۆگـەکـەی گـرێ بدا و لەو رێگەیەوە فـیلمـە بژاردەکـان یان فـیلمـەکـانی خـۆی بە ئاگـەداریی خـەڵکی تر لە تۆڕە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانی تر بگەیەنێت و بەو شـێـوەیە چوارچێـوەی پێـوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەرفراوان بکا.

کارکردێکی خەڵکییانە لە یوتیوب ئەوەیە کە کەسێک دەتوانێ فیلم کلیپێک لەســەر مـاڵپــەڕی تـایبــەتی خـۆی لـە یوتیــوب دابنـێ بەبێ ئـەوە لە کــاتی نیشـاندانیدا دەربکەوێ کە لە یوتیوب وەرگیراوە، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا فـیلمـەکـە لە یوتیـوبەوە نیـشـان دەدرێ بەڵام لایەنی تەکنیکی یوتیـوب وای کردووە کـە ئەوە دەرنەکـەوێ و فیلمـەکـە ڕاسـتـەوخـۆ لە مـاڵپـەڕەکـەوە بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک فیلم کلیپێکی بەلاوە باش بێت، دەتوانێ ڕاسـتـەوخـۆ لە یوتیـوبەوە بۆ سـەر بلۆگەکەی خـۆی بگوێزێتـەوە و بۆ خـۆی و کەسانی تریش بۆچوونەکانیان لە بن فیلمەکە بنووسن.

یوتیوب لە خوێندنگە:

لە یوتیــوبدا هـەمــوو چەشـنە فـیـلم کلـیـپـێک هـەیە لەو فـیـلمــانەوە کــە بەرهـەمــهـێنەرە گـەورەکـان وەبـەرهـەمـیـان هێنـاوە و لەو فـیلمـانـەش کـە بە شێوازێکی ئاماتۆرانە لەلایەن کەسانی ئاساییـیەوە چێ کراون. لە یوتیوبدا فیلمی هەمەچەشنـەی وەک ڕێکلام، موزیک، فیلمی پڕوپاگەندە، گاڵتـە و زۆر جـۆری تری فـیلم هـەیە. بێـجگە لـەمـانـە لە یوتیـوبدا فـیلمی پێـداگـۆگی، پەروەردەیی هـەیە کـە تایبـەت و بۆ مـەبەسـتی پەروەردە و بـارهێنان وەبەرهـەم هێنراون وەک وانەوتنەوە، ســیــمــینـار و گــاید و زۆر بابـەتی تر. هـەروەها هێندێک داوودەزگای فەرمیی سوێدی بۆ خۆیان لە یوتیوبدا ماڵپەڕی تایبەتی بۆ هەمارکردنی بەرهـەمـەکانی خۆیان کردووەتەوە وەک ڕاوێژکاری میدیایی

دەوڵەت Statens medierd و دەستەی کارگێڕیی گەنجان Ungdomsstyrelsen لە سوێد. بەکورتی زۆر فیلمی باشی پەروەردەیی لە یوتیوبدا هەیە کە دەکرێ لە خوێندنگەکاندا کەڵکی لێ وەربگیردرێ.

یوتیوب وەک شوێنی نیشاندانی بەرهەمە میدیاییە نایاساییەکان:

دیارە هەموو کات بەتایبەتی لە ساڵەکانی دەسپێکی یوتیوبدا بەباشە باسی یوتیوب نەکراوە. کاتێک لێشاوی فیلمەکان لە یوتیوبدا دەستی پێ کرد و بە ملیۆن کلیپ نیشان دران، لەو نێوەدا هێندێک بەرهەمیش کە خاوەن ئیمتیاز بوون و مافی بڵاوکردنەوەیان بە یوتیوب نەدرابوو، بڵاو کرانەوە. ئەمە لە خۆیدا بوو بە ژانەسەر بۆ یوتیوب کە چۆن بتوانێ لێشاوی نیشاندانی ئەو فیلمانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە مافی بڵاوکردنەوەی تەنیا لە ئەستۆی شەریکەکانی فیلم، تەلەڤزیۆنەکان و بەرهەمهێنەران و خاوەنەکانیان بوو؟ هەر بۆیە لە یوتیوبدا بڵاوکردنەوەی هەر چەشنە فیلم کلیپێک کە مافی بڵاوکردنەوەی نەدرابێ، قەدەغەیە. هەموو بینەرێکی ئاسایی یوتیوب بەهۆی کارکردێک کە لەبن فیلمەکان هەیە دەتوانێ شکات لە فیلمێک بکا و هەر زوو ڕاپۆرتی شکاتەکە بگاتە لای بەڕێوەبەرانی یوتیوب. سەرەڕای ئەمەش دیسان فیلمی وا لە یوتیوب نیشان دەدرێ کە ئیزنی وەشان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە نەدراوە و ئەمەش لە خۆیدا کێشەیەکە کە یوتیوب لەگەڵی دەژی و زۆرجار یاسای چاپ و بڵاوکردنەوە لە یوتیوبدا وەبن پێ دەخرێ.

## ئامارەکان لەسەر  تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ دەڵێن؟


ئێریک فوشبەری – Erik Forsberg ٦/١٠/٢٠١٠


ئێریک فوشبەری

بەپێی تەمەن کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێ. بەتایبەتی کاتێک باسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[٢٩] و سندووقی پۆستەی ئیمەیل بکرێ، ئەم جیاوازییە بەرچاوترە. بەپێی ئامارێک کە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن ناوەندی ئاماری نوردیکۆم Nordicom سەر بە زانکۆی یۆتەبۆری لە سوێد ئامادە کراوە بۆ نموونە کەڵک وەرگرتن لە ئیمەیل لای گەنجان کەمترە هەتا لای تەمەنی بۆ سەرەوەتر. بۆ کەسانی لە نێوان تەمەنی ٦٥ هەتا ٧٩ساڵدا لە هەر دە کەس ٦ کەس بە شێوەی نێونجی ڕۆژانە چاو لە ئیمەلەکەی خۆیان دەکەن. لەنێو گەنجاندا لە نێوان تەمەنی ٩ هەتا ١٤ ساڵ کەڵک وەرگرتن لە ئیمەیل ڕێژەی ١٠٪ پێک دێنێ. لە کۆی گشتیی کەڵک وەرگران لە ئینتەرنێت ڕێژەی چاولێکردن لە سندووقی پۆستەی ئیمەیل ٥١٪یە.

---

٢٩. بەپێی پێناسەی ناوەندیی ئامارگیری نوردیکۆم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان تۆڕە میدیاییەکان بریتین لە هەموو جۆرە میدیایەک لە ئینتەرنێتدا وەک تەلەڤزیۆنەکان، ڕۆژنامەکان، ڕادیۆ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک فەیسبووک، تویتر، بلۆگ و یوتیوب و هی تر.




به پێچەوانە، گەنجان و کەم تەمەنان زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لەنێو گەنجاندا لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ کە کەڵک لە ئینتەرنێت وەردەگرن. هەروەها ڕێژەی کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ٦٦٪ی کاتی ڕۆژانەی ئەوان وەبەر دەگرێ. لەلایەکی ترەوە لەلای کەڵک وەرگرانی کەم تەمەنتر لە نێوان ٩ هەتا ١٤ ساڵ ڕێژەی ٢٨٪ی کاتی ڕۆژانە بۆ کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەچێ.

بەپێی هەمان لێکۆڵینەوە لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەی ٨٥٪ی گەنجان و ڕێژەی ٣٤٪ی خانەنشینان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری کەڵک وەردەگرن. کەسانی تەمەن مامنێوەنجی و بەتەمەنتر بە زۆری چاو لە ماڵپەڕی میدیا نەریتییەکان[٣٠] دەکەن بەڵام گەنجان و منداڵان بە زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە لە فەیسبووک کەڵک وەردەگرن. ڕێژەی ٦٥٪ی گەنجان لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ ڕۆژانە خۆیان

٣٠. مەبەست لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت ئەو تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە نەریتییانەن کە ئێستاش ئەوان بۆ بازارگەرمی ناچار بوون ڕوو لە ئینتەرنێت بکەن و خزمەتەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کە زۆرجار بەخۆڕاییە، پێشکێش بکەن. (وەرگێڕ)

لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەریک دەکەن. ڕێژەی ٥٠٪ لەو گەنجانە چاو لە یوتیوب دەکەن و ڕێژەی ٣٧٪یش خۆیان بە بلۆگ خوێندنەوە خەریک دەکەن. بە گشتی لەلای تەمەنی نێوان ٩ هەتا ٧٩ ساڵ ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئینتەرنێت بە هەمان ڕادەی میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت چاویان لێ دەکرێ. ڕێژەی یەک لە چوار یان ٢٦٪ی سویدییەکان ڕۆژانە سەردانی ئینتەرنێت دەکەن. بە هەمان ڕێژەش چاو لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت دەکرێ. لەنێو میدیا نەریتییەکاندا ڕۆژنامەکان ڕێژەیەکی بەرچاو پێک دێنن. بەگشتی ڕێژەی ١٧٪ی سویدییەکان ڕۆژانە چاو لە ڕۆژنامەکان لە ئینتەرنێتدا دەکەن.

وەک لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٩دا دیتمان بە گشتی ڕێژەی ٢٦٪ی سویدییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. بە هەمان ڕێژەش چاو لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێت دەکەن. بەڵام وەک لەو ئامارەدا دەردەکەوێ کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان بەپێی جیاوازیی تەمەن، زۆر لەیەک جیاوازن. وەک نموونە ڕێژەی ٦٤٪ی گەنجان لە نێوان تەمەنی ١٥ هەتا ٢٤ ساڵ ڕۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. هاوکات لەلای گەنجان لە هەمان تەمەندا کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان تەنیا ڕێژەی ٣١٪.

لەلای کەسانی بەتەمەن کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان بە بەراورد لەگەڵ گەنجاندا کە زیاتر کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن، زۆر بەرچاوە. لەلای کەسانی نێوان ٦٥ هەتا ٧٩ ساڵ تەنیا ڕێژەی ٤٪ ی کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان لەلای هەمان کەسان بەهەمان تەمەنەوە بە پێچەوانە ڕێژەی ١٣٪.

## ڕێژەی کاربەرانی ئینتەرنێت لە ئاستی ئەوروپا

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن ناوەندی ئیرۆستات Internet usage in 2010 Households and individuals لە هەر ٤ گەنج لە ٥ گەنج کە لە ئەوروپا کەڵک لە ئینتەرنێت وەردەگرن، لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. بەپێی لێکۆڵینەوەکە ڕێژەی ٨٠٪ ئەوانەی لە نێوان تەمەنی ١٦ هەتا ٢٤ساڵاندا لە ئەوروپا ئینتەرنێت بەکار دەبەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک بلۆگ و ژوورەکانی دەمەتەقێ کەڵک وەردەگرن.

ڕێژەی هەرە بەرز لە وڵاتی پۆڵەندایە کە لەوێدا ڕێژەی ٩٤٪ لە تەمەنی نێوان ١٦ هەتا ٢٤ ساڵدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن. دواتر لە وڵاتگەلێکی وەک سلۆڤێنی، پورتوگال و سوێد ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لێرەدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئەوروپای ڕۆئاوا و ئەوروپای ڕۆهەڵاتدا نابیندرێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەیەکی زۆرتر لە خەڵکی ئەوروپای ڕۆئاوا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن.

## جیاوازیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە لە ساڵی ٢٠١٠دا لەلایەن ناوەندیی نوردیکۆم کراوە، ئێستا کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییترە هەتا کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان لە ئینتەرنێتدا. لە کۆی گشتیی خەڵکی سوێد لە نێوان تەمەنی ٩ هەتا ٧٩ ساڵیدا ڕێژەی ٣٥٪ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە کەڵک وەردەگرن. هەمان ڕێژە لە هەمان تەمەندا بۆ کەڵک وەرگرتن لە میدیا نەریتییەکان تەنیا ٢٨٪. واتە هەبوونی ڕێژەی ٨٪ی جیاوازی لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا نەریتییەکان.


گەنجان بەڕێژەیەکی زۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن. لە

نێــوان گــەنجــانی تـەمــەن ١٥ هەتا ٢٤ ســاڵ کــەڵک وەرگــرتن لـە تۆڕە کـۆمـەڵایەتـیـیـەکـان لە ئاسـتی ڕێژەی ٨٠٪ لە ڕۆژدایە. بێـجگە لەوە لە لای کەسانی تەمەن ٢٥ هەتا ٤٤ ساڵ و هەروەها منداڵانیش ڕێژەی بەکاربردنی تۆڕە کۆمـەڵایەتـیـیەکان لە ئینتـەرنێتدا لە ئاسـتێکی بەرزدایە. ڕێژەی ٤٠٪ مـنداڵان و ڕێژەی ٥٤٪ کـــەســـــانی تـەمـــەن ٢٥ بـۆ ٤٤ ســـــاڵ لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن.

## تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی دەنگوباس

www.mjukvara.se

ڕۆژنامەوانان لەو باوەڕەدان دەنگوباسەکان بەخێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبنەوە. هەروەها ڕاپۆرتی هەواڵ و دەنگوباسەکان لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە کە لە مەیدانی ڕووداوەکاندا دەنگوباسەکان بڵاو دەکەنەوە، لە خۆیدا کاریگەری لەسەر تێڕوانین بۆ خودی ناوەڕۆکی دەنگووباسەکانیش هەیە. ئەم شێوازە هەواڵنێرییە




لەلایەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی سادە دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی کە دواتر لەلایەن ئاژانسە هەواڵنێرییە گەورە و جێگرتووەکان بڵاو دەبنەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن ناوەندیی لێکۆڵینەوەی میدیایی Aalunds PR-barometer لە باکوری ئەوروپا کراوە، بەتایبەتی ڕۆژنامەوانانی بواری ئابووری زۆربە جیدی چاو لە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ هەواڵنێری و چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکان دەکەن. لەو لێکۆڵینەوەیەدا ٩٠٠ ڕۆژنامەوانی بواری ئابووری لە باکوری ئەورووپا

بەشـدارییـان کـردووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکـە بۆ وەدەسـتـخـسـتنی هەواڵ و دەنگوباس فـەیسبـووک، تویتـر و بلۆگ لەو تۆڕە کۆمـەڵایەتییـانـەن کە زیاتر ڕۆژنامــەوانان کــەڵکی لێ وەردەگـرن. بـەپێی لێکۆڵینەوەکــە ڕۆژنامــەوانە سـوێدییەکان، کەمـتر لە ڕۆژنامەوانانی تر لە باکوری ئەوروپا کەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. بەو حاڵەش گۆڕانکارییەک لەم پێوەندییەدا لەنێو ڕۆژنـامــــەوانە ســـوێدییــــەکــاندا ڕووی داوە چـونکە بـە بەراورد لـەگـــەڵ لێکۆڵینـەوەیەکی تـر کـە پێـشـتـر ئـەنجـام درابوو، ئێـسـتـا ڕێژەی ٥٩٪ی ڕۆژنامــەوانە سـوێدییـەکـان لە تـۆڕە کـۆمـەڵایەتـیـیـەکـان وەک ســەرچاوەی دەنگوبـاس کـەڵک وەردەگـرن. ئەمــەش ڕێژەی ٩٪ پێـشـوەچوون بـە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدا. هاوکات ڕۆژنامەوانانی باکوری ئەوروپا بە بەراورد لـەگـەڵ ڕۆژنامـەوانـانـی تر لە شـوێنەکـانـی تری ئەوروپا زیـاتر لە تۆڕە کۆمـەڵایەتییەکان وەک سـەرچاوەی دەنگوباس کەڵک وەردەگرن. بەپێی لێکۆڵینـەوەکــە ڕێژەی ٧٤٪ لە ڕۆژنـامـــەوانـان گــوتوویـانـە کــە لە تـۆڕە کـۆمـەڵایـەتییـەکـان وەک سـەرچاوەی هەواڵ و دەنگوباس کـەڵک وەردەگـرن. ئەمــەش بە بـەراورد لەگـەڵ لێکۆڵینـەوەی سـاڵی ڕابردوو پێـشـوەچوونێکی ڕێژەی ١٠٪ نیشان دەدا.

ڕێژەی زیاتری کەڵک وەرگرتنی ڕۆژنامەوانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو مەزەندەیە دەسەلمێنێ کە دەگوترا خـەریکە تۆڕە کۆمـەڵایەتییـەکان وردە وردە خـۆیان لەنێو ئاژانسـە هـەواڵنێرییە جێگرتووەکان دەخـزێنن و جـێپێیـەک بۆ خۆیان دەکەنەوە.

دیاردەیەکی جـێگەی سـەرنج لەم نێـوەدا ئەوەیە کـە ئاخـۆ ڕۆژنـامـەوانان دەتوانن دان بە جـــۆرێک لە ڕۆژنامـــەوانی هـاوولاتیـــیـــەتی لـە تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکاندا بنێن، کە ئێستا کاریگەری لەسەر کاری ڕۆژنامـەوانیی ئەوانیش هەیە و بەجۆرێک تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لە پرۆسێسی هـەواڵنێریدا

بەشدارن؟ ئایا لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ئاژانسەکانی هەواڵنێریدا باس لەو خەڵکە ئاساییە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێ کە لە ناردنی هەواڵ و دەنگوباسەکاندا بەشدارییان کردووە؟ یان ڕۆژنامەوان بەبێ ئاماژە بە سەرچاوەی هەواڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و لەملاشەوە خەڵکی ئاسایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ گرینگیدان بە ئاژانسەکانی هەواڵنێری درێژە بە بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن؟

سەرچاوە:

september 30,2011

http://www.mjukvara.se/blogg/sociala-medier-en-allt-vanligare-nyhetskalla

## بەهاری عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ماڵپەڕی سویدی: www.mjukvara.se



لەسەر ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیدا زۆر شت نووسراوە. میدیاکان و هەروەها سەرهەڵداوانیش بۆ خۆیان باس لە ڕۆڵی گرینگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بەتایبەتی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخستن و ئیدارەکردنی خۆپێشاندانەکاندا زۆر بەرچاوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک چالاکان و خۆپێشاندەرانیان لە دەوری یەکتری کۆ دەکردەوە و لەلایەکی ترەوە هەواڵ و دەنگوباسەکانی شۆڕشیان بەهەموو جیهاندا بڵاو دەکردەوە. وێنە، دیمەن و نووسین لە هەمان کاتدا کە لەلایەن سەرهەڵداوانەوە بڵاو دەکرایەوە دەستبەجێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە هەمانکات و ساتدا بڵاو دەکرایەوە. ئەمەش لە خۆیدا بوو بە پاڵەپەستۆیەکی گەورە هەم بۆ سەر حکوومەتە عەرەبییەکان هەمیش بۆ سەر جیهانی دەرەوە کە کاردانەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

عاتیاف ئەلوەزیر چالاکێکی ژنی سیاسیی خەڵکی یەمەن لە کۆنفرانسێکدا Conference ofCyberspace لە لەندەن کە تایبەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەریتانیا لە لەندەن پێک هات، قامکی بۆ سەر ڕۆڵی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا ڕاکێشا. عاتیاف دەڵێ ڕاستە سەرچاوەی شۆڕش و سەرهەڵدان خودی خەڵکی بوون بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەیەکی هەرە گرینگ بوون کە شۆڕش و سەرهەڵدانیان بە خێرایی وەپێش خست. بەتایبەتی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو بارەشەوە جێگەی سەرنجە کە بەڕاگوێستنی خێرایی هەواڵ و دەنگوباسەکانی سەرهەڵدان، خەڵکانی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنی لە شوێنەکانی تری جیهان وەک پشتگیری بۆ سەرهەڵدان کۆ کردەوە و بەو شێوەیە پردێک لە نێوان وڵاتانی سەرهەڵداو و جیهانی دەرەوە پێک هات.

ئەلوەزیر باسی ئەوە دەکا کە ئینتەرنێت بەگشتی ئەو شیانەی بۆ چالاکان پێک هێناوە کە هەموو تاوانێکی دژی ئینسانی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بکەنە بەڵگە و بڵاوی بکەنەوە. هەم ئەو پێشێلکارییانەی لە ماوەی خودی سەرهەڵدان و خۆپێشانداندا ڕوو دەدەن و هەم ئەو بەڵگانەش لە شوێن و جێگەکانی تر وەدەست دەکەون. سەرەڕای ئەوەش لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ئینتەرنێت لە هەوێڵی زۆرایەتیی خەڵکدا نییە بەڵام ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدان لە وڵاتانی عەرەبی لە بەهاری عەرەبیدا ڕۆڵێکی گرینگیان بینی.

سەرچاوە:

september 30,2011

http://www.mjukvara.se/blogg/sociala-medier-en-allt-vanligare-nyhetskalla/

## بەهاری عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

www.sakerhetspolitik.se

کاتێک بە ڕوونی دەرکەوت کە خۆپێشاندانەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا خۆپێشاندانی خۆبەخۆ و تاکەجار نین، نیگەرانیی دەستەڵاتدارانی عەرەبی لە ناوچە پەرەی گرت. لەبەرئەوەی وڵاتانی عەرەبی لە زۆر بارەوە پرسی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتری زۆرە، دەستەڵاتداران بەسەرلێشواوی و دەستوپێی خۆ ونکردن کەوتنە ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمکردن لە پانتاییەکی بەرفراواندا لە ناوچە.

ناوەندیی مێنا (MENA (Middle-East & Northern Africa لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١٠دا ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیای وەک هەرێمێک بە کاراکتەری بوونی حەشیمەتی گەنج، لە سەرەوەبوونی ڕێژەی بێکاری بەتایبەتی لای گەنجان، بەرفراوانیی ئاستی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و هەروەها هەبوونی بێ ڕێزی و لە بەرچاونەگرتنی بایەخە دیموکراتیکەکان لەلای دەستەڵاتداران پێناسە کرد. ئەم هەموو کێشە و پرسە کەڵەکەبووە لە یەکەم مانگەکانی ساڵی ٢٠١١دا بە یەکجاری تەقینەوە.

فاکتۆرێک کە لەلایەن زۆر کەسەوە زۆرجار باس کراوە و بوو بەهۆی پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی خێرای سەرهەڵدان لە هەموو هەرێمی باکوری ئەفریقیا و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی فەیسبووک و تویتر بوو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەرەستەی گرینگ بوون بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان لەو وڵاتانەدا بەڵام هاوکات وەک سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی سەرهەڵداودا ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت بەگشتی کارکردی وەک کاتالیزاتۆریان بۆ سەرهەڵدانەکان هەبوو، واتە کەرەستەیەک کە لە شۆڕش و سەرهەڵداندا کەڵکی لێ وەرگیرا بەڵام لە جێدا هۆکاری ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی، بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەبوو، بگرە ئینتەرنێت وەک کەرەستەیەک کارئاسانیی لە شۆڕش و سەرهەڵداندا کرد. چونکە لە ڕاستیدا سەرهەڵدان و خۆپێشاندان بۆ نموونە لە وڵاتگەلێکی وەک لیبیا، تونس و میسر دیاردەیەکی نوێ نەبوون و پێشتر زۆرجار لەو وڵاتانەدا خۆپێشاندان و سەرهەڵدان ئەنجام درابوون. شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ نموونەیەکی بەرچاوە کە ئەودەم نە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نە ئینتەرنێتیش هەبوو. بەڵام ئەوەی کە کاراکتەری تایبەتی بەهاری عەرەبی بوو ئەوە بوو کە سەرهەڵدان و شۆڕش بە خێرا هەموو وڵاتانی عەرەبی و ناوچەی گرتووە و لەم ناوەشدا ڕۆڵی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەگرتن و خێراکردنیدا لە کەس شاراوە نییە.

سەرچاوە:

http://www.sakerhetspolitik.se/Konflikter/Mellanostern-och-Nordafrika/

## ڕۆڵی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا

وتووێژێک لەگەڵ ڕیاد منتی لە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە
ئامادەکردنی: هانا یونس Hanna Younes
ڕۆژنامەی سوێدسڤێنسکا
١ سێپتێمبەری ٢٠١١

بەپێی قسەی ڕیاد منتی پسپۆڕ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی بەبێ بوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شیانی نەبوو. ئێستا تەکنیک لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە نزیکتر بووەتەوە.

پێوەندیی نێوان ئەلجەزیرە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەهاری عەرەبیدا چۆن بوو؟

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکی یەکجار گرینگ بوون لە گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان لە ماوەی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیدا. یەکەم جار بە لاوبوونەوەی دیمەنی ئاگر لەخۆبەردانی بووعەزیز لە تونس لە فەیسبووک دەستی پێ کرد. ئەودەمە ئێمە هەواڵنێرمان لە تونس نەبوو هەر بۆیە ناچار بووین کە هەواڵ و دەنگوباسەکان لە خەڵکی ئاسایی و

خۆپێشاندەر وەربگرین. ئەمە لە خۆیدا بوو بەهۆی ئەوە پێوەندییەکی باشی ئێمە وەک ئەلجەزیرە و خەڵکی دابمەزرێ. ئێمە لە ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی کە ئەوان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاویان دەکردەوە کەڵکمان وەردەگرت و بەو شێوەیە ئەو هەواڵ و دەنگوباسانە تەنیا لە چوارچێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەدەمان و بەهۆی ئێمەوە دەگوێزرایەوە بۆ نێو خەڵکێکی بەرفراوانی تر.

ڕۆڵی میدیاکان لە سەرکەوتنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکان چەندە بوو؟

– تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی زۆر بەخێرایی بجووڵێنەوە، ئاڵوگۆڕی بیرورا بکەن، هەواڵەکان بڵاو بکەنەوە. بەڵام تۆڕ ەکۆمەڵایەتییەکان لە خۆیاندا هۆکاری شۆڕش و سەرهەڵدان نین. خەڵک ڕادەپەرێ و سەرهەڵدان دەکا لەبەر ئەوە کێشەی هەیە نەک ئەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خەڵکی هان دەدەن.

– بۆ نموونە ئێمە لە ئەلجەزیرە پێوەندیمان بە یاوێکەوە هەبوو کە ئەو ڕاستەوخۆ لە بنغازییەوە لە ماڵەکەی خۆیەوە هەواڵ و دەنگوباسی لیبیای بڵاو دەکردەوە. بە هەزاران کەس هەواڵ و دەنگوباسەکانی ئەویان دەخوێندەوە. کاتێک ئەو کەسە لەلایەن لایەنگرانی قەزافییەوە کوژرا، ژنەکەی لە پەخشێکی ڕاستەوخۆدا بەشداریی کرد و چۆنیەتیی کوژرانی مێردەکەی باس کرد. ئەمە نیشاندەری هەبوونی هێز و توانای تەکنیکە. ئێستا هەر کەسێک هەیە با ببێ کە ئەگەر مۆبایل تەلەفۆنێکی لە هەوێڵدا بێت ئەوە دەتوانێ کاری ڕێپۆرتێری بکا.

ئێوە چ وانەیەکتان لە بەهاری عەرەبی وەرگرت؟

– هاوکات نابێ باوەڕ بە تەکنیک بکرێ. کە دیترا ڕەوش پڕ مەترسییە ئەوە دەستەڵاتداران پێوەندییە تەلەفۆنی و ئینتەرنێتییەکان دادەخەن. ئێمە هەوڵمان دا بەر لەوەی هەموو تەکنیکەکان دابخرێن لە بلۆگەر و

چالاکوانەکان پێوەندی بگرین. کاتێک سەرهەڵدان لە میسر، سووریا و لیبیا دەستی پێ کرد ئێمە لە ڕێگەی سکایپەوە پێوەندیمان بەوانەوە دەکرد، دەنگوڕەنگیان تۆمار دەکرا و دواتر لە تەلەڤزیۆن بڵاو دەکرایەوە.

هەڵەکانتان چ بوون؟

– ئێمە چەند جارێک تووشی هەڵە بووین کاتێک لەو مەتریالەی خەڵکی دەیاننارد بەبێ سەرنج و تێبینی کەڵکمان لێ وەرگرت. بۆ نموونە کەسێک لە یەمەن دیمەنێکی نیشانی هەواڵنێری ئێمە دا کە ئەو ڕووداوە هەر ئێستا ڕووی داوە. دیارە پێش لە بڵاوکردنەوە دەرکەوت کە ئەو کەسەی لە دیمەنەکەدا قسە دەکا بن زاراوەی عێراقی هەیە. بەڵام من بەبێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەم هەبێت کە لە ڕاستی و دروستیی دیمەنەکە بکۆڵمەوە، ئەو دیمەنەم لە تویتەردا بڵاو کردەوە دیارە دواتر هەر زوو کە هەڵەکەم بۆ دەرکەوت، لینکی دیمەنەکەم لە تویتردا لابرد.

ئەو مەتریالانەی بەدەستتان دەگات چۆن کۆنترۆڵ یان پشتڕاست دەکەنەوە؟

– ئێمە هەزاران دیمەنمان لە ڕۆژدا پێ دەگا. زۆر کات دەگرێ کە کۆنترۆڵی هەر هەمووی بکەی و زانیاریی هەڵەی لێ دەربهاوێژی. هەرچەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەند دیمەنێکم لە لیبیاوە بۆ هات کە وترابوو لەلایەن هەواڵنێرانی ئێمەوە نێردراون بەڵام دواتر دەرکەوت کە ڕاست نەبوو.

– ئێمە قەت ئەو دیمەنەی بەدەستمان دەگا ڕاستەوخۆ بڵاوی ناکەینەوە. لە زۆر بارەوە چاو لە دیمەنەکان دەکەین و هەروەها هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دیمەنەکەیان ناردووە پێوەندی بگرین. ئێمە ناتوانین تەنیا لە سۆنگەی دیمەنێکەوە باسی شتێک بکەین بۆیە، بۆ نموونە تاقە دیمەنێک هەموو هەلومەرجی میسرمان بۆ ڕوون ناکاتەوە هەر بۆیە دەبێ لە زۆر بارەوە ئەو دیمەنە بەر لە بڵاوکردنەوە تاوتوێ بکەین. یان ئەوە پشت ببەستین

بەسەرچاوەی جۆرەوجۆر بۆ پشتڕاستکردنەوەی دیمەن و هەواڵەکان.

سەرچاوە:

http://www.sydsvenskan.se/varlden/article6176351/rdquoVem-som-helst-som-har-en-mobil-kan-fa-ut-sin-historiardquo.html

## بەهاری عەرەبی لە کۆمپیوتەرە سویدییەکانەوە

جۆن ئانتۆنسۆن – ٢٠١١/٩/٢٩

بەهاری ٢٠١١ وەک ئەو مانگانەی کە ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بۆ ئازادی کرا و ئاخرەکەشی ئازادی سەرکەوت دەچێتە نێو کتێبە مێژووییەکان. لە ماوەی چەند حەوتوویەکدا خەڵکی بەبێ لە بەرچاوگرتنی داوودەزگای قەدەغەکاری دیکتاتۆر ڕژانە شەقامەکان. لە میسردا موبارەک نەماوە، لە تونس بنعەلی هەڵهاتووە و لە سووریاش خۆپێشاندان و سەرهەڵدان لەنێو شەقامەکان لە دژی دیکتاتۆری بەردەوامە.




ڕەنگە یەکەم جار لە مێژوودا بێت کە خەڵک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێز و قوەتی سەرهەڵدانیان دیبێ. دوو چالاکیی ئینتەرنێتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سوێدەوە لە ماوەی سەرهەڵدان لە میسردا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە لە زۆر بارەوە یارمەتیی شۆڕشی میسر و بە گشتی خەبات بۆ ئازادییان لە وڵاتانی عەرەبیدا کرد.

ساڵی ٢٠٠٠ مەهدی غەربی پەنابەری تونسی نیشتەجێی سوێد تۆڕێکی لە ئینتەرنێت بەناوی هەواڵەکانی تونس Tunis News بە هاوکاریی دۆستێکی لە سوێد وەڕێ خست. لە سەرەتاوە بیریان لەوە دەکردەوە ماڵپەڕێک وەگەڕ بخەن بەڵام دواتر گەیشتنە ئەو ئاکامە کە هەم باشتر و هەم جێگەی باوەڕترە کە تۆڕێکی وا دابمەزرێنن کە خوێنەرانیان بتوانن

پێوەندی بگرن و لەو ڕێگەوە هەواڵ و دەنگوباسەکانی نێوەخۆی تونس بۆ تۆڕی ئینتەرنێت بگوێزنەوە. ئەم تۆڕە هەواڵنێرییە لە سەرەتادا تەنیا ٤٠ کەس لێی ئاگەدار بوو و دەیخوێندەوە بەڵام ئێستا بە هەزاران خوێنەری لە هەموو تونسەوە هەیە. تۆڕی هەواڵنێری تونس نیوز زۆر سادە دامەزراوە بەڵام هاوکات هێز و کارکردێکی گەورەی هەیە. هەموو ڕۆژێک زانیاریی لە گۆشە و کەناری تونسەوە بە تونس نیوز دەگا و پاش ڕێکوپێککردن و خستنە چوارچێوەی دەنگوباس دواتر لە تونس نیوزدا بڵاو دەکرێتەوە.

مەهدی غەربی دامەزرێنەری تونس نیوز دەڵێ هەر دیکتاتۆرێک لەسەر سێ کۆڵەکە ڕاوەستاوە. ئەم سێ کۆڵەکە بریتین لە وڵاتانی ڕۆئاوا، پۆلیس و دیواری پۆلاین. ئێمە بڕیارمان دا کە بەهێرشکردنە سەر دیواری پۆلاینەوە دەستپێ بکەین. لێرەدا دوو ئەلتەرناتیڤ هەیە یان ئەوەیە لە دژی ئەم دیوارە پۆلایینە توندوتیژی بەکار دێنێ یان ئەوە چەکی فەیسبووک، تویتر و ئینتەرنێت بەکار دێنێ. ئێمە بڕیارمان دا کە چەکی نوێ واتە ئینتەرنێت بەکار بەرین.

ماوەی ١١ ساڵە کە مەهدی غەربی هەموو بەیانییەک، نیوەڕۆیەک و شەوێک لەگەڵ تونس نیوز خەریکە. هەموو کاتەکانی بۆ تونس نیوز تەرخان کردووە، نە پشوویەکی وەرگرتووە و نە بۆ سەیران و گەڕانێک چووە. بەڵام ئەم کارە تاقەت پڕووکێنە بەرهەمیشی هەبووە. بنعەلی دیکتاتۆر تونسی بەجێ هێشتووە و هەڵاتووە و خەباتکارانی دیمۆکراسی لە تونس دەڵێن، تونس نیوز ڕۆڵی گرینگ و ژیانی هەبوو لە هیوابەخشین و دواتر لە سەرکەوتنی شۆڕشدا.

مەهدی غەربی دەڵێ ئەو کەسەی بتوانێ زانیاری بدا ئەوە سوپەرمانە، لەو سۆنگەیەوە پێم وابێ ئێمەش لە تونس نیوز هەمان شتمان کرد و بە ئامانجی خۆشمان گەیشتین.

***

چالاکێکی تری ئینتەرنێتی لە سوێد، ناوی فیدا ئەلسەعیدە هەمان کەس کە بە هاوکاریی چەند کەسێکی تر گرووپی شۆڕشی سووریای The Syrian revolution لە فەیسبووک دامەزراند. دامەزراندنی ئەم گرووپە لە فەیسبووکدا ڕۆڵی گرینگی لە سەرەتای دەسپێکی سەرهەڵدانەکان لە سووریادا گێڕا. بۆ نموونە بەهۆی ئەم گرووپەوە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە داوا لە خەڵکی کراوە لە ماڵەکانیان بچنە دەرەوەو بەشداریی خۆپێشاندانەکان بن. لەپێشدا کەم کەس گوێبیستی بانگەوازەکانی ئەم گرووپە دەبوو و دەیوێرا لە ماڵ بچێتە دەر. دواتر وردە وردە خەڵکی لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدارییان کرد. ئێستا هەمان گرووپ لە فەیسبووک هەتا ٢٨٠ هەزار کەس بەدواداچوونی دەکەن و هاوکات سەرچاوەیەکی گرینگیشە بۆ دانی زانیاریی نوێ لەسەر پێشوەچوونەکانی شۆڕش لە سووریا.

فیدا ئەلسەعید دەڵێ لە سەرەتادا بۆ چاوترسێنکردنم تەلەفۆنیان بۆ دەکردم و دەیانگوت دەتکوژین. هەموو شەوێک تەلەفزیۆنی دەوڵەتی سووریا فیلمێکی نیو سەعاتیی لەسەر من بڵاو دەکردەوە کە من سووریاییەکی ڕەسەن نیم و بەفیتی ئەمەلا و ئەولا کار دەکەم. بەڵام پروپاگەندەی داڕەشاندنی من لەلایەن حکوومەتەوە لە ڕاستیدا باشترین ڕێکلام بوو بۆ ئێمە.

ئێستا گرووپی شۆڕشی سووریا لە فەیسبووک نەک تەنیا بۆ نێوەخۆی سووریا بگرە بۆ جیهانی دەرەوەش سەرچاوەیەکی باشی وەرگرتنی زانیارییە لەسەر سووریا.

فیدا ئەلسەعید دەڵێ ئێستا خەڵک وشیارن و ئامادەن بۆ دیموکراتیزەکردنی سووریا، ئەوان بۆ خۆیان لەنێو ڕووداوەکاندا دەژین و هەر بۆ خۆشیان دەتوانن لەسەر پاشەڕۆژی خۆیان بڕیار بدەن. ئێمە لە دژی


دەستێوەردانی سەربازی لە سووریاین. لە باتیی یارمەتیی سەربازی با لە باری میدیایی و سیاسییەوە یارمەتیمان بدرێ.

سەرچاوە: http://www.frihet.se/index.php?sid=1&pid=12&tid=2022.

## چەند لایەنی نەرێنی لەلای فەیسبووک[31]

"تۆ خاوەنی خۆت نیت فەیسبووک خاوەنی تۆیە"
گرێبەستێکی کۆیلایەتی لە نێوان کاربەران و فەیسبووکدا
لایەنی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی کار
ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر ئوکتۆبەری ٢٠١٠
Joanna Wågström

سەرجەمی ئەو ٤٠٠ هەزار کەسە سوێدییەی کە ناوی خۆی لە فەیسبووکدا نووسیوە و بووەتە ئەندام گرێبەستێکی ئیمزا کردووە کە هەموو مافی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان و نهێنییەکانیان بە شەریکەی گووگڵی ئەمەریکایی بۆ هەتاهەتایە بەخشیوە.



ئەو گرێبەستە کە ١٣ لاپەڕە دەبێ بەر لەوەی کەسێک ببێتە ئەندام دەبێ ئیمزا بکرێ و بەو شێوەیە بەشێوەیەکی دڵخواز هەموو مافی بڵاوکردنەوەکان لەلایەن ئەو کەسەوە بە شەریکەی فەیسبووک دراوە. لە لاپەڕەی ٤ی کۆنتراکتەکەدا هاتووە کە

٣١. من بۆ خۆم لە فەیسبووکدا هەم و بەهەمان شێوەش بەدەیان هەزار کوردی تریش هەروا. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یەک لەوان فەیسبووک نەک تەنیا لە ڕۆژئاوا بگرە لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەی فەیسبووک بەبێ جیاوازیی سنوور و جوگرافیا نزیک بە ملیاردێک کاربەری لە پانتاییی جیهاندا هەیە بەو حاڵەش و سەرەڕای هەموو ئەو لایەنە ئەرێنییانە لەم کتێبەدا باس کران، لە فەیسبووکدا چەند لایەنێکی نەرێنیش هەن، کە لەم بەشە لە کتێبەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ. (وەرگێڕ)

فەیسبووک ئەو مافەی هەیە کە هەموو وێنە و بڵاوکراوەکانی کاربەرانی فەیسبووک بەشێوەیەکی خۆبەخۆ و ئۆتۆماتیک کۆپیی لێ هەڵبگرێ و بەهەموو جیهاندا بڵاو بکاتەوە.


پەستۆم

پەر ستڕۆم Pär Ström ئەندامی لێژنەی ڕاوێژکاری کاروباری ئای تی لە دەوڵەتی سوێد لەو بڕوایەدایە ئەم گرێبەستەی فەیسبووک جۆرێک بە کۆیلەکردنی خەڵک و گرێبەستێکی کۆیلایەتییە. پەر پێی وایە ئەم گرێبەستەی فەیسبووک زۆر کەم، ڕەنگە پرۆمیلەیەک (یەک لە هەزار) بیخوێننەوە و شەریکەی فەیسبووکیش کەڵک لەم گرێبەستە وەردەگرێ. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ئەوان بەخۆڕایی لە فەیسبووکدان بەڵام ئەمە وا نییە و نرخی بوون لە فەیسبووک یانێ دانی شتە کەسییەکانی ئەو کەسە و هەروەها داهاتووی ئەو کەسە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بێتو دوای ٣٠ ساڵی تر داوای کارێک بکا ئەوە کێ دەزانێ ئەوەی ئەو کەسە ئیمڕۆ لە فەیسبووکدا نووسیویەتی لەسەری نابێتە ماڵ و خاوەنکار لە ڕوانگەی ئەو نووسینانەی ئێستا بڕیار لەسەر دامەزران یان دانەمەزرانی ئەو کەسە نادا.

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١دا ئێنیسا Enisa ڕێکخراوی ئاسایشیی ئینتەرنێت لە ئەوروپا بە بڵاوکردنەوەی لێدوانێک وشیاریی دا بەهەموو کاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو وشیارییە بەتایبەتی روو لەو کەسانەیە کە وێنەی خۆیان، دۆستان و خزم و کەسوکار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکەنەوە. Ulf Bergström وتەبێژی چاپەمەنیی ئێنیسا دەڵێ ئەو وشیارکردنەوە لەبەرئەوەیە چونکە ئەو وێنە و بەڵگانە بۆ هەتاهەتایە لە ئینتەرنێتدا هەمار دەکرێن و هەموو کاتێک لە هەوێڵدا دەبن و لە داهاتوودا لەو وێنە و بەڵگانە لە شوێنی تری نەخوازراودا بەپێچەوانەی ئەوەی کاربەر

بیــری لێ کــردووەتــەوە، کــەڵکی لێ وەردەگــیــردرێ. دیارە هەتا ئێــســتــا بەرێوەبەری فەیسبووک وەڵامی میدیاکانی سەبارەت بەو پرسانە نەداوەتەوە.

پرسێکی تر لە فەیسبووکدا ئەوەیە کە فەیسبووک بەبێ ئەوەی کاربەرانی بزانن لە زەوق و سەلیقەی ئەوان کەڵک وەردەگرێ و لە ڕاستیدا هەم زەوق بە شەریکەکان دەفرۆشی. لەگەڵ ئەوەی هەر ئێستا فەیسبووک نرخەکەی بە میلیارد میلیارد مەزەندە کراوە بەڵام هەتا ئێستا لە ڕێگەی کاربەرانەوە پارەیەکی زۆری وەدەست نەکەوتووە.

بۆیە لە بەرنامە و پلانی فەیسبووکدا هەیە کە لەم ڕێگەشەوە پارە قازانج بکا و سیستەمێکی نوێی ڕێکلام دابمەزرێنێ کە لەسەر بنەمای پرۆفایل و ناسنامەی کاربەرانی فەیسبووک ڕادەوەستێت. پەر سترۆم لەسەر ئەم مژارە دەڵێ ئەم سیستەمە نوێیە بەو مانایە کە بۆ نموونە ئەگەر کاربەرێکی فەیسبووک لە پرۆفایلەکەیدا نووسی ئیمرۆ حاڵم باش نییە و برێک بێوازم ئەوە شەریکەیەک کە دەرمانی ئانتی دەپرەسیڤ دەفرۆشی وەناو دەکەوێ و لەسەر دیواری ئەو کەسە لە فەیسبووکدا ڕێکلامی ئەو دەرمانە دادەنێ.

یەکە یەکەی ئەو ٤٠٠ هەزار کەسە سوێدییانەی کە لە فەیسبووکدا ڕێژیستەر کراون، هەر کامەیان بۆ فەیسبووک نرخی ٢٦٠ دۆلاریان لە پێوەندی لەگەڵ نرخی مەزەندەیی ڕێکلامدا هەیە. ئەوە تەنیا لە سوێددا کۆی نرخی هەموو سوێدییەکانی فەیسبووک دەکاتە ٧٥٠ ملیۆن کرۆنی سوێدی بۆ فەیسبووک.

### لایەنی نەرێنیی فەیسبووک لە شوێنی کاردا

بەپێی ماڵپەڕی dagensmedia.se فەیسبووک لەمەودوا بە شوێن کاربەرانیدا دەگەڕێ کە سەردانی کامە ماڵپەڕ و کامە شوێن لە ئینتەرنێتدا دەکەن و بەو پێیە زەوق و ڕوانین و تێگەیشتنی کاربەرانی بۆ دەرکەوێ و لەو سۆنگەوە

ڕێکلامەکانی بۆ کاربەر دەنێرێ و ئەوان دەخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕۆژانەی خۆیەوە.

لەلایەکی ترەوە پێ بە پێی ئەوە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک، تویتەر، لینکەدین و هی تر نەک تەنیا لە ماڵەوە بگرە لە شوێنی کاریش هەروا لە پەرەگرتندان، بەرپرسە کارییەکان لە ئەوروپا لەم بارەوە نیگەرانن و پێیان وایە هەتا دەچێ خەڵکی لە شوێنی کارەکەیان زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە لەلایەکەوە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەوان دابەزێ و لەلایەکی تریشەوە هەرچی زیاتر نهێنییەکانی شوێنی کار بۆ دەرەوە درز بکەن و بڵاو ببنەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ئەوروپا لەلایەن ناوەندی Economist in-telligence unit ئەنجام دراوە؛ لە هەر بەرپرسێکی ئەوروپایی کەسێکیان بەشێوەیەکی نەرێنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەڕوانێ. بەتایبەتی ئەوە ئێستا ئازادییەکی بەرفراوان لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنیت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی کار هەیە. ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر پرسیاری ئانکێت و چاوپێکەوتنی قوول لەگەڵ ٣٩٠ بەرپرس لە ٧ وڵاتی ئەوروپاییدا وەدەست هاتووە. لەنێو ئەو بەرپرسانەدا ١٨ بەرپرسی سوێدیش لە لێکۆڵینەوەکەدا بەشدار بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەکە بەرپرسانی سوێدی زۆرتر نیگەرانی ئەوەن کە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی کار دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنان و هاوکاتیش نهێنییەکانی شوێنی کار ئاشکرا دەکرێن.

## فەیسبووک وەک هۆکاری جیابوونەوەی ژن و مێرد

ڕۆژنامەی داگێنسنییەیتر دیسەمبەری ٢٠١٠
www.dn.se

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن شەریکەی دیڤۆرس ئونلاین Divorce-Online لە بەریتانیا کراوە، فەیسبووک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی ژن و پیاو لە یەکترییە. وەک هۆکاریش بۆچوونی کەسانی تر و هەروەها بڵاوبوونەوەی وێنەی نارێک کە لەگەڵ چوارچێوەی ژن و مێردایەتیدا ناگونجێ، دەستنیشان کراون.

بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی مایل Daily Mail کە لێکۆڵینەوەکەی دیوە، بڵاوبوونەوەی هێندێک هەڵسوکەوتی نەگونجاو لە دەرەوەی چوارچێوەی بنەماڵە لە فەیسبووک هۆکارێک بووە کە بووەتە هۆی جیابوونەوەی ڕێژەی سێ لە بەشی جیابوونەوەکان لە بەریتانیا. بۆ نموونە بینینی ئەو ڕەفتارە نەگونجاوانە لە شێوازی وێنە یان دانانی بۆچووندا لە فەیسبووک بووەتە هۆی ئەوە داخوازی جیابوونەوە لەلایەن ژن و پیاوێکەوە بکەوێتە ڕۆژەڤ. هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە لە فەیسبووکدا خەڵک لەگەڵ ژن و پیاوە پێشووەکانی خۆیان کەوتوونەتە پێوەندی، ئەم پێوەندییەش دواتر ئاشکرا بووە و بووەتە هۆی ئاژاوە لە ماڵدا. یان ئەوە کەسێک بۆچوونێکی نەشیاوی لەسەر ژن یان پیاو داناوە و ئەمەش بووەتە هۆی تووڕەیی یان شک و گومانی هاوسەر. بێجگە لەوە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە، یەکێک بۆ جێژنێک یان بۆنەیەک داوەت کراوە کە ئەمە دواتر بۆ هاوسەر ئاشکرا بووە و بووەتە هۆی ئاڵۆزی و نەمانی متمانە لە نێوان ژن و مێرددا.

مارک کینان کە لێکۆڵینەوەکەی سەرپەرشتیی کردووە بە ڕۆژنامەی دەیلی مایل دەڵێ فەیسبووک نە تەنیا بەر لە جیابوونەوە دەتوانێ زەرەرمەند بێت بگرە لە دوای جیابوونەوەش کاریگەری خەراپی لەسەر پێوەندییەکانی ژن و مێردی لێک جیابووەوە دادەنێ. مارک دەڵێ: خەڵک دەبێ لە بەکارهێنانی فەیسبووکدا بەپارێز بن. هەر ئێستا لە مەحکەمەکاندا وەک بەڵگە لە زۆر وێنە و بەڵگەی تر لە فەیسبووک بۆ نموونە لەسەر کێشەی دابەشکردنی موڵک و ماڵ و هەروەها لەسەر ئەوە منداڵەکە بە لای ژن یان مێردەوە بێت و کامەیان منداڵەکە وەخۆ بگرن، کەڵک وەردەگیردرێ.

## پاشکۆی بەشی چوارەم

### ئینتەرنێتی کوردی و دیاردەی "ناوچەگەری"[٣٢]

سیاوەش گۆدەرزی

لەم نووسینەدا دەمەوێ لە پێوەندی لەگەڵ ماڵپەڕ و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لە ئینتەرنێتی کوردیدا چەند کورتە تێبینییەک لەسەر دیاردەی ناوچەگەری بخەمە بەر سەرنج. پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەو دیاردە ناوچەگەرییەی من لێرەدا باسی دەکەم، بەتەواوەتی لەگەڵ دیاردەی ناوچەگەریی کوردی کە لەنێو هێزی سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسیی کوردییدا، باوە، جیاوازە. من ئەم دیاردە نوێیە، نە تەنیا وەک شتێکی خراپی نابینم بگرە ناوچەگەری لە ئینتەرنێتی کوردیدا وەک مەسەلەیەکی نوێ و پۆزەتیڤ دەیبینم. بوونی ئەم ناوچەگەرییە بە دژایەتی کردن و داڕەشاندانی ناوچەی تر، نەبەستراوەتەوە، بگرە گرینگیدان بە ناوچە وەک پێویستییەکی ناوچەیی و پاشان هەرێمی دەبینرێ. لەم دیاردە ناوچەگەرییەدا خۆیی دەرکەوتن لە ناوچە نەک تەنیا بە زیانی ناوچەی تر نییە و لەسەر حیسێبی

٣٢. ئەم نووسینە ساڵی ٢٠٠٥، حەوت ساڵ لەمەوبەر لەلایەن منەوە تایبەت بە بلۆگەکەی خۆم نووسراوە. ئەگەر فاکتای ناو نووسینەکە کۆنن لەبەر هەمان هۆکارە. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم باسە ئەگەرچی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەباسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە بەڵام هاوکات پرسی ناوچەگەری و قایمبوون و لێک گرێدانی هەرێمی لە ئینتەرنێتی کوردیدا ئێستاش لە ڕۆژەڤدایە. بەکورتی ئەو تیۆرییەی باسەکەی لەسەر داڕێژراوە ئێستاش تیۆرییەکی گەرم و جێی باس و موناقەشەی کۆمەڵناسییە لە بواری کاریگەری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر بۆیە دانانی ئەم نووسینە وەک پاشکۆ لێرەدا ئەگەر سوودی نەبێ ئەوە زەرەریشی نییە. (وەرگێڕ).

ناوچەی تر نییە بگرە ناوچەگەرەکان چ بیانەوێ، یان نەیانەوێ ئەوە لە ڕێگەی خزمەت بە ناوچەیەکەوە، خزمەت بەناوچەکانی تر یان هەموو کوردستان دەکەن.

دیاردەی ناوچەگەریی نوێ چ لە بواری ئاخاوتن و نووسین بەزاراوەی ناوچەیی یان نووسین لەسەر مێژوو، جوگرافیا و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی شار و گوندەکانی کوردستان لە ماڵپەڕە تایبەتییە ناوچەییەکاندا لە خۆیدا کۆمەک و پاڵپشتێک دەبێ بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و لەلایەکی تریشەوە بایەخ پێدان و بەرفرەترکردنی دۆزی سیاسیی کوردی. هەر لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە، ئەم ناناوەندی بیرکردنەوە و گرینگیدان بە ناوچە لە خۆیدا دیاردەیەکی دیموکراتیکە و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی باوی ناوچەگەریی کوردی وەک کرمانجی و سۆرانی (کوردستان)، سلێمانی و هەولێری (باشووری کوردستان) و ناوەندی و جنوبی (ڕۆهەلاتی کوردستان) لە دەمارگرژیی ناوچەیی و پاوانخوازیی ناوچەیەک یان دیالێکتێکی سەردەست بە دووەرە و یەکێک لە ئاکامە سەرەتاییەکانیشی ئەوە دەبێ کە وردە وردە کولتووری دیموکراتییانە لەنێو کورددا یان لانی کەم لە ئینتەرنێتی کوردیدا پەرەی پێ دەدرێ.

کاتێک کۆمەڵناسەکان کۆمەڵگەی پێشوویان بە "کۆمەڵگەی پێشەسازی" ناودەبرد و کۆمەڵگەی ئیمڕۆ بە "کۆمەڵگەی ڕاگەیاندن" پێناسە دەکەن، بێگومان هۆیەکەی تەنیا بەئاگابوون لە شۆڕشی گەورەی زانیاری و ڕاگەیاندنە، شۆڕشێکی کولتووری کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە خەریکە بگاتە هەموو کون و قوژبنێکی هەتا دوێنێ نەناسراوی جیهان.

ڕەوتی بەجیهانیبوون لە بواری میدیا و پەرەگرتنی لە ڕادەبەدەری ئینتەرنێت زۆر جێگەی بەتاڵ و کەلێنی گەورەی لە جیهانی میدیا و ڕۆژنامەوانیی کوردیدا پڕ کردووەتەوە. لێرەدا مەبەست، ماڵپەڕ و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی کوردییە کە ئیمڕۆ بە سەدان و ئەگەر ماڵپەڕە کەسییەکانیش لە

بەرچاو بگرین بە هەزارانی کەوتووەتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان. لەپاش تەلەڤزیۆنە مانگیلە کوردییەکان، ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵێکی هەرە مەزن لە گواستنەوەی هەواڵەکان و هەروەها ڕۆشنگەری خەڵکدا دەگێڕن.

تیۆری بەجیهانیبوون بە تایبەتی لە بواری بەجیهانیبوونی میدیادا لە خۆیدا لە چەمکی گلۆکالیزاسیۆندا بەشێوەیەکی چڕ باس لە مەسەلەی ناوچەگەری دەکا. لێرەدا جێی خۆیەتی هەم وەک پاڵپشتێکی تیۆری بۆ باسەکە و هەمیش لەبەرئەوەی باشتر دەربکەوێ کە تابووی ناوچەگەری وەک هەتا ئێستا لە کوردستاندا باو بووە، لە جێی خۆیدا نییە، ئاورێک لە چەمکەکانی لۆکالیتە و گلۆکالیزاسیۆن بدرێتەوە.

لۆکالیتە یان ناوچەگەری یانێ گرینگیدان بەناوچەیەکی تایبەت یان بیرکردنەوەی ناوچەییانە سەبارەت بەهەموو کێشەیەک ئیتر سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و، ... بێ. بەڵام لە سەردەمی بەجیهانیبووندا و بەتایبەتی لە گلۆکالیزاسیۆندا لۆکالیتە یان ناوچەگەریی بەستراو کە پێوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی نییە و قەتیس ماوە، بوونی نییە و هەموو کێشە ناوچەییەک یان هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی ناوچە تەنیا لە کۆنتێکستێکی بەرفرە و جیهانیدا دەتوانێ مانا بدا. چونکە بەجیهانیبوون و سەردەمی نوێش ڕاست بەو مانایەیە کە هەموو کێشەکان لە پلەی هەرە خوارەوە وەک سوبلۆکاڵ (لە ناوچە چکۆڵەتر)، لۆکال (ناوچە)، ڕیجینال (هەرێمی) هەتا پلەی هەرە سەرەوە گلۆباڵ (جیهانی) بگرە هەر کامە لە حاستی خۆیەوە تێکهەڵکێشی ئەوی تر بووە. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە کێشەیەک بۆ نموونە کێشەیەکی ناوچەیی ناچارین ئەو کێشەیە تەنیا لە پێوەندیی خۆیدا نەبینن بگرە ئەو کێشەیە لە گۆشەنیگای جیاوازی جیهانی، هەرێمی، ناوچەیی و تەنانەت گوندی (سوبلۆکاڵ) ببینین. کۆمەڵناسێکی وەک ئولریش بێک لەو بڕوایەدایە کە بەجیهانیبوون لە خۆیدا نە بەمانای

ئەوەیە، ناوچە لە ڕادە بەدەر بەهێز (ڕێلۆکالیتە) دەبێ، نە بە مانای ئەوەشە کە کە بە تەواوەتی ناوچەیی بیرکردنەوە (دێلۆکالیتە) نامێنێ. ناوچەیی بیرکردنەوە یان لۆکالیتەیەک کە لە بەجیهانیبووندا باس دەکرێ و لەگەڵ پرۆسێسی بەجیهانیبووندا دەتوانێ بگونجێ و مانا بدا ئەوەیە کە لە خۆیدا دەبێ تەنیا خاوەنی تایبەتمەندیی لۆکاڵ یان ناوچەیی نەبێ بگرە لە هەمان کاتدا لۆکاڵە تایبەتمەندیی جیهانیشی هەیە، یانێ گلۆکالیزێرەیە.

گلۆکالیزاسیۆن چەمکێکە کە لە باسی بەجیهانیبووندا زۆر وەبەرچاو دەکەوێ و مانای ئەوە دەدا کە بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون لە یەک پرۆسێس و کاتدا تێکەڵ بە یەکتری دەبن. ئەم چەمکە بەهۆی سۆسیۆلۆجی هیندی- ئەمەریکایی ئاپارادووری Apparadurei لە پێوەندی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی لەسەر چۆنیەتیی ژیانی هیندییەکانی دانیشتووی ئەمەریکا و شێوەی کەڵک وەرگرتنیان لە سیمبۆلە ناوچەیییەکان لە میدیادا بە چڕ و پان و بەرینی هێنایە نێو باسەکانی بەجیهانیبوون. مەبەست لە گلۆکالیزاسیۆن ئەوەیە کە دیاردە جیاوازە جیهانی و ناوچەیییەکان پێکەوە و لە کات و پرۆسێسێکی وەک یەکدا تێکەڵ بەیەکتری دەبن و لە هەمان کاتدا ناوچە هەوییەتی خۆی دەپارێزێ بەڵام جیهان بەرەو تاک کولتووری یان کولتووری وەک یەکی ناچێ و مۆزایکی کولتووری جیهان تەنانەت لە پرۆسێسی بەجیهانیبووندا نەک تەنیا دەپارێزرێ بگرە بەهێزیش دەبێ. هەوییەتێکی ناوچەیی کە تایبەتمەندیی جیهانیی هەیە، بەهێز دەبێ.

من لە نووسینەکانی ترمدا[٣٣]. لەسەر گونجاندنی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن لەسەر ئیتنیسیتەی کوردی باسی ئەوەم کردبوو کە ئەم جۆری بیرکرنەوەی

---

٣٣. ١: نامەی بەکالۆریۆسی نووسەر لە سۆسیۆلۆجی
Kurdiskt identitetsskapande i en kontext av globalisering
En studie av den kurdiska satellittelevisionens inverkan på kurdisk identitetsbildning

سۆسیۆلۆجییانە لەسەر ناوچەییبوون و هەروەها بە تایبەتی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن دەکرێ لەگەڵ دروستکردنی هەوییەتی کوردی و بەتایبەتی بەهێزبوونی هەستی نەتەوەییی کوردی لە پرۆسێسی بەجیهانیبووندا لە میدیای کوردیدا بگونجێ. چونکە دروستکردنی هەوییەتی کوردی بۆ خۆی لە سەردەمی ئێستادا دوو لایەنی گلۆباڵ و ناوچەییی هەیە. ناوچەییە بەو مانایە کە سیگنالە میدیاییەکان بەمەبەستی دروستکردنی هەوییەتی کوردی دەنێردرێن کە لە خۆیدا هەوییەتی کوردی لە پێوەندیی جیهانیدا ناوچەییە و تەنیا پێوەندیی بە ناوچەیەکی چکۆڵە لە جیهانەوە هەیە کە تەنانەت ئەم ناوچەیەش بە شێوەیەکی فەرمی بوونی نییە یانێ لەسەر نەخشەی جیهانیبوونی یاسایی نییە. کەوایە هەوییەتی کوردی هەوییەتی ناوچەییە. بەڵام ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە لە دروستکردنی ئەم هەوییەتە ناوچەییەدا بەکار دەبرێن وەک تەلەڤزیۆنە مانگیلەییەکان و ئینتەرنێت لە خۆیدا تایبەتمەندیی جیهانییان هەیە و پێوەندییان بە ناوچەییەکی دیاریکراوەوە نییە و سیگناڵە میدیاییەکان بەهۆی ئەم ئامرازانەوە لە هەموو بەشە جیاوازەکانی جیهاندا بڵاو دەبنەوە.

مەبەستی من لە گونجاندنی تیۆری گلۆکالیزاسیۆن لەسەر دروستکردنی هەوییەتی کوردی لە پێوەندی لەگەڵ بەجیهانیبووندا ئەوەیە کە هەوییەتی کوردی کە هەوییەتێکی ناوچەییە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و بەهۆی پێشکەوتووترین ئامرازی ڕاگەیاندن وەک تەلەڤزیۆنی مانگیلە و ئینتەرنێتدا لە جاران زیاتر بەرچاوترە. یانێ هەوییەتێکی ناوچەیی تێکەڵکێشی پرۆسێسی بەجیهانیبوون بووە یان ئەوە کە هەوییەتی کوردی تایبەتمەندییەکی هەوییەتی گلۆکالیزاسیۆنی هەیە.

ئێمە دەتوانین ئەم تایبەتمەندیی هەویەتی گلۆکالیزاسیۆنە لە پلەیەکی خوارەوەتر یانێ لە ئاستی زاراوە و ناوچەکانی کوردستانیشدا بە ڕوونی

ببینین. کرانەوە و وەگرکەوتنی سەدان و بگرە هەزاران ماڵپەڕی بچووکی گرووپی یان کەسیی کوردی تایبەت بە زاراوە بچووکەکانی کوردی، ناوچە و شارەکانی کوردستان و تەنانەت گوندەکانی کوردستانیش نموونەی پەرەگرتنی دیاردەی ناوچەگەری لە ئینتەرنێتی کوردیدان. من لێرەدا تەنیا دوو نموونەیەکی بچووک لەم دیاردەی ناوچەگەرییە لە ئینتەرنێتی کوردیدا بە نموونە دێنمەوە:

- زاراوەی هەورامی

زاراوەی هەورامی هەتا نیو سەدەیەک لەمەوبەر، زمانی سەردەستی نووسینی شیعری کوردی نە تەنیا لە ناوچەکانی هەورامان بگرە لە بەشێکی زۆر خاکی باشووری ڕۆهەڵاتی کوردستان بوو. دیالێکتی هەورامی لانی کەم مێژوویەکی چەند سەد ساڵەی هەژموونی لە زمانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا هەبووە. بەسەرهەڵدان و پەرەگرتنی نووسین بە کرمانجیی خوارووی لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان و بەتایبەتی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی، ورده ورده زاراوەی هەورامی کەوتە قەراخەوە و تەنانەت ئاخێوەرانی دیالێکتی هەورامیش بۆ خۆشیان لە زاراوەی هەورامی کەڵکیان وەرنەدەگرت. بەسەرهەڵدانی ئینتەرنێت و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، خەریکە جارێکی تر زاراوەی هەورامی گیانێکی نوێی وەبەر بخرێ.

ئیمرۆ بێجگە لەوە چەند ماڵپەڕ بەناوی هەورامان هەیە یەکێک یان دوو لەو ماڵپەڕانە بە تەواوەتی بە زاراوەی هەورامی دەردەچن. زاراوەی هەورامی نە تەنیا لە باسە ئاساییەکاندا بەکار دەبرێ تەنانەت نووسین و تێکستی قووڵی سیاسیشی پێ بڵاو دەکرێتەوە (وەک وەبیرهێنانەوە پێویستە بگوترێ کە پێشتر بێجگە لە شیعر، زۆر بەکەمی تێکست و نووسینی نەسر بەهەورامی بڵاو کراوەتەوە). وەک نموونە دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە وەرگێڕانی

کتێبێک لەسەر فیدرالیزم[٣٤]. لە زمانی سوێدییەوە بکرێ کە وەرگێڕدراوەتە سەر هەورامی و لە ماڵپەڕی هەورامان www.hawraman.com دانراوە. وەرگێڕانی کتێبێکی لەو بابەتە بۆ سەر هەورامی کە لە خۆیدا نووسینێکی ئەکادیمیی سوێدییە نیشان دەدا کە چ گرینگییەک بە ناوچە یان زاراوەیەکی ناوچەی دراوە. لێرەدا دەتوانین ئەو ئاکامە وەربگرین کە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، زاراوەیەکی کوردی کە مەترسیی مرانی لە نووسیندا هەتا دوێنێ وەبەر نرابوو، ئیمڕۆ ئەو شانسەی دراوەتێ کە جارێکی تر بگەڕێتەوە. ئەمەش لە خۆیدا یانێ فرە دەوڵەمەندتربوونی زاراوەی هەورامی و لە ئاکامیشدا زمانی کوردیش بەگشتی.

- شاری کرماشان و وێبلاگ و ماڵپەڕەکانی

ئیمڕۆ کەم شاری کوردستان هەیە کە لە ئینتەرنێتدا ماڵپەڕی تایبەتی بۆ چێ نەکرابێ. هەر لە لیستی لینکی ماڵپەڕەکانی ماڵپەڕی "دیمانە"دا دەتوانرێ دەیان ماڵپەڕی شار ببیندرێتەوە. بە چاوخشاندنێک بەو ماڵپەڕانەدا دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەی قورساییی کار خراوەتە سەر نووسینی پێوەندیدار بە شارەکانەوە و شارەکانن کە لە ناوەندی باسەکانی نێو ماڵپەڕەکەدان، بەڵام شارەکانیش وەک شارەکانی کوردستان یان بەشێک لە خاکی گشتیی کوردستان سەرەنجیان دراوەتێ. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ کە لە ڕێگەی شارێکەوە یان ناوچەیەکەوە، هەموو کوردستان ناسێندراوە. ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوە مێژوو و هەلومەرجی ئێستای شارەکان لە جاران باشتر بناسرێن.

بۆ نموونە بێجگە لە ٧٧ ماڵپەڕی فەرمی و نافەرمی کە بۆ کرماشان

---

٣٤. ناوی کتێب: Federalism
نووسەر: Petersson Olof ، پرۆفیسۆر لە زانستی سیاسی و بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە ناوەندیی SNS سوێدیساڵی چاپ: ٢٠٠٤.

داندراوه تەنیا لە لیستی وێبلاگەکانی کرماشاندا زیاتر لە ١٣٨ (ڕۆژێک دوای نووسینی ئەم نووسینە ژمارەی وێبلاگەکان بوون بە ١٤٠ و ڕەنگە ئێستاش لەو ژمارەیە زیاتر تێپەڕ بووبێ) وێبلاگ بە کوردی و فارسی بەهۆی کرماشانییەکانەوە کەوتوونەتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. وێبلاگەکان هەمەچەشنەن و هەر وێبلاگێک بیر و بۆچوون و تێڕوانینێکی جیاواز بڵاو دەکاتەوە وەک وێبلاگی فەرهەنگی، ئیتنیکی، سیاسی، کوردایەتی و هی تر. ئەم وێبلاگانە لە خۆیاندا بێجگە لەوە هەوییەتێکی ناوچەییان هەیە و نیشانەی گرینگیدان بە ناوچەیەکی تایبەتیان پێوە دیارە لە هەمان کاتیشدا کوردستانین و ناوچە نەک وەک تەنیا ناوچە بگرە ناوچە لە کۆنتێکستێکی بەرفرەی کوردستانیدا لەم وێبلاگانەدا خۆ دەنوێنێ. جۆرەوجۆریی ئەم وێبلاگانە لەلایەکی تریشەوە دەکرێ بگوترێ کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی خۆبەخۆی جۆرێک دیموکراسی لە ئینتەرنێتی کوردیدا. بۆچی دیموکراسی؟ چونکە ماڵپەڕ و وێبلاگە جۆرەوجۆرەکان، خوێنەرەکان بە تێگەیشتنی جیاوازی سیاسی و سەلیقەی جۆرەوجۆرەوە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

سەرچاوەکان:

Beck, Ulrich (1998), Vad innebär globaliseringen? :Missuppfattningar och möjliga politiska svar.Daidalos AB, Göteborg
http://www.hawraman.com/
http://www.kermanshahweb.com/4/req/Viewsite.asp
http://www.kermanshahweb.com/4/req/Viewsite.asp